

# ئاوارەیی
# گرفت و دەرفەت

پرۆفایلی شار و شارۆچکەکان: ئاوارەکان، پەنابەرانی ناوخۆ و کۆمەڵگای خانەخوێ

پارێزگای سلێمانی و کارگێڕی گەرمیان- هەرێمی کوردستانی عێراق

ئاب ٢٠١٦

چاپ کردنەوە و بڵاوکردنەوەی ئەم بەرهەمە بۆ مەبەستی پەروەردەیی یان هەر مەبەستێکی دیکەی نابازرگانی رێگەپێدراوە، بێ وەرگرتنی مۆڵەتی فەرمی لە خاوەنەکانی، بەڵام بەو مەرجەی ئاماژە بە سەرچاوەکەی بدرێت.

هەماهەنگی راپۆرت: شادمان محمود ( کۆمیسیاری باڵای کاروباری نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ کاروباری پەنابەران (UNHCR)

ئاسانکاری بۆ بەئەنجام گەیاندنی راپۆرت: مارگاریتا لۆندکیڤیست-هۆندۆمەدی (JIPS) پێر شێۆنینگ (JIPS/NRC)، جۆزیف مرکس، فرانس لاو وکەرەم هیندی (UNHCR)،
محمد حسن محمود (بەرێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی)، ئۆمێد بکر احمد (بەرێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی)، سیروان حمە فتاح (بەرێوە بەرایەتی ئاماری سلێمانی)، ئاراس جلال محمد (بەرێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی)، سۆران غفور سەلیم(بەرێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی)، ئاری حبیب احمد (UNHCR) هەروەها UNHCR ی تیمی کێڵگەیی و پارێزگاریکردن لە سلێمانی
ئامادەکاری ڕاپۆرت: رۆجەر گویو
نەخشەسازی: بەهار حەسەن (بەرێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی) عبدالخالق سعید (UNHCR)
تابلۆی بەرگ: هێمن گۆران (ئاکۆ)
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: هێمن مەحمود ئاغاباوە
پێداچوونەوەی زمانی کوردی: ڕێبوار حسن محمود (بەرێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی)

ئەندامانی لیژنەی ئاراستەکار لە هەرێمی کوردستانی عێراق: ئەنجومەنی پەنابەرانی هەولێر (ERC) رێکخراوی پەنابەرانی نێودەولەتی. ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان(JCC). کۆمیسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ کاروباری پەنابەران (UNHCR). بەرنامەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ نشینگە مرۆییەکان (UN-HABITAT). نوسینگەی تەنەوە یەکگرتوەکان بۆ هەماهەنگی کاروباری مرۆیی لە عێراق(OCHA). سندوقی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ کاروباری دانیشتوان (UNFPA).

راهێنانی ئەم پرۆفایلە لەلایەن فەرمانگەی پەرەپیدانی نێوەدەوڵەتی سەر بە حکومەتی بەریتانیا (DFID) خەرجی دارایی بۆ تەرخان کراوە.
کۆمیسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ کاروباری پەنابەران، لە مانگی حوزەیرانی ٢٠١٦ زانیارییەکانی کۆکردەوە، لە ئابی ٢٠١٦ ڕاپۆرتەکەی ئامادەکردو پاشان لە ئەیلولی هەمان ساڵدا لە چاپی دا.

چاپخانەی کاروان، هەولێر، هەرێمی کوردستان- عێراق
نەخشەسازی: ئەبوبەکر مەلا

# ئاوارەیی گرفت و دەرفەت

**پرۆفایلی شار و شارۆچکەکان:**

**ئاوارەکان، پەنابەرانی ناوخۆ و کۆمەڵگای خانەخوێ**

**پارێزگای سلێمانی و کارگێڕی گەرمیان- هەرێمی کوردستانی عێراق**

## النزوح السكاني: تحدي و فرصة

تحديد مواصفات (بروفايل) المناطق الحضرية

اللاجئين والنازحين و المجتمع المضيّف

محافظة سليمانية و إدارة گرميان ، إقليم كردستان العراق

# DISPLACEMENT AS CHALLENGE AND OPPORTUNITY

**URBAN PROFILE OF REFUGEES, INTERNALLY DISPLACED PERSONS, AND HOST COMMUNITY**

**SULAYMANIYAH GOVERNORATE AND GARMIAN ADMINISTRATION, KURDISTAN REGION OF IRAQ**

ئاب ٢٠١٦

---

Link to Erbil profile: http://data.unhcr.org/syrianrefugees/documents.php?page=1&view=grid&Language%5B%5D=1&Country%5B%5D=103&Search=%23profile%23

**Also, to find the current study, please write its full title for online research:**

*DISPLACEMENT AS A CHALLENGE AND OPPORTUNITY: DUHOK URBAN PROFILE OF REFUGEES, INTERNALLY DISPLACED PERSONS AND HOST COMMUNITY*

# پێشەکی

لەسەرەتای دەست پێکردنی قەیرانەکانی ئاوارەبوونی ناوخۆوە بە درێژایی چوار ساڵی رابوردوو و هەروەها کاریگەرییەکانی لەسەر هەرێمی کوردستانی عێراق، زانیاری و شیکاری بەرچاو لەبەردەست بووە، سەبارەت بە کاروباری ئاوارەی ناوخۆ و ئەو ئاوارانەی کە پەنایان بردۆتە بەر خێوەتگەکان. هاوکات لەگەڵ ئەو ووردبونەوەیە لەسەر کارکردنی کاروباری ناو خێوەتگەکان، باری دانیشتوانی دەرەوەی خێوەتگەکان و کۆمەڵگای خانەخوێ بۆ ماوەیەکی زۆر لەبەرچاو نەگیراوە. لە هەرێمی کوردستان، زۆرینەی ئاوارەکان (٦٠٪ لەکۆی ٢٥٠,٠٠٠) و ئاوارەی ناوخۆ و (٨٠٪ لە کۆی زیاتر لە یەك ملیۆن گەیشتونەتە هەرێمی کوردستانی عێراق دوا بەودوای مانگی کانونی دووەمی ٢٠١٤) کە لە ناوچە شارنیشنەکان ژیان بەسەر دەبەن، تێکەڵاوی و گونجاندنێك دروست بووە لەگەل کۆمەڵگای خانەخوێ، بە جۆرێك لەگەڵ زۆرینەی سەرچاوە دەگمەنەکان لە ژیانی ڕۆژانەدا هاوبەشی دەکەن.

بۆ مەبەستی ئاراستەکردنی حاڵەتی ئاوارە لە دەرەوەی خێوەتگەکان و هەروەها کاریگەرییەکەی لەسەر کۆمەڵگای خانەخوێ، زانیاری پێویست دەربارەی هەموو دانیشتوان، بەمەبەستی بونیادنانی کۆمەڵگایەکی جێگیرتر داواکراوە. ئەم کارە دەبێتە ئامانجی ئێستای پرۆفایلی راهێنانی شارنشین. ئەمرۆکە، پارێزگای سلێمانی و هەروەها سەرتاسەری هەرێمی کوردستان ڕوبەڕووی قەیرانێکی قورس بۆتەوە، کە بریتیەلە: ململانێی بەردەوام، ئاوارەبوونی بەردەوام، قەیرانی دارایی، لە کۆتاییدا ڕووبەڕوبونەوەی ئەم ئاستەنگانە. لێرەدا پێویستە وەرچەخانێك ڕووبدات لە ووردبونەوەی پلانەکان و گۆڕینی لە شێوازێکی فریاگوزاری بۆ شێوازی رێخکستنی کاری ئاست مامناوەند. لە پێناو وەدیهێنانی ئەو ئامانجە، پێویستە وێنای تەواوی حاڵەتی راگواستن لەبەر چاو بگیرێت، کە گەیشتۆتە ئەم ئاستە، ئەویش بریتیە لە: ئاوارەبوونی ناوخۆ، پەنابەران، هەروەها کۆمەڵگای خانەخوێیەکان.

ئەو کارە شادمانم دەکات کە دەبینم هەماهەنگی و هەوڵێکی باش هەیە بۆ جێبەجێ کردنی ئەو ئەرکە، کە تۆمارکردنێکی گشتگیری کۆمەڵگای ئاوارەکانە ( CRDP)، کە لەلایەن وەزارەتی پلان دانان-دەستەی ئاماری هەرێم لە ساڵی ٢٠١٥ جێ بەجێ کراوە، کە زانیارییەکانی وەك چوارچێوەی کار بۆ ئەم روپێوە کارهاتوون. ڕاهێنانی پرۆفایلی شارنشینەکە لەلایەن دەستەیەکی شارەزا و تایبەتی حکومەتەوە جێبەجێ کراوە، کە بریتیە لە دەستەی ئاماری هەرێم (KRSO)، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ناوەندی هاوبەشی قەیرانەکان(JCC) کە ئەمیش لەلایەن کۆمیسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران (UNHCR) و دەزگاکانی تری نەتەوە یەکگرتوەکان و هەروەها ناوەندی هەماهەنگی جنێف بۆ خزمەتگوزاری پرۆفایلی ئاوارەیی ناوخۆیی (JIPS) پشتگیری لێکراوە.

بەناوی وەزارەتی پلان دانان، کە کاری سەرەکی ڕاسپاردنی مامەڵە کردنە لەگەڵ ڕووبەڕوبونەوەی ئاوارەبوون لە حاڵەتی ئێستاماندا.

خۆش حاڵم کە سوپاس و پێزانینی خۆم دەربڕم بۆ هەوڵی هەموو ئەو کەسانەی کە ماندوو نەناسانە کاریان کردووە بۆ بەرهەم هێنانی ئەم پەرتوکە گرنگە. بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی هەماهەنگی زیاترین بۆ جێبەجێ کردنی راسپاردەی هاوبەشی گەشتر.

**د.علی سیندی**

**وەزیری پلان دانان**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان**

# پێزانین

ئەم هەڵسەنگاندنی پرۆفایلە لە مانگی حوزەیرانی ٢٠١٦ لە پێناو دەستەبەرکردنی پێداویستیەکان بۆ باری ئاوارە شارنشینەکان و ئاوارە ناوخۆییەکان و کۆمەڵگای خانەخوێ بە شێوەیەکی فراوان لە پارێزگای سلێمانی بە ئەنجام گەیەنراوە.

ئاواتەخوازین کە ئەم پرۆفایلی هەڵسەنگاندنە ببێتە کارێکی هاوبەش بۆ بونیادنانی سەرەتایەکی بەرچاو، هەروەها ببێتە سەرچاوەیەکی یارمەتیدەر بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان و هاوکاریە مرۆییەکان، بۆ پەرەپێدان بە هاناوە چونێکی درێژخایەن، بۆ چارەسەرکردنی خەڵکانی ئاوارەی دەرەوەی خێوەتگەکان و باشتر کردنی ژیانی ئەو کۆمەڵە خەڵکانەی لە ناوچە شارنیشنەکانی پارێزگای سلێمانی دەژین.

کاری ئەم هەڵسەنگاندنە لەلایەن بەڕێز د. علی سندی، وەزیری پلان دانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پارێزگاری سلێمانی وەك سەرەتایەك پاڵپشتی لێکرا. شادمانین بە دەربڕینی سوپاس و پێزانینی خۆمان.

ئەو کارانەی بە ئەنجام گەیشتوون، سەرئەنجامی کاری هاوبەشی نێوان کۆمیسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتوەکانە بۆ کاروباری پەنابەران و(UNHCR)، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای سلێمانی(DCO) و ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان(JCC)، خزمەتگوزاری هاوبەشی ئاوارەکانی ناوخۆیی (JIPS) کە لە ماوەی ئەو راهێنانەدا پاڵپشتی هونەرییان پێش کەش کرد.

هەروەها لە کۆتاییدا، خۆش حاڵین بە دەربڕینی سوپاس و پێزانینی خۆمان بۆ هەموو ئەو لایەنانەی کە لە پرۆسەی ئەو توێژینەوەیەدا بەشداربوون، هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانیەوە تا کارە مەیدانیەکان و کارە تەواوکارییەکانی. هەروەها سوپاس و پێزانینمان هەیە بۆ بەشداربوانی ۆرك شۆپ لە بەرێوبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگای سلێمانی، بەرێوەبەرایەتی گشتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی (DOLSA)، ناوەندی پارێزگای سلێمانی، ئیدارەی شاری هەڵەبجە، و ئیدارەی گەرمیان و شارەوانی ڕاپەرین، ناوەندی هاوبەشی هاماهەنگی قەیرانەکان(JCC)، هەروەها نوسینگەی تەنەوە یەکگرتوەکان بۆ هەماهەنگی کاروباری مرۆیی لە عێراق(OCHA)، سندوقی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ کاروباری دانیشتوان (UNFPA)، پرۆگرامی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ پەرەپێدان(ACTED)، (UNDP)، ڕێکخراوەی هاوکاری نێودەوڵەتی ئەڵمانی (MERCY)،(GIZ (BDM)، (REACH)،(CORPS)، ڕێکخراوی پەرەپێدانی شارستانی (CDO)، ڕێکخراوی چالاکی گەنجان(YAO)، ڕێکخراوی ناحکومی (DAHAT)، و(ARCHE-NOVA).

| | | |
|---|---|---|
| **محمود عوسمان مەعروف** | **ئان دۆلان** | **عومەر ئەحمەد ئەمین** |
| ئاماری سلێمانی | ڕێکخراوی UNHCR/سلێمانی | پارێزگای سلێمانی |
| Mahmood Othman Maroof | Anne Dolan | H.E. Omar Ahmed Ameen |
| Sulaymaniyah Statistics Office (SSO) | UNHCR Sulaymaniyah | Deputy Governor of Sulaymaniyah Governorate |

# ناوەرۆك


**١.پێشەکی و باکگراوند.......................................................................................... ٧**

پرۆفایل کردن بۆچی؟

**٢. ڕێبازی توێژینەوە................................................................................................ ٩**

**٣. ئاوارەکان کێن و لە کوێن؟............................................................................... ١٣**

١. دانیشتوانی ئاوارەکان لە نێو خێوەتگەکان و دەرەوەی خێوەتگەکان: پەنابەران و ئاوارەکانی ناوخۆیی

٢. دانیشتوانی پەنابەری ناوچە شارنشینەکان

٣. پێکهاتەی خێزانەکان

**٤. ناوچە شارنشینەکان تێکەڵاو بوون............................................................................ ١٩**

١. گۆڕانی داینامیکی لە ناوچە شارنشینەکان.

٢. نیشتەجێ بوون و باری ژیان و گوزەران .

٣. توانای خزمەتگوزارییە گشتیەکان و دەست پێ گەیشتنی هاوڵاتیان پێیان.

٤. تێکڵاوبوون و کارلێك کردنی کۆمەڵایەتی لە نێوان کۆمەڵگاکاندا .

٥. پاڵنەرە ئەرێنی و نەرێنییەکان: چۆڵ کردن، کۆچ کردن، هەروەها گەڕانەوە.

**٥. دامەزراندن و خستنەسەرکار لە ناوچە شارنشینەکان............................................... ٣٣**

١. باری کارکردنی دانیشتوان.

٢. نمونەی دابەش بوونی ئیش و کار بە پێی جوگرافیا.

٣. تێکەڵاوبوونی دانیشتوان لە چینی هێزی کار.

**٦. حاڵەتی خێزانەکان و باری دارایی ................................................................ ٤٣**

١. بودجەی خێزان

٢. قەرزاریی

٣. شکستباری و لاوازی لە ناوچە شارنشینەکاندا.

**٧. گرفتەکانی خوێندن.......................................................................................... ٦١**

**٨. دەرئەنجام وپێشنیارە گرنگەکان ............................................................................ ٦٥**

١. باری نیشتەجێ بوون

٢. پێکەوە گونجانی کۆمەڵایەتی لە ناوچە شارنشینەکاندا.

٣. بە هێز کردنی ڕێگاکانی ژیان و گوزەران.

٤. یارمەتی دارایی بۆ خێزانەکان.

٥. گرفتەکانی خوێندن.

٦. فراوان کردن و بەهێزکردنی دامەزراوەیی بۆ بەهاناوە چوون و وەڵام دانەوەی ماوەدرێژ و مامناوەند.

٧. پەیوەندی دروست کردن لە نێوان هاوبەش کارەکاندا، و هاریکاری کردن لە پلان دارشتندا.

**هاوپێچ...................................................................................................... ٧٣**

پرسیارەکانی تایبەت بە روپێوی خێزانەکان

پرسیارنامە بۆ گفتوگۆکردنی گروپە دەستنیشانکراوەکان

نموونەی مۆدێلی لاوازی ئابووری

خشتەی زانیارییە هەڵبژێردراوەکان

# ١. پێشەکی و باکگراوند

## پرۆفایلکردن بۆچی؟

### ناوەڕۆکی قەیران

پارێزگای سلێمانی، کە ژمارەی دانیشتوانەکەی دەگاتە ٢،٠٨ ملیۆن کەس، هەروەها ٢٦٠،٠٠٠ خەڵکی ئاوارەی تێدا نیشتەجێ بووە، (ئاوارەی ناوخۆیی و پەنابەران)، ئەم شارە دەکەوێتە بەشی رۆژهەڵاتی هەرێمی کوردستانی عێراق، کە هاوسنورە لەگەڵ وولاتی ئێران، بەشی باشوری ئەم پارێزگایە پێك هاتووە لە ئیدارەی گەرمیان (قەزای کەلار و کفری). پارێزگای سلێمانی لە ساڵی ٢٠١٢ بە شێوەیەکی بەرچاو باوەشی بۆ پەنابەرانی وولاتی سوریا کردەوە کە لە ناوچەکانی تری پارێزگاکانی هەولێر و دهۆك ڕوویان کردە ئەم پارێزگایە.

خێزانە ئاوارەبووەکانی ناوچەکانی تری سنوری ئەم پارێزگایە وەك ناوەراستی پارێزگای کەرکوك و سەلاحەدین و دیالە، لە ساڵی ٢٠٠٣ ڕوویان لە ناوچەکانی پارێزگای سلێمانی کرد و ئەم شارە بوو بە پەناگایەك بۆ ئەو ئاوارانە، ئەمە لە کاتێکدا کە کۆمەڵگای خانەخوێ و ئیدارەی خۆجێیەتی ناوچەکان هەر لە ساڵی یەکەمەوە ڕووبەڕووی کاریگەرییەکانی ئەو قەیرانە بوونەوە.

خراپتربوونی باری ئاسایشی بەشەکانی تری عێراق و تەشەنەکردنی قەیرانی دارایی، کاری کردە سەر هەردوو کەرتی ئابوری (تایبەت، گشتی) کە حکومەتی خستۆتە تەنگژەیەکی گەورەوە. کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەند، هەرێمی تووشی قەیرانی دارایی کردەوە، بە شێوەیەك لە ماوەی ٣ ساڵی رابوردودا بە شیوەیەکی نارێك و پچرپچر لە حکومەتی عێراق بودجە وەرگیراوە. سەرەڕای ئەوەش یاسایەکی تایبەتی باج لە هەرێمی کوردستانی عێراق لە ئارادا نیە، تاوەکو ببێتە پاڵپشتێکی دارایی بۆ بودجەی کوردستان.

حکومەتی هەرێمی بە زۆری پشت دەبەستێت بە دەرهێنان و پاڵاوتن و فرۆشتنی بەرهەمی نەوتی خۆی، ئەویش لە پێناو پڕکردنەوەی خەرجیەکانی، لەگەڵ ئەوەشدا پاش دابەزینی نرخی نەوت لەسەر ئاستی جیهانی بە ڕێژەی ٧٠٪ کەلە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠١٤دەستی پێ کرد، داهاتی نەوت بە شێوەیەکی بەرچاو کەمی کرد، ئەم کەمبونەوەیە بووە هۆی سنوردارکردن و پەکخستنی گەشەسەندن لە کەرتەکانی خزمەتگوزاری گشتی، بەتایبەت کەرتی خوێندن و چاودێری تەندروستی.

هەموو ئەم گرفتانە (ناکۆکیەکان، ئاوارەبوون، ئابوری لاواز ) بە شێوەیەکی نەرێی کاریگەرییان هەبووە لەسەر کارەکانی حکومەت و خێزانەکان، دەرچوونی کەرتی تایبەت لەو قەیرانە، هەروەها دابین کردنی حزمەتگوزارییە گشتیەکان لە پارێزگای سلێمانی و لەسەرتاسەری هەرێمی کوردستانی عێراق بە گشتی، بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە، پێویستە شیکارییەکی ڕیشەیی تەواوی بۆ بکرێت. ئەم راهێنانی پرۆفایلە لە هەلومەرجێکی ئاڵۆزدا بەرێوەدەچێت و کاریگەری گەورەی دەبێت لەسەر هەموو چینەکانی کۆمەڵگا لە دەرەوە و لە ناوەوە.

**(ناکۆکیەکان، ئاوارەبوون، ئابوری لاواز ) بە شێوەیەکی نەرێی کاریگەرییان هەبووە لەسەر کارەکانی حکومەت و خێزانەکان، دەرچوونی کەرتی تایبەت لەو قەیرانە، هەروەها دابین کردنی حزمەتگوزارییە گشتیەکان لە پارێزگای سلێمانی و لەسەرتاسەری هەرێمی کوردستانی عێراق بە گشتی**

لەبەرئەوە کارێکی گرنگە و بە تەواو بوونی ئەم پرۆژەیە، زانیارییەکی زۆر فەراهەم دەبێت لەسەر ئەو خێزانانەی کە پەنایان بردۆتە بەر خێوەتگەکان، لە خێزانە ئاوارە ناوخۆییەکان و پەنابەرەکان، ئەمەش بەشیکارییەکی نوێ و بەراوردکار لەگەڵ ئەو خێزانانەی کە لەدەرەوەی خێوەتگەکاندا لە ناوچە شارنشینەکاندا ژیان دەگوزەرێنن. هەروەها کارێکی گرنگە کە شان بەشانی ئەو دانیشتوانانە پیاچونەوە بۆ پێویستیەکانی کۆمەڵگای خانەخوێ بکرێت، بۆ ئەوەی ئەو ستراتیجیەتە ببێتە هۆکاری هێورکردنەوەی کاریگەرییەکانی ئاوارەبوون و سوودبەخش بێت بۆ گشت لایەك.

بۆ ئەو مەبەستە، راهێنانی پرۆفایل جێبەجێ کرا: کە مەبەست لێی وەڵام دانەوەی ئەو پێویستیە شیکارییە قوڵانەیە سەبارەت بە حاڵەتی ئاوارە شارنشینەکان بۆ هەردوو کۆمەڵگای ئاوارە و خانەخوێ لە پارێزگای سلێمانی.

هەمان لێکۆڵینەوە بۆ هەرێمی کوردستان لە پارێزگای هەولێر لە حوزەیران٢٠١٦ و پارێزگای دهۆك لە ئابی ٢٠١٦ کۆتایی پێهات.

## ڕێبازی لێکۆڵینەوە لە شارنشین بۆچی؟

وەك بەرێز دکتۆر علی سندی وەزیری پلان دانان لە پێشەکی ئەم ڕاپۆرتەدا ئاماژەی پێدا، پێویستە جەخت لەسەر حاڵەتە ماوە درێژەکان بکەینەوە لە بری حاڵەتە کتوپڕەکان و هەروەها ناوچە شارنیشنەکان بکرێتە کرۆکی بابەتەکە. لە دۆخێکی وەك ئەوەی پارێزگای سلێمانی، دوو هۆکار هەیە بۆ ئەو بابەتە. یەکەم، نزیکەی ٨٦٪ لە ئاوارەی ناوخۆ و پەنابەران لە شارو شارۆچکەکاندا ژیان دەگوزەرێنن، بە تایبەتی لە ناوەندی قەزای سلێمانی، کە سەرەکیترین ناوەندی شارنشینە .

دووەم، سنوری جوگرافی پارێزگای سلێمانی نزیکەی نیوەی هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە، ناوەندی شارنشینەکان بە درێژایی ناوچەکە بڵاوبونەتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی دروست کردنی گرفتێکی گەورە بۆ ئەو کارمەندانەی کە بەرنامەی کارکردنەکە بەڕێوە دەبەن بۆ پێویستیەکانی کۆمەڵگای دەرەوەی خێوەتگەکان: زیاتر لە سێ کاتژمێر بە ڕێگاوە دەبن، کە ناوەندی قەزای سلێمانی جیادەکاتەوە لە بەشی باشوری قەزای کەلار.

لە کۆتاییدا، ناوچە شارنشینەکان ناوچەیەکی داینامیکی پێشکەش دەکەن بە کۆمەڵگا تازە ئاوارەبووەکان، کە پەرە بە ستراتیجیەتی گوزەرانی خۆیان ئەدەن. لەبەرئەوە خێزانەکان زیاتر حەز بە گوزەران و ژیانی شار دەکەن، ئەمە سەرەڕای ئەو گرفتانەی کە تووشیان دەبێتەوە وەك: گرانی ئاستی بژێوی شار، دەست کەوتنی کار، هەروەها گونجاندنی کۆمەڵایەتی.

**ناوچە شارنشینەکان ناوچەیەکی داینامیکی پێشکەش دەکەن بە کۆمەڵگا تازە ئاوارەبووەکان، کە پەرە بە ستراتیجیەتی گوزەرانی خۆیان ئەدەن. لەبەرئەوە خێزانەکان زیاتر حەز بە گوزەران و ژیانی شار دەکەن**

## ئامانجەکانی ئەم پڕۆفایلە

:

ئامانجی سەرەکی ئەم هەڵسەنگاندنە بریتییە لە: دامەزراندنی بنکەیەکی بەڵگەنامەیی بۆ ڕێباز و پەیڕەوی کردنی پێشنیازەکان بۆ حکومەت و کاربەدەستان، ڕێکخراوە مرۆییەکان، کارمەندانی پەرەپێدەری گشتگیری مرۆیی بۆ بەهاناوەچوون و وەڵام دانەوەی ماوەدرێژ و مامناوەند بۆ نیگەرانیەکانی کۆمەڵگای ئاوارەی دەرەوەی خێوەتگە.

**ئامانجە تایبەتیەکانی ئەم پڕۆفایلە بریتیە لە:**

- دەستەبەرکردنی پڕۆفایلێکی دیموگرافی پۆلێن کراو لەسەر ئاستی ڕەگەز، تەمەن، باری ئاوارەیی( بۆنمونە: پەنابەرەکان، ئاوارەی ناوخۆیی، هەروەها کۆمەڵگای خانەخوێ و جیاوازی لەو ناوچانەی کە کراون بە ئامانج.
- دەستەبەرکردنی پڕۆفایلەکانی ناوچە شارنشینە جیاوازەکان بە بایەخێکی تەواوەوە بۆ دانیشتوانی کۆمەڵگای ئاوارەی دەرەوەی خێوەتگە.
- بۆ شیکارکردنی تواناکان، شکستباری، هەروەها ڕێگاکانی چۆنێتی مامەڵەکردنی ئەو دانیشتوانانەی لە ناوچە بە ئامانجکراوەکان نیشتەجێن .
- شیکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئاوارەکان و ئەو دانیشتوانانەی بە هۆی ئاوارەکانەوە زیانیان پێگەیشتوە.
- بۆ دەستەبەرکردنی بنکەیەکی زانیاری بەسوود و بەردەست بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان و ڕێکخراوە مرۆییەکان و ئەو ڕێکخراو و دەزگایانەی کە لە بواری پەرەپێدانی کۆمەڵگا کاردەکەن.

لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان، هاوبەشیان پێکراو پەسەندکران لەگەڵ لایەنە هاوبەشکارەکانی حکومەت و دەزگاکانی نەتەوە یەکگرتوەکان و ڕێکخراوە ناحکومیەکان، لە میانەی مێزگردێکی کارکردندا کەلە شاری سلێمانی بەڕێوەچوو لە مانگی تەمموز٢٠١٦.

پاشان ڕەخنە و پێشنیار لە نێوان لایەنە بەشداربووەکان سەبارەت بە ڕاپۆرتەکە ئاڵوگۆڕکران. لە ڕاستیدا، ئەم ڕاپۆرتە بە هەوڵ و کۆششی هەموولایەك هاتۆتە بەرهەم لە نێوان لایەنە هاوبەش کارەکان، ئەمەش ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە لە وەڵام دانەوە بۆ لایەنە مرۆییەکان سەبارەت بە قەیرانی ئاوارەیی لە پارێزگای سلێمانی.

# ٢. ڕێبازی توێژینەوە

## پێشەکی و میتۆدی توێژینەوەکە

مەبەست لەم راهێنانی پرۆفایل کردنە شیکردنەوەیەکی چڕوپڕی رەوشی ئاوارەکانە، لە ناوچە جیاوازە شارنشینەکان، کە کۆمەڵگا ئاوارەکانیان لە خۆگرتوە و هەروەها هەموو کۆمەڵە دانیشتوانەکانیەو شارنشینانە کە کەوتونەتە ژێر کاریگەری لێشاوی ئاوارەکان کەلەو ناوچانەدا دەژین (بۆنمونە: پەنابەرە سوورییەکان، ئاوارە ناخۆییەکان هەروەها کۆمەڵگای خانەخۆێ).

ئامانج لێرەدا تەنها شیکردنەوە و دەرخستنی جیاوازییەکانی نێوان (دانیشتوانی ـ مەبەست) نییە، بەڵکو هەمەجۆری لە نێوان ناوچە شارنشینەکان لە پارێزگاکەدا دەردەخات، کە هەر بەشێکی ئەو پارێزگایە وێنایەکی داینامیکی جیاواز و ڕاستیەکی کۆمەڵایەتی-ئابوری جیاواز دەخاتەڕوو. شێواز و میتۆدی تێکەڵاو بەکار هاتووە، کە چۆنێتی و چەندێتی شێوازی کۆکردنەوەی زیانارییەکان لە خۆدەگرێت، پیاچوونەوەی نوسینگەیی، ڕوپێوی ڕەوشی خێزانەکان، چاوپێکەوتن لە سەرچاوەی سەرەکی زانیارییەکان، گفتوگۆکانی گروپە دیاریکراوەکان(FGD).

## بە دواداچوونی ڕێبازی ناوچە دیاری کراوەکان

ئەم پرۆفایلە بە دواداچوون بۆ ناوچەی شارنشین و نیمچە شارنشینەکان دەکات لەسەرتاسەری پارێزگاکە، ئەویش بە تێڕوانینێکی قوڵی پەنابەران و ئاوارەناخۆییەکان[1]. بەمەبەستی شیکاری ناوچە دیاریکراوەکان، ئەو ناوچانە کراون بە شێوازی سێ کۆمەڵە بە چینی جیاوازی جیۆگرافی، کەبە ڕێژەیی شیکاری بۆ دەکرێت، (ڕوون کردنەوەی تایبەتمەندی هەر ناوچەیەك لەم بەشانەی لای خوارەوە دەستەبەردەکرێت):

- **ناوچەی ناوەندی قەزای سلێمانی، لەبەرئەوەی ناوەندی قەزایە بۆیە زۆرترین ژمارەی ئاوارە ناوخۆییەکان و پەنابەرانی بەرکەوتووە.**
- **ناوەندی ناوچەکانی دەوروبەر، کە ناوەندی قەزاکانی دەوروبەری پارێزگای سلێمانی لە خۆدەگرێت، بەهەمان ژمارەی لێشاوی ئاوارە ناوخۆییەکان و پەنابەران.**
- **ناوەندی قەزای کەلار و کفری، بریتین لەو ناوچانەی کە گرنگییەکی تایبەتیان هەیە بۆ هاوبەشکارە مرۆییەکان و پێدانی پێشەنگی کارکردنی ئاست بەرز بۆ لایەنە مرۆییەکان.**

## ڕوپێوی باری خێزانەکان: زانیارییە چەندێتی

١,٢٠١ خێزان وەك نمونەی ڕوپێویەکە وەرگیرا، (٣٩٩ لە کۆمەڵگای خانەخۆێ، ٤٠١ ئاوارەی ناوخۆ، هەروەها ٤٠١ پەنابەر)، ئاستی جیاواز بە پێی دانیشتوان و ناوچە جیۆگرافییەکان (شێوەی ١). ئەم ڕوپێوە لە مانگی ئایار-٢٠١٦ لەلایەن بەرێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای سلێمانی جێبەجێ کرا و ئەم بابەتانەی لای خوارەوەی گرتەخۆێ:

- **پێکهاتەی خێزان (تەمەن، ڕەگەز، پەیوەندیە خێزانیەکان)**
- **ڕەوشی خوێندن (چوون بۆ قوتابخانە، دەستکەوتەکانی فێرکردن، خوێندەواری)**
- **کارکردن (ڕەوشی کارکردن، پیشەکان، پیشەسازی، داهات، شێوازەکانی خستنەسەرکار)**
- **نیشتەجێ بوون (شوێنی نیشتەجێبوون، هاوبەشی پێکردنی شوێن، چۆڵ کردن، نرخەکانی بەکرێ گرتن)**
- **ستراتیژەکانی ژیان و گوزەران ( سەرچاوەکانی داهات، خەرجیەکان، قەرزاری، شێوازەکانی خۆگونجاندن، موڵك و سامانی دانراو)**
- **گواستنەوە (مێژووی کۆچکردن، ئامانجەکانی داهاتوو، گەڕانەوە)**

نمونەکە لە ناحیەکانی ناوچە مەبەستەکان وەرگیراون کە لەگەڵ قەبارەی هەر کومەڵە دانیشتوانێکی ئەو ناحیانە گونجاو بوون (خشتەی ١). بەرێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی کارئاسانی کرد بوو بۆ وێناکانی دانیشتوان لە کۆمەڵگای خانەخۆێ و ئاوارە ناوخۆییەکان، ئەمەش بە پشت بەستن بە زانیارییە ناوخۆییەکانی سەرژمێری کە لە ساڵی ٢٠١٥ جێبەجێ کرابوو، کە بریتی بوو لە وێنای ئاوارە ناوخۆییەکان، پێش و دوای ساڵی ٢٠١٤، وێناکانی پەنابەران لەلایەن کۆمیسیاری نەتەوە یەکگرتوەکان بۆکاروباری پەنابەران(UNHCR) تەرخان کرابوون.

لە پاشاندا، دانیشتوان هەڵسەنگاندنیان بۆکرا و جێبەجێ کرا لەمیانەی شیکارییەکان، ئەمەش بۆ دەستکەوتنی ئامانجێك بوو کە بتوانرێت بگونجێنرێت لەگەڵ هەموو ناوچە شارنشینەکان لەسەر ئاستی پارێزگا. قەبارەی نمونەی بەکارهاتوو ڕێگا دەدات بە دەرئەنجامێکی ئاماری گرنگ بە ڕێژەی ٥٪ بە پەراوێزی جیاوازی هەڵە بۆ هەر چینێکی جوگرافی، جگە لە ناوچەکانی کەلار و کفری (ئەنجامەکان زۆر گرنگن بە ڕێژەی ١٠٪ لە پەراوێزی جیاوازی هەڵەکان لەبەر هۆکاری بچوکی نمونەی بەردەست). هەروەها ئەنجامەکان نوێنەرایەتی هەر کۆمەڵە دانیشتوانێك دەکەن بە ڕێژەی ٥٪ی پەراوێزی جیاوازی هەڵەکان.

---

١. ناوچە داپۆشراوەکان بریتی یە ئەو ناوچانەی کە جێگای لێپرسراوێتی کردارەکانی ڕێکخراوی تەنەوە یەکگرتوەکانە بۆ کاروباری پەنابەران UNHCRکە هیچ نوێنەرایەتی سنورەکانی کارگێری فەرمی ناکات

شێوەی ١:دابەش بوونی ئەو خێزانانەی کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە لە ناوچەی بە ئامانجکراو لەسەر ئاستی چینی جوگرافی.



خشتەی ١. نموونەی وەرگرتنی ئەو خێزانانەی کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە بۆهەر کۆمەڵەی دانیشتوانێك و چینێك

| کۆی گشتی دانیشتوان | کۆی گشتی | پەنابەران | ئاوارەی ناوخۆیی | کۆمەڵگای خانەخوێ | چینەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| 963,390 | 672 | 281 | 203 | 188 | ناوەندی قەزای سلێمانی |
| 272,280 | 156 | 24 | 84 | 48 | کەلار و کفری |
| 823,141 | 373 | 96 | 114 | 163 | ناوەندی ناوچەکانی دەوروبەر |
| 2,058,811 | 1,201 | 401 | 401 | 399 | **کۆی نموونەی وەرگیراو** |

## گفتوگۆکانی گرووپە دیاریکراوەکان (FGD): زانیارییە چۆنایەتیەکان

ئامانجی گفتوگۆکانی گرووپە دیاریکراوەکان(FGD) بریتی بوو لە دابینکردنی زانیاری پڕاوپڕ و ڕێکخستنەوەی ووشەکاری لە هەندێ بابەت کە گفتوگۆیان لەسەرکرابوو، لە ڕوپێوی خێزانەکاندا.

لەسەر بنەمای لێکۆلینەوە سەرەتاییەکان لە ڕوانگەی ڕوپێوەکەوە، زانیاری زێدەتر کۆکرایەوە بۆ گفتوگۆی گرووپە دیاریکراوەکان و دەرکەوتنی پەیوەندی نێوان کۆمەڵگاکان و لێکدانەوەکان بەمەبەستی تێگەیشتنی باشتر لە تێکەڵاوبوونی کۆمەڵایەتی نێوان کۆمەڵگاکان، هەروەها خواستی زیاتر لەسەر کۆچکردن.

بیروبۆچوونی کۆمەڵەکانی ئاوارە ناوخۆییەکان و پەنابەران لە ڕێنمایی پێشتری گفتوگۆکانی گرووپە دیاریکراوەکانی کۆمیسیاری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆکاروباری پەنابەران، لەگەڵ ئافرەتان ئەنجامدار بوو، پیاوان، باڵق و گەنجان لە ساڵی ٢٠١٥.

جگە لەوە بۆ مەبەستی وەرگرتنی بیروبۆچوونی کۆمەڵگای خانەخوێ بۆ ئەم هەڵسەنگاندنە،٨ گفتوگۆکانی گرووپە دیاریکراوەکان لەگەڵ دانیشتوانی ناوخۆیی کۆمەڵەکانی ئافرەتان، پیاوان، خوێندکاران جێبەجێکرا. گفتوگۆی ئەم گرووپە دیاریکراوەکانە لەلایەن کۆمیساری نەتەوەیەکگرتووەکان لە مانگی ئایار و حوزەیران٢٠١٦ جێبەجێکرا.

> **شێواز و میتۆدی تێکەڵاو بەکار هاتووە، کە چۆنێتی و چەندێتی شێوازی کۆکردنەوەی زانیارییەکان لە خۆدەگرێت، پیاچوونەوەی نوسینگەیی، ڕوپێوی ڕەوشی خێزانەکان، چاوپێکەوتن لە سەرچاوەی سەرەکی زانیارییەکان، گفتوگۆکانی گرووپە دیاریکراوەکان(FGD)**

## سنوردارییەکان

ئەنجامەکان لەسەر ئاستی قەزا لە ڕووی ئامارییەوە گرنگیان نیە، ئەمەش لەبەر نەبوونی قەبارەیەکی تەواوی نموونەکان لە زۆرینەی قەزاکان، بەوشێوەیە دابینکردنی ئەنجامەکان بە پەراوێزی جیاوازی هەڵەکان گەورەترە لە کەمترین پێوەر بە ڕێژەی ١٠٪.

لەبەرئەوە، ئەنجامەکان بە پۆلێنکراوی لەسەر ئاستی قەزا لە پرۆسەی شیکاری زانیارییەکان دەرکەوت، بەڵام لە سەر ئاستی جوگرافی کراون بە سێ کۆمەڵ: (قەزای ناوەندی سلێمانی، ناوەندی ناوچەکانی دەوروبەر، هەروەها کەلار و کفری).

لە هەندێ حاڵەتدا، هەندێ شێوە ناوەندی ناوچەکانی دەوروبەر دابەش دەکات بەسەر دوو بەشی پۆلێنکراو: ناوچەکانی دەوروبەر کە بە لێشاوی گەورە ئاوارە ڕووی تێکردووە، ئەمە لەلایەکەوە، لەلایەکی ترەوە ناوچەکانی دەوروبەری تر کە لێشاوێکی کەمتر ئاوارەیان بەرکەوتوە (بڕوانە خشتەی٢ لە بەشی دووەم).

ئەمە کارئاسانی زیاتر دەکات بۆ پیادەکردن و شیکاری مەودا فراوانتر، بەڵام پێویستە ئەوە لەبەرچاوبگیرێت کە پەراوێزی جیاوازی هەڵەکان بۆ هەردوو بەشە کۆمەڵەکە، هێشتا بڕێك گەورەترە بە بەراورد لەگەڵ کەمترین پێوانە بە ڕێژەی١٠٪.



دیمەنی شاری سلێمانی، وێنەگر: هەڵۆ لانۆ، ٢٠١٥

# ٣. ئاوارەکان کێن و لە کوێن؟

## گفتوگۆکردن و کورتەی لێکۆڵینەوە سەرەکیەکان

لە کاتێکدا کە ٨٦٪ی پەنابەران و ئاوارە ناوخۆییەکان لەگەڵ کۆمەڵگای خانەخوێ دەژین لە پارێزگای سلێمانی، دیاردەی ئاوارەیی بە شێوەیەکی بەرچاو لەم پارێزگایە دەبینرێت.تەنها ٢٥٪ لە کۆی ٣١,٠٠٠ پەنابەر و ١٢٪ لەکۆی ٢٢٩,٠٠٠ ئاوارەی ناوخۆیی کەوتونەتە خێوەتگەکان، زۆرینەیان لە ناوچەکانی باشورن،واتا نزیك بەو ناوچانەی خۆیان کە ئاوارە بوون تیایدا .٢,٠٨ ملیۆن لە دانیشتوانی کۆمەڵگای خانەخوێ، ئەوە دەگەیەنێت کە کۆی گشتی ژمارەی دانیشتوان زیادی کردووە بە ڕێژەی ١١٪ لە ماوەی ٤ ساڵی رابوردودا (کە١٣٪ بریتیە لە دانیشتوانی ئاوارەی ناو خێوەتگەکان).

دانیشتوانی ئەو ناوچە شارنشینانەی کە لەم هەڵسەنگاندنەدا بەرکەوتووە، بریتیە لە ٢,٠٦ ملیۆن کەس(٨٧٪ بریتیە لە کۆمەڵگای خانەخوێ، ١٢٪ئاوارەی ناوخۆ، هەروەها١٪ پەنابەرەکانن).

بەمەبەستی ئەم هەڵسەنگاندنە، ئەو ناوچانە دابەش بوون بە سەر سێ ئاستی جوگرافی: قەزای ناوەندی سلێمانی،کەلار و کفری، هەروەها ناوەندی ناوچەکانی دەوروبەر. ناوەندی قەزای سلێمانی گەورەترین ناوچەی شارنشینە، کەنزیکەی نیوەی کۆی دانیشتوانی ئەو ناوچەیەی تێدا کۆبۆتەوە. زۆرینەی پەنابەران و نزیکەی نیوەی ئاوارەی ناوخۆ، لەو ناوچەیە دەژین. لە سەرئەنجامدا، زیادبوونی دانیشتوان نزیك بۆتەوە لە ڕێژەی٢٠٪، بە شێوەیەکی سەرەکی لە ناوچە نیمچە شارنشینەکان و قەراغ شار کۆبونەتەوە، وەك: قرگە، بەکرەجۆ، راپەرین، تاسلوجە.

ئاستەکان پێك هاتوون لە ناوەندی ناوچەکانی کەلار و کفری کە بە پلەی دووەم دێت لە میوانداری گەورەترین ژمارەی ئاوارە ناوخۆییەکان(کەمتر لە پەنابەرە سوورییەکان). ناوەندی هەردوو ناوچە شارنشینەکان، دەکەونە ژێر کاریگەری پشێوی و شێواویەوە، ئەویش بەهۆی نزیکیان لەو ناوچانەی کە ناکۆکیان لەسەرە و هێشتا سەقامگیر نەبوون.

لە کۆتاییدا، ناوەندی ناوچەکانی دەوروبەر کە ئەو ناوچە شارنشینانە لە خۆدەگرێت بە پانتایی پارێزگاکە کە بەهەمان شێوە لێشاوێك لەئاوارە ناوخۆییەکانی وەرگرتووە، ژمارەی دانیشتوان لە هەندێ لەو ناوچانەدا زیادی کردووە بە ڕێژەی١٠٪، بەتایبەتی بەشی رۆژهەڵات و باشوری ئەو ناوچانە (ناوچەی هاوینە هەوارەکانی دوکان و دەربەندیخان، هەروەها ناوچەی چەمچەماڵ، ناوچە سنورییەکانی پارێزگاکانی کەرکوك و سەڵاحەدین کە زۆرینەی ئاوارە ناخۆییەکان لێوەی هاتوون، لە ناوچەکانی ناوەوە زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان بە ڕێژەی ٥٪تێپەڕی نەکردووە لە زۆرینەی حاڵەتەکاندا.

ناوەندی قەزاکان ئەو هەڵسەنگاندنە ناگرێتەوە کە لێشاوی ئاوارەبوونی ناوخۆیی و پەنابەران ڕوو تێنەکردوون. هەرسێ کۆمەڵەی دانیشتوان (کۆمەڵگای دانیشتوان، ئاوارە ناوخۆییەکان، پەنابەران) چەند جیاوازییەکی سەرەکی دەردەخەن، لە ڕووی تایبەتمەندی دیموگرافیەوە. ئاوارەکانی ناوخۆ زۆرترین ئەو پێگەیە داگیردەکەن، بە ڕێژەی ٧,٧ ئەندام بە تێکڕا، لە کاتێکدا کە تێکڕای قەبارەی خێزانی پەنابەران و کۆمەڵگای خانەخوێ بریتیە لە ٥,٥.

**دانیشتوانی ئاوارە ناوخۆییەکان و پەنابەران بە شێوەیەکی ڕێژەیی گەنجترن بەراورد بە کۆمەڵگای خانەخوێ. لە کۆی ٥٤٪ لە دانیشتوانی ئاوارەی ناوخۆیی و پەنابەران لە خوار تەمەنی ١٩ ساڵەوەن**

زیاتر لەوە، دانیشتوانی ئاوارە ناوخۆییەکان و پەنابەران بە شێوەیەکی ڕێژەیی گەنجترن بەراورد بە کۆمەڵگای خانەخوێ. لە کۆی ٥٤٪ لە دانیشتوانی ئاوارەی ناوخۆیی و پەنابەران لە خوار تەمەنی ١٩ ساڵەوەن، لە کاتێکدا ئەمە حاڵەتی ٤٣٪ کۆمەڵگای خانەخوێیە. لەبەرچاوگرتنێکی گرنگتر سەبارەت بە کاریگەرییەکانی ئاوارەیی کە بریتی یە لە ١٨٪ لە کۆی گشتی دانیشتوانی پەنابەر و ٧٪ لە کۆی گشتی دانیشتوانی ئاوارەی ناوخۆیی لە کاتی ئاوارەیی لە دایك بوون.

## ١. دانیشتوانی ئاوارەی ناوخۆیی خێوەتگەکان و دەرەوەی خێوەتگەکان: پەنابەران و دانیشتوانی ئاوارەی ناوخۆیی

پاڵپشت بە زانیارییەکانی کۆمیسیاری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆکاروباری پەنابەران لە ٣١ ئاباری ٢٠١٦، دەرکەوتوە کە پارێزگای سلێمانی میوانداری ٣٠,٧٢٤ پەنابەری کردووە، کە نزیکەی ١٢٪ ئەو ژمارەیە لە ئاوارەکانی ناوخۆی عێراق-ئەو ژمارەیە بە جێگیری ماوەتەوە لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٤.

سەرەڕای ئەوە، بە گوێرەی زانیارییەکانی تۆماری گشتگیری بۆدانیشتوانی ئاوارەکان کە دەستەی ئاماری هەرێم بە ئەنجامی گەیاندوە لە مانگی حوزەیرانی ٢٠١٥، دەرکەوتوە کە ئەو پارێزگایە میوانداری ٢٢٩،٢٨٦ ئاوارەی ناوخۆی کردووە، بە هەمان شێوە ژمارەی ئەو خێزانانەش لە خۆ دەگرێت کە پێش ساڵی ٢٠١٤ ئاوارەبوون.

سەرەئەنجام، دابەشبوونی دانیشتوان، لە پارێزگای سلێمانی پاش دواترین لێشاوەکانی ئاوارەیی، بەشێوەیەکی بەرچاو گۆرانکاری بەسەردا هاتوە(شێوەی٢). لە کۆی ٨٩٪ دانیشتوان کە بریتین لە کۆمەڵگای خانەخوێ، ١٠٪ کە بریتین لە ئاوارەی ناخۆ، هەروەها ١٪ کە بریتیە لە پەنابەران، ئەو ژمارەیە وێنای گشتی هەردوو دانیشتوانی دەرەوەی خێوەتگە و ناو خیوەتگە پێك دەهێنن.

لەگەڵ ئەوەشدا، زۆرینەی هەردوو دانیشتوانی ئاوارەی ناوخۆیی و پەنابەران لە خێوەتگەکاندا نیشتەجێ نەبوون، بەڵکو لە نێو کۆمەڵگای خانەخوێ نیشتەجێ بوون (شێوەی٣).

هەرچەندە خێوەتگەی پەنابەران و ٨ خێوەتگەی ئاوارەکانی ناوخۆیی بوونی هەیە لە ناوچەکەدا، ٧٥٪ لە پەنابەران و ٨٨٪ لە دانیشتوانی ئاوارەی ناوخۆیی لە ناوچە شارنشین و گوندنشینەکان دەژین، ئەوە گرنگی جێبەجێ کردنی شیکارییەکی چڕوپڕ دەردەخان بۆ دانیشتوانی دەرەوەی خێوەتگەکان و هاوشان لەگەڵ دانیشتوانی خانەخوێکان.

**هەرچەندە خێوەتگەی پەنابەران و ٨ خێوەتگەی ئاوارەکانی ناوخۆیی بوونی هەیە لە ناوچەکەدا، ٧٥٪ لە پەنابەران و ٨٨٪ لە دانیشتوانی ئاوارەی ناوخۆیی لە ناوچە شارنشین و گوندنشینەکان دەژین**

شێوەی٢. دابەشبونی کۆی دانیشتوان لە پارێزگای سلێمانی لە نێوان کۆمەڵگای خانەخوێ، ئاوارەی ناوخۆی، پەنابەران.

کۆی گشتی دانیشتوان



خشتەی٢. دابەشبوونی دانیشتوان لە ناوچە بە ئامانجکراوەکانی پرۆفایلەکە (ناوچە شارنشینەکانی پارێزگای سلێمانی) لەسەر ئاستی قەزا

| قەزا | کۆمەڵگای خانەخوێ | ئاوارەی ناوخۆیی | پەنابەران | کۆی گشتی دانیشتوان | ٪زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان بە هۆکاری ئاوارەبوونەوە |
|---|---|---|---|---|---|
| سلێمانی | 811,175 | 132,779 | 19,436 | 963,390 | 19% |
| کەلار | 185,631 | 31,334 | 121 | 217,086 | 17% |
| رانیە | 203,063 | 2,035 | 1,892 | 206,990 | 2% |
| چەمچەماڵ | 148,109 | 24,935 | 644 | 173,688 | 17% |
| پشدەر | 95,734 | 8,609 | 43 | 104,386 | 9% |
| هەڵەبجە | 92,039 | 3,004 | 332 | 95,375 | 4% |
| شارەزوور | 60,540 | 7,606 | 71 | 68,217 | 13% |
| سیدصادق | 61,520 | 3,305 | 247 | 65,072 | 6% |
| کفری | 36,876 | 18,318 | - | 55,194 | 50% |
| دوکان | 44,404 | 14,868 | - | 59,090 | 33% |
| دەربەندیخان | 45,829 | 6,964 | - | 52,793 | 15% |
| | | 253,757 | 22,786 | | |
| **المجموع** | **1,784,920** | **276,543** | | **2,061,281** | **15%** |

## ٢. لێشاوی ئاوارەبوونی دانیشتوان بۆ ناوچە شارنشینەکان

### دابەشبونی دانیشتوانی ئاوارەکانی ناوچە شارنشینەکان

بە وردبونەوە لە ناوچە شارنشینەکان کە لەم هەڵسەنگاندنەدا باس کراوە (خشتەی٢) هەروەها پاڵشت بە ژمارەی پلانەکە کە لەم هەڵسەنگاندنەدا٢ بەکارهاتووە ژمارەی دانیشتوانی ئاوارەبوو لە ناوچە شارنشینەکانی پارێزگای سلێمانی بریتیە لە ٢٥٣،٧٠٠ ئاوارەی ناوخۆ (یان ٤٦،٠٠٠خێزان) و ٢٢،٨٠٠ پەنابەران (یان٤،٩٠٠ خێزان). ئەم ژمارەیە بۆ کۆمەڵگای خانەخوێی شارنشین زیاد بووە بە١,٧٨٤,٩٠٠ دانیشتوان. کۆی گشتی دانیشتوان لە ئێستادا بریتیە لە ٢،٠٦١،٣٠٠ کەس، پێك هاتوە لە ١٪ پەنابەران، ١٢٪ ئاوارەی ناوخۆ و هەروەها ٨٧٪ کۆمەڵگای خانەخوێ.

بە هۆی هاتنی خێزانە ئاوارەکان لە هەندێ ناوچەی شارنشیندا، دانیشتوان بە رێژەیەکی بەرچاو و لە ماوەیەکی زۆر کورتدا زیادی کردووە (٣-٤ ساڵ). سەرەڕای ناوچەی کفری، کە دانیشتوان زیادی کردووە بە رێژەی ٥٠٪، جگە لە ناوەندی هەندێ ناوچەی تر کە بە قورسی کەوتونەتە ژێر ئەو کاریگەریەوە، ئەوانیش دوکان و دەربەندیخان و سلێمانین. لە هەندی ناوچەی تری شارنشیندا، لێشاوەکە بە شێوەیەکی لاوازتر بووە، بۆیە ژمارەی دانیشتوان کەمتر هەڵکشاوە کە بریتیە لە٥٪.

٢. جیاوازی نێوان ژمارەی ئەو ئاوارە ناوخۆیی و پەنابەرانە و ئەوی تر لە بەشەکەی پێشوو باسدەکرێت لەبەرهۆکاری جیاوازی سەرچاوە بەکارهاتووەکان. لە کاتێکدا لە بەشی ١ پشت بە گشتی ژمارەکان بەسترا کە لە لایەن رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ کاروباری پەنابەران UNHCR و وەزارەتی پلان دانانەوە تەرخان کرابوو، ژمارەکان لەم بەشەدا (هەروەها لە دوایدا ئەوەیان بەکارهات بۆ هێڵکاری ڕوپێوی خێزانەکان و تەواوی ڕاپۆرتەکە) ژمارەی پلان دارێژرا وبوون کە بەکارهات لەلایەن پارێزگای سلێمانیەوە لەسەر بنەمای ئەو ڕوپێوەی کە خۆیان جێبەجێیان کردبوو بۆ دانیشتوانی ئاوارەبوو، کە ئاوارە ناوخۆییەکان و خەڵکی تری ئاوارەی پێش ساڵی ٢٠١٤ لە خۆگرتبوو.

بە تێکڕا زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانی ناوچە شارنشینەکانی پارێزگای سلێمانی بە رێژەی ١٥٪ دەخەمڵێنرێت. ئەو رێژەیە لە سێ پارێزگاکەی تری هەرێمی کوردستان کەمترە، لە کاتێکدا ژمارەی دانیشتوان لە پارێزگاکانی دهۆك و کەرکوك بە رێژەی ٢٦٪ و٢٥٪ زیادی کردووە، بە هۆی گەیشتنی خێزانی پەنابەران و ئاوارەی ناوخۆ.

جگە لە زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان لە ناوچە شارنشینەکان، پێویستە ئەوەش تێبینی بکرێت کە هەندێ ناوچەی چڕی گوندنشین هەیە کە میوانداریەکی زۆری ئاوارەی ناوخۆ و پەنابەرەکانیان کردووە، هەرچەندە ژمارەکە کەمترە. هەروەها پارێزگای سلێمانی پێشوازی ژمارەیەکی کەم لە ئاوارە دەکات کە بریتین لە خێزانە کوردە ئێرانیەکان کە لە چەند ساڵی رابوردودا ئاوارەی پارێزگاکە بوون (کە وەك حاڵەتێکی کۆن ئاماژەی بۆدەکرێت).

ئەم ئاوارە ناوخۆیی و پەنابەرانە لە ناوچە گونشینەکان و خێوەتگەکان دەژین و بەشێوەیەکی بەرچاو تێکەڵاوی ناوەندی شارە نزیکەکان دەبن بۆ پەیداکردنی قوتی رۆژانەیان، خزمەتگوزارییە گشتیەکان، یاخود تێکەڵاوبوونی کۆمەڵگا نزیکەکانیان. لەبەرئەوە ئەو ناوچانە بەشێك نین لە پرۆسەی ئەو هەڵسەنگاندنە، دەبێت ئەو ناوچە گوندنشینانە لەبەرچاوبگیرێن بۆمەبەستی وێنایەکی فراوانتر.

## دابەش بوونی دانیشتوانی ئاوارەکان بەسەر چینەکاندا

وەك باسکرا لە بەشی ڕێبازی هەڵسوڕانی کارەکان، ناوچە جوگرافیەکان لە پارێزگای سلێمانی دابەش دەبێت بەسەر سێ چینی شێوە جیاواز. ناوەندی قەزای سلێمانی پێشوازی دەکات زیاتر لە نیوەی دانیشتوانی ئاوارە ناخۆییەکان و بە نزیکەیی هەموو دانیشتوانی پەنابەران لە ناوچە شارنشینەکانن ئەو ناوچە جوگرافیانە گونجاون لەگەڵ پایتەختی پارێزگاکە، کە بریتیە لە گەورەترین ناوەندی شارنشین سەبارەت بە قەبارەی پارێزگاکە (نزیکەی ٤جار گەورەترە بەراورد بە ناوەندی شارە گەورەکانی تر).

چینەکە پێك هاتووە لە ناوەندەکانی باشور، کەلار و کفری (ئیدارەی گەرمیان) کە پێشوازی دەکات لە دووەم گەورەترین هێشووی دابەش بوونی ئاوارە ناوخۆییەکان، کە بریتیە لە ٦٠،٠٠٠ کەس (کە ٢٢٪ کۆی گشتی یە)، هەرچەندە ئەو ژمارەیە هیچ پەنابەرێك لە خۆ ناگرێت. هەردوو ناوەندی شارەکان ئامانجێکن بۆ ڕەوشی پشێوی و گرژی بە هۆی نزیکیان لەو ناوچانەی کە ناکۆکی تێیدا بەردەوامی هەیە و ڕووەدات و سەقامگیر نیە. سەرەڕای ئەوەش زیاتر لە ٨ خێوەتگەی ئاوارەناخۆییەکان دەکەونە ئەو پارێزگایەوە کە ٥ خێوەتگەیان لەو ناوچەیەدایە.

لە کۆتاییدا، ناوەندی ناوچەکانی دەوروبەر کە ماون لە چوارچێوەی پارێزگاکە، دوو داینامیکی جیاوازی هەیە لەمەڕ زیادبوونی دانیشتوانەکەیان (خشتەی٢). هەندی لە قەزاکان ڕووبەڕوی لێشاوێکی قورسی ئاوارەی ناوخۆیی و پەنابەران بونەتەوە کە لەسنوری پارێزگای سلێمانی و کەلار و کفری ناژین، لە ڕاستیدا ئەوان کۆبونەتەوە لە ڕۆژهەڵات و باشوری قەزاکان ( لە ناوچە هاوینەهەوارەکانی دوکان و دەربەندیخان) یاخود لە قەزای چەمچەماڵ، لە ناوچە سنورییەکانی پارێزگاکانی کەرکوك و سەلاحەدین، کە زۆرینەی ئاوارە ناوخۆییەکانی لێوەهاتووە.

بە پێچەوانەوە زۆرینەی ناوچەکانی ناوەوە پێشوازیان لە لێشاوێکی کەمتر کردووە، وەك: ناوەندی قەزاکانی هەڵەبجە و ڕانیە. ناوەندی ئەو قەزایانەی کە لێشاوی کەم و زۆری خێزانە ئاوارەکانیان بەرکەوتووە بە شێوەیەکی جیاواز دووبارە دەبێتەوە لە هەڵسەنگاندنەکە بۆ بەئەنجام گەیاندنی ووردەکاری شیکاری زیاتر و نەخشەکێشانی گۆڕاوەکان.

شێوەی٣.دابەشبونی دانیشتوانی پەنابەران و ئاوارەی ناوخۆیی لە نێوان دەرەوەی خێوەتگەکان و ناو خێوەتگەکان




سەرچاوە: UNHCR (ئایاری ٢٠١٦) بۆ پەنابەران، دەستەی ئاماری هەرێم (حوزەیران٢٠١٥) بۆ دانیشتوانی ئاوارەی ناوخۆیی دەرەوەی خێوەتگە(هەروەها خێزانە ئاوارەکانی پێش ٢٠١٤)،ڕێکخراویIOM DTM(حوزیرانی ٢٠١٥) دانیشتوانی ئاوارەی ناوخۆیی ناو خێوەتگەکان

## لێشاوی پەنابەری خێزانەکان لە سوریا و ناوەڕاست/ باشوری عێراق

لە ئێستادا نزیکەی ١٥٪ پەنابەرە سورییەکان لە پارێزگای سلێمانی دەژین کە هەر لە سەرەتاوە لە ساڵی ٢٠١٢ ئاوارەبوون. زۆرینەی ئاوارەبونەکان لە ساڵی ٢٠١٣ ڕوویدا ( بە ڕێژەی ٤٢٪ خێزانەکان ئاوارەبوون لەو کاتەوە) و ساڵی ٢٠١٤ بە ڕێژەی(٣٠٪). ئەوەی کە ماوەتەوە بە ڕێژەی ١٣٪ لە نێوان ساڵی ٢٠١٥ و سەرەتای ساڵی ٢٠١٦ ئاوارەبوون (شێوەی٤).

سەبارەت بە دانیشتوانی ئاوارەی ناوخۆیی، زۆرینەی خێزانەکان لە ئێستادا لە ناوچە شارنشینەکاندا دەژین لە پارێزگای سلێمانی کە لە ماوەی ناکۆکیەکانی ئێستای عێراق ئاوارەبوون، کە لە ساڵی ٢٠١٣ ڕوویدا بە ڕێژەی(٨٪ لە کۆی گشتی خێزانە ئاوارەبووەکان)، ٢٠١٤ (٦٣٪)، ٢٠١٥(٢٢٪) .

**هەرسێ پارێزگا سەرەکیەکەی خێزانی ئاوارە ناوخۆییەکان دوای ٢٠١٣ بریتی یە لە ئەنبار (٥٣٪)، دیالە(٢٢٪) هەروەها دەوروبەری سەلاحەدین(١١٪)**

کەمینە بریتیە لە(٧٪) کە ئاوارەبوون پێش ٢٠١٣، زۆرینەی لە ساڵی٢٠٠٦،٢٠٠٧ هەروەها٢٠١٢. سەرەڕای ئەوەش، هەرسێ پارێزگا سەرەکیەکەی خێزانی ئاوارە ناوخۆییەکان دوای ٢٠١٣ بریتی یە لە ئەنبار (٥٣٪)، دیالە(٢٢٪) هەروەها دەوروبەری سەلاحەدین(١١٪)

شێوەی٤. ژمارەی خێزانەکان کە ئاوارەبوون لەو ناوچانەی کە هەڵسەنگاندنەکە دەیگیریتەوە لە پارێزگای سلێمانی لەسەر ئاستی ساڵ



## ٣. پێکهاتەی خێزان

### تەمەن،رەگەز، سەرۆك خێزان

لەسەر ئاستی پۆلێن کردنی رەگەز، کۆی گشتی دانیشتوان پێك هاتووە لە ٥٠٪ پیاوان و ٥٠٪ ئافرەتان. هیچ جیاوازییەکی بەرچاو نیە لە نێوان پەنابەران و ئاوارەی ناوخۆیی و کۆمەڵگای خانەخوێیدا، یان لەسەر ئاستی چینە جوگرافیاییەکان.

### نزیکەی

دانیشتوانی گۆمەڵگای ئاوارەی ناوخۆ و پەنابەران ئاڕادەیەك گەنجترن لە کۆمەڵگای خانەخوێ (شێوەی٥). لە کاتێکدا کەنزیکەی ٥٤٪ دانیشتوانی ئاوارە لە ژێر تەمەنی ١٩ ساڵیەوەن، ئەمە حاڵەتێکە تەنها بۆ ٤٣٪ کۆمەڵگای خانەخوێ٣. گەورەترین کۆمەڵەی دانیشتوان بۆ ئاوارەی ناوخۆیی و پەنابەران، پێك هاتوە لە تەمەنەکانی نێوان (سفر بۆ٩).

سەبارەت بە ئەگەری شکستباری، کارێکی گرنگە کە تێبینی بکرێت رێژەی ٧٤٪ و ٧١٪ لەکۆمەڵەی دانیشتوانی پەنابەران و ئاوارەی ناوخۆییە، کە پێك هاتون لە ئافرەتان و مندالان لە خوار تەمەنی ١٥ساڵی.

**٥٤٪ دانیشتوانی ئاوارە لە ژێر تەمەنی ١٩ ساڵیەوەن، ئەمە حاڵەتێکە تەنها بۆ ٤٣٪ کۆمەڵگای خانەخوێ. گەورەترین کۆمەڵەی دانیشتوان بۆ ئاوارەی ناوخۆیی و پەنابەران، پێك هاتوە لە تەمەنەکانی نێوان (سفر بۆ٩)**

### قەبارەی خێزان

گەورەترین خێزان سەبارەت بە قەبارەکە ئەوانەن لە کۆمەڵەی ئاوارەی ناوخۆییەکانن: تێکڕای قەبارە بریتی یە لە ٧,١ ئەندام(بوارەکەی لە ٦,٦ لە ناوچە دەوروبەرەکان دەگاتە ٧,٨ لە کەلار و کفری). هەردوو کۆمەڵگای خیزانەکانی پەنابەران و خانەخوێ پێك هاتون لە ٥,٥ ئەندام.

شێوەی ٥.دابەشبونی دانیشتوان لەسەر ئاستی تەمەن




٣. لە زۆرینەی قەزاکان جگە لە ناوەندی قەزای پارێزگای سلێمانی، ڕێژەی دانیشتوانیی ئاوارە ناوخۆییەکان و پەنابەران کەلە خوار تەمەنی ١٩ ساڵەوەن دەشێت لە ڕێژەی ٦٠٪ زیاترین.

# ٤. ناوچە شارونشینەکان و تێکەڵاوبوون

## گفتوگۆگردن و کورتەی لێکۆڵینەوە سەرەکیەکان

ەبەستی سەرەکی کە لە ئارادا بووە بۆ ئاوارە ناوخۆییەکان و پەنابەران و هاتنیان بۆ ئەو ناوچانەو ناوچەکانی دەوروبەر، گەڕان بووە بەدوای شوێنێکی ئارام و سەقامگیر. هۆکارەکانی تریش بەهەمان شێوەیە وەکو: بوونی ژیان و گوزەرانێکی باشتر( بەتایبەت بۆ ئاوارە ناوخۆییانەی کە پێش ٢٠١٣ هاتونەتە ناوچەکە) بەڵام زۆرینەی ئاوارەی ناوخۆییەکان ڕاستەوخۆ لەو ناوچانەوە هاتوون کە شەڕ و تەنگژەی تێدایە، ئەمەش تەنها گەڕاون بە دوای ئامانجێکی سەرەکی کە ئەویش ئارامیە.

تازەترین ئەو ئاوارە ناوخۆیی و پەنابەرانەی کە گەیشتونەتە شارنشینەکان، کەوتونەتە ژێرکاریگەری قەیرانی داراییەوە.وەك بووە بە بەڵگەیەك لە گفتوگۆکانی گروپە دیاریکراوەکان(FGD) لەگەڵ ئەندامانی کۆمەڵگای خانەخوێ، لە دەستدانی کتوپڕ و چاوەڕوان نەکراوی کارکردن، داخستنی شوێنی کارکردنەکان، شوێنە پیشەییەکان، کارگە بچوکەکان، ئەگەر لە ناوچەکانی دەوروبەر بووبێت یاخود لە شارو شارۆچکەکان بە بەهێزی بوارێکی دروستکردووە کە ئاوارە ناوەخۆییەکان و پەنابەران کەوتونەتە ژێر کاریگەرییەوە.

دووبارە لەلایەن ئەندامانی کۆمەڵگای خانەخوێ، ئەوە بەدی کرا لە باری چۆنێتییەوە هەستێکی جیاکاری لە ناوچەکانی خۆیاندا سەری هەڵدا. بارێکی تری قورس کە خێزانە ئاوارەکان خۆڵقاندویانە لەسەر خراپکردنی حزمەتگوزارییە گشتی و تایبەتەکان، هەروەها نایەکسانی لەسەر هەڵسەنگاندنی بارگرانی قەیرانەکە و ترسی گۆڕانی باری دیموگرافی، بە جۆرێك کە کۆمەڵگای خانەخوێ بیر لە چارەسەرێکی ڕیشەیی دەکاتەوە، کە زۆرینەی بریتیە لە جموجۆڵ و گواستنەوە و مافەکانی دانیشتوانی ئاوارەکان.

لە سەرنجامدا، خوڵقاندنی هاوبەشی کردنی ئاشتیانە لە ناوچە شارنشینەکان بووە بە گرفت. شیکاری سەرەکی لەسەر ئەم بابەتە سێ بنەما لە خۆ دەگرێت: بنەمای نیشتەجێ بوون، بنەمای کۆمەڵایەتی، هەروەها بنەمای خزمەتگوزارییە گشتیەکان.

بنەمای نیشتەجێ بوون بەشێکی سەرەکی دەبێت لە شیکارییەکە. باری گشتی نیشتەجێ بوون لە ناوچە شارنشینەکان تارادەیەك نمونەییە، بە شێوەیەك کە زیاتر لە ٩٩٪ خێزانەکان یان لە خانووی سەربەخۆ دەژین یاخود لە شوقە. لەگەڵ ئەوەشدا لەکاتی هەڵسەنگاندنەکەدا دەرکەوت کە ١٢٪ خێزانی ئاوارە ناوخۆییەکان لە کفری لە ناو قوتابخانەکاندا دەژین، لەکاتێکدا ٩ لە کۆی١٠خێزانی کۆمەڵگای خانەخوێ خانووی خۆیان هەیە (ڕێژەکەی تر١٠٪ بەکرێ گرتویانە یاخود میوانداری کراون)، لە ڕاستیدا گشت خێزانەکانی ئاوارەی ناوخۆی و پەنابەران لە خانووی کرێدان.

**٩ لە کۆی١٠خێزانی کۆمەڵگای خانەخوێ خانووی خۆیان هەیە (ڕێژەکەی تر١٠٪ بەکرێ گرتویانە یاخود میوانداری کراون)، لە ڕاستیدا گشت خێزانەکانی ئاوارەی ناوخۆی و پەنابەران لە خانووی کرێدان**

ئەم بابەتە سەرنجێکی دیارکراو ڕادەکێشێت بۆ بازاڕی مامەڵەکردنی خانووی کرێ لە ناوچە شارنشینەکاندا، کە لێشاوی خێزانی ئاوارەکان بە شێوەیەکی بەرچاو ئەو پێك هاتەی گۆڕیوە. لە کۆی گشتی ژمارەی خێزانەکان کە لەکرێدان، تەنها ٤٦٪ دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵگای خانەخوێ، لەکاتێکدا٤٩٪ بریتی یەلە ئاوارەی ناوخۆیی و ٥٪ پەنابەرانن بە تێکڕا لە هەموو چینەکان.

لەو ناوچانەی کە لێشاوی قورسی ئاوارەییان بەرکەوتوە، وەك کفری و کەلار زیاتر لە سێ بەشی خانووە بەکرێ دراوەکان لەلایەن ئاوارەی ناوەخۆییەوە بەکرێ گیراون بەشەکەی تری لەلایەن کۆمەڵگای خانەخوێ. کێشەی نیشتەجێ گرفتێکی گرنگە بۆ ئاوارەبوونێکی ماوە درێژ، لە کاتێکدا کە ئەو حاڵەتە دەبێتە کاریگەرییەکی نەرێنی، بەتایبەتی لە شێوەی قەرەباڵغی و چۆڵ کردن.

لە ڕاستیدا چۆڵ کردن بۆتە زەنگێکی دوبارە بۆوەی ترسناك لە دوو ناوچە: ناوەندی قەزای سلێمانی و کەلار و کفری کە زۆرینەی حاڵەتی چۆڵکردنەکان لە ساڵی رابوردودا ڕوویان داوە لەو ناوچانە- هۆکاری سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ نابەردەوامی لە کرێدان بۆ شوێنی نیشتەجێکان. کۆمەڵگای ئاوارەی ناوخۆ زیاتر لەژێرکاریگەری حاڵەتی دەرکردندایە، بە ڕێژەی ٢٢٪ لە خێزانەکان تووشی دەرکردن هاتوون.

سەبارەت بە بنەمای کۆمەڵایەتی، بەڵگەکانی گفتوگۆکانی گروپە دیاری کراوەکان ئاماژە بەحاڵەتێکی نەرێنی دەدەەن سەبارەت بە تێکەڵاوبونی نێوان کۆمەڵگای ئاوارەی ناوخۆ و خانەخوێ، بەلایەنی کەمەوە ئەگەر بەڕووکەشی بێت. لەگەڵ ئەوەشدا گفتوگۆکانی گروپە دیاریکراوەکان ئاماژەیان بۆ زۆر لایەنی ئەرێنی کردووە.

کاتێك ناڕێکیەکان لەلایەن ئەندامانی کۆمەڵگای خانەخوێ هێورکراوەتەوە، بە ڕادەیەك نزیك بوونەوە لەبابەتی کەسی لەگەڵ خێزانی ئاوارە ناوخۆییەکان ڕویداوە، بەتایبەت لەگەڵ دراوسێکانیان یان لەگەڵ خێزانەکانیان، یاخود منداڵەکانیان، یان خێزانە هەژارەکان کە لەگەڵیاندا دەژین و هاوکارییان کردوون، یاخود ئاوارە ناوخۆییەکان لە ڕێی هاوسەرگیرییەوە پەیوەندی زیاتر پتەوتر بووە. ئەم حاڵەتە ئاماژە بەوە دەکات کە هێشتا هەلی تر هەیە بۆ زیاتر تێکەڵاوبونی باشتر و بڕوا بەیەك کردن لە نێوان کۆمەڵەی دانیشتواندا.

لە کۆتاییدا، تێبینیەکان لەسەر گەڕانەوەی ئاوارە ناوخۆییەکان و پەنابەران بۆسەر زێدی ڕەسەنی خۆیان. زانیارییەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە تا چ ڕادەیەك ئەو ماوەی ئاوارەبوونە درێژە دەکێشێت. لە کۆی ٢١٪ لە خێزانی ئاوارە ناوخۆییەکان و ١٥٪ لەخێزانی پەنابەران ناڕەزایی خۆیان پیشان داوە سەبارەت بە گەڕانەوەیان بۆ سەر زێدی خۆیان بەهەر شێوەیەك بێت لە ئێستادا.

سەرەڕای ئەوە، ٣١٪ لە هەردوو ئاوارەی ناوخۆیی و پەنابەران مەرجی دوبارە بونیادنانەوەی شوێنی نیشتەجێ بوینان وەك هۆکارێکی سەرەکی بۆ گەڕانەوەیان داناوە هەر کات لەناوچەکانیان ئاشتی بەرقەراربوو، ئینجا دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ ئەو ناوچانە. بە کورتی ئەو مەرجە ئەوە دەردەخات کە نیوەی دانیشتوانی ئاوارە لەوەدەچێت بمێننەوە لە شوێنی ئێستایاندا لە پارێزگای سلێمانی بۆ ٥ تا ١٠ ساڵی تر.

تەنانەت بۆ ئەو خێزانانەی کە ڕەزامەندی خۆیان دەربڕیوە بۆگەڕانەوە بەهۆکاری دەرەکیەوە کارێکی سنوردار و ئەستەمە کە بگەڕێنەوە، هۆکارەکانیش وەك: کاری بونیادنانەوەی شوێنی نیشتەجێ، قەیرانی دارایی، هەروەها کێشە و ناکۆکیەکانی زەوی و زار کە دروست بوون لەو ناوچانەدا.

## ١. گۆڕنکاری دینامیکی لە ناوچە شارنشینەکان

### ئەو گۆڕنکارییانەی کە تێبینی کراوە لەلایەن کۆمەڵگای خانەخوێ

لەسەر بنەمای گفتوگۆی ئەنجام دراو لەلایەن گروپە دیاریکراوەکان لەگەڵ ئەندامانی کۆمەڵگای خانەخوێ، دەرکەوتووە کە لێشاوی پەنابەران و بەتایبەت ئاوارە ناوخۆییەکان لە گەڕەکەکانیان کاردانەوەیەکی نەرێنیان دروست کردووە لە ناویاندا. کۆمەڵگای خانەخوێ خراپ بوونی خزمەتگوزارییە گشتیەکانیان دەخنە پاڵ ئاوارەکان، هەروەها کێشەی گران بوونی شوێنی نیشتەجێ بەهەمان شێوە دەگەڕیننەوە بۆ هاتنی ئاوارەکان.

زیاترلەوە، زۆرینەی ئەو کەسانەی کەبەشدارییان کردبوو لەو گفتوگۆیە، ئاماژە بەو حاڵە دەدەن کە ترسی گۆڕینی دیموگرافیا هەیە لەسەردانیشتوان بە هۆی هاتنی لێشاوی ئاوارەکان، سەرەڕای ئەوەش هەندێ لە بەشداربووان بیروبۆچوونێکی ئەرێیان هەبوو لەسەر ئاوارەکان، کە ئەوان بونەتە هۆی جۆڵاندنی چالاکی ئابووری بازاڕەکان، ئەمەش بۆتە هۆکاری سوود گەیاندن بۆ قەرەبوو کردنەوەی ئەو کێشانەی کە بەهۆی قەیرانی داراییەوە دروست بوون. زۆرینەی بەشداربووانی گفتوگۆی گروپە دیاریکراوەکان ئاماژەیان بە لەدەست دانی کارکردن و داخستنی نوسینگەکان و شوێنی کارکردن و کارگە بچوکەکان کرد لە گەڕەك بێت یاخود لە ناو شارو شارۆچکەکان.

هەروەها ئاماژەیان بەوە کرد کە چۆن داخستنی ئەو کارگانە کاریگەریەکی بەهێزی هەبووە لەسەریان. خستنە سەرکار لە فرۆشگاکان و لە شوێنی بیناسازیدا بە شێوەیەکی بەرچاو کەم بوونەتەوە، بەشداربووانی ئەم گفتوگۆیە باسی ئەوەیان کرد کە چۆن ئەندامانی خێزانە ئاوارەکان بە بڕێك مانگانەی کەمتر کاردەکەن و رازین بەو بڕە پارەیە لە شوێنی کارکردنەکاندا کە بۆ خەڵکی خانەخوێ دەست نادات.

شابەشانی دروست بوونی کێشەکان، گەیشتنی ئاوارەکانی ناوخۆ و قەیرانە ئابورییەکان-هەمان هەست دووبارە دەبێتەوە و دەوترێتەوە لەلایەن ئەندامانی کۆمەڵگای خانەخوێ لە ڕووی چۆنێتیەوە، بە شێوەیەك کە هەست بە غەریبی و نامۆیی دەکەن لە ناوچەکانی خۆیاندا، ئەمیش بەهۆی کەمبوونەوەی چۆنێتی و توانایی لە پێشکەش کردنی خزمەتگوزارییە گشتیەکان و هەروەها بەهۆی ئەوەی کە زۆرینەی خێزانەکان پێویستە خۆیان بگونجێنن لەگەڵ کەمبونەوەی ئەو داهات و خزمەت گوزارییانەدا.

زۆرینە ئاماژەیان بەوە کرد کە خێزانە ئاوارەکان چاودێرییەکی باشتر دەکرێن لەلایەن حکومەت و ڕێکخراوە مرۆییەکانەوە، بەوەش وێنایەکی دروست کردووە کە ئاوارە ناوخۆییەکان و پەنابەران کۆمەڵگایەکی باشترن بەراورد لەگەڵ کۆمەڵگای خانەخوێ، سەرەڕای ئەوەی کە هەموو لایەك بەیەکسانی ڕووبەڕوی هەمان قەیران بونەوتەوە.

بەهۆی گۆرانکاری دینامیکی لە ناوچە شارنشینەکاندا، زیادبوونی کاردانەوەکانی کۆمەڵگای خانەخوێ لەسەر ئەو بابەتەیە کە پێویستە چارەسەرێکی ریشەیی بۆ ئەو کێشەیە بدۆزرێتەوە، کە بریتیە لە ڕێگەگرتن لە مافی گواستنەوەو جوڵانی ئاوارەکان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر. لەبەشی دواتردا، بریتیە لە چڕکردنەوەی هەوڵەکان لەسەر دینامیکی و بنچینەکان، ئەوە تێڕوانی ئەوانە لە زۆرینەی ناوچەکانی پارێزگای سلێمانیدا.

**شێوەی٦.هۆکاری هەڵبژاردنی شوێنی نیشتەجێ بوون لەلایەن ئاوارە ناخۆییەکان و پەنابەران، لەسەرئاستی ماوەی ئاوارەبوون**

سالّی ئاوارەبوون

| هۆکار | پێش 2013 | 2013 | 2014 | 2015 و 2016 |
|---|---|---|---|---|
| تێچووی کەمترە | 39% | 35% | 23% | 27% |
| سەلامەتی زیاترە | 17% | 31% | 35% | 42% |
| خزم و کەس و کار،هاوڕی لە لێرە بوونیان هەیە | 9% | 14% | 12% | 10% |
| کارو پیشەی باشترە | 13% | 5% | 5% | 3% |
| هۆکاری تر | 22% | 15% | 25% | 18% |
| کۆی گشتی | 100% | 100% | 100% | 100% |

## ئاوارە ئاوخۆییەکان و پەنابەران: هۆکارەکانی بە جێهێشتنی شوێنی ژیانیان

خێزانی ئاوارە ناخۆییەکان و پەنابەران کە شوێنیان جێ هێشتووە بۆ ماوەیەکی زۆر (بۆنموونە: ئەو کەسانەی کە زێدی خۆیان جێ هێشتووە پێش ساڵی ٢٠١٢، لەبەرئەوە کاتی باشیان لەبەردەست بووە بۆ ئەوەی شوێنێکی نیشتەجی بدۆزنەوە و نیشتەجێ بن لە ناوچە خانەخوێکاندا).

خولیای ژیان بردنەسەر لەو شوێنەی ئێستایان هۆکارە سەرەکیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کارئاسانی بۆ بەکرێ گرتنی خانوو و هەرزانی گوزەرانی رۆژانە(کە دەکاتە ٣٩٪ خێزانەکان). لەلایەکی ترەوە، ئەو خێزانانەی کە بەم زووانە ئاوارەبوون، ئەوان خولیایان زیاتر گەڕانە بەدوای شوێنیکی ئارامتر و سەقامگیر لەسەر هەموو پێداویستیەکانی تری ژیانی رۆژانە.

**کۆمەڵگای خانەخوێ خراپ بوونی خزمەتگوزارییە گشتیەکانیان دەخەنە پاڵ ئاوارەکان، هەروەها کێشەی گران بوونی شوێنی نیشتەجێ بەهەمان شێوە دەگەڕێننەوە بۆ هاتنی ئاوارەکان**

لە کاتێکدا کە٣٥٪ خێزانەکان ئاوارە بوون لە ساڵی ٢٠١٤ و ٤٢٪ ئەوانەی کە لە ساڵی ٢٠١٥،٢٠١٦ ئاوارەبوون، ئاسایشی و ئارامیان هەڵبژاردووە وەك هۆکارێکی سەرەکی بۆ ژیان بردنە سەر لە شوێنی نیشتەجێی ئێستایان.

هۆکارەکانی تر وەك: دەستەکەوتنی هەلی باشتری کارکردن، یاخود بوونی ئەندامانی تری خێزان کە پێشتر هاتونەتە شوێنی ئێستا، بە گشتی کە زۆر ئاماژەی پێنەدراوە. دەشێت ئەمە نیشاندەرێك بێت بۆ ئەو خێزانانەی کە هێشتا بە شێوەیەکی هەمیشەیی لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێ نەبوون.

## ٢. نیشتەجێ بوون و ڕەوشی گوزەران

### ڕەوشی نیشتەجێ بوون

ڕەوشی نیشتەجێ بوونی خێزانەکان تارادەیەك نمونەیە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێژەی ئەو خێزانانەی کەلە خانوو یان شووقەدا دەژین نزیکەی ٩٩٪ لە پارێزگای سلێمانی و هەروەها ناوەندی ناوچەکانی دەوروبەر، هەروەها بە تێکڕا ٩٧٪ لە کەلار و کفری (شێوەی٧)٤. هیچ کێشەیەکی سەرەکی نیە لە بابەت ئەو خێزانانەی کە لە خانوو و باڵەخانە تەواو نەکراوەکان/ناوەندی کۆکردنەوەکاندا دەژین وەك تێبینی دەکرێت لە پارێزگاکانی تردا.

هەرچەندە ١٢٪ لە ئاوارە ناوخۆییەکان لە شاری کفری هێشتا هەر لە باڵەخانەی قوتابخانەکاندا دەژین لە ناوەندی قەزاکە. بەهەمان شێوە بەشێك لە پەنابەران لە شاری کەلار لە باڵەخانەی نافەرمیدا دەژین، هەرچەندە ژمارەکە تارادەیەك کەمە. بە نزیکەیی گشت خێزانی پەنابەران و ئاوارەی ناوخۆ کە لە خانوو/شووقەدا دەژین، کرێچین، جگە لەو خێزانانە نەبێت کە لە شاری کەلار و کفری دا نیشتەجێن کە ژمارەیەك لە خێزانەکان میوانداری کراون لەلایەن خەڵکانی ترەوە. بە پێچەوانەوە، تەنها ١لە ١٠خێزانی کۆمەڵگای خانەخوێ کرێچین لە کاتێکدا کە زۆرینەی خاوەنی خانوو/شووقەی خۆیەتی(شێوەی٨).

سەبارەت بە هەبوونی نوسراو و بەڵگەنامەی فەرمی خاوەندارێتی بەکرێ گرتن، تەنها لە ناوەندی قەزای سلێمانی ژمارەیەکی بەرچاو لە خێزانەکان خاوەن و هەڵگری ڕێکەوتننامەی کرێگرتەن بە ڕێژەی (٦٢٪). هەروەها ژمارەیەکی دیار هەیە لە کۆمەڵە دانیشتوانەکان نزیکەی٨٠٪ لە پەنابەران و ئاوارە ناوخۆییەکان کە کرێچین و خاوەن ڕێکەوتننامەن، لە کاتێکدا هەمان حاڵەت بە ڕێژەی(٣٨٪) جێبەجێ دەبێت لە کۆمەڵگای خانەخوێدا.

ڕەوشەکە، بە شێوەیەکی بەرچاو جیاوازە لە ناوەندی ناوچەکانی دەوروبەر: کە نزیکەی ٢٠٪ ئەو خێزانانەی کە کرێچین (ئەگەر پەنابەربن یاخود ئاوارەی ناوخۆیی، یان کۆمەڵگای خانەخوێ) خاوەنی ڕێکەوتننامەی نوسراون. ئەوانی تر پشتیان بەستووە بە ڕێکەوتننامەی زارەکی. لەبەرئەوە بەدەر لە ناوەندی قەزای سلێمانی، ڕەزامەندیە ڕێکەوتننامەییەکان کردارێکی دیار نیە، هەروەها لەهەموو حاڵەتێك کە ئەوە کرداره، خێزانە ئاوارەکان بە پەرۆشەوە بە دوایدا گەڕاون. ڕێکەوتننامەی نوسراو، میکانیزمێکی کاریگەرە بۆ دابین کردنی ئاسایش و ئارامی بۆ هەردوولا ئەگەر خاوەن موڵك یاخود کرێگرتە بێت.

شێوەی٧. ڕەوشی نیشتەجێ بوون لە ناوچە شارنشینەکان بۆهەر چینێك و کۆمەڵە دانیشتوانێك




٤. پێویستە تێبینی بکرێت، لەگەڵ ئەوەی کە جۆرایەتی شوێنی نیشتەجێ هەڵنەسەنگێراوە. گفتوگۆی گروپە دیاریکراوەکانFGD لەگەڵ پەنابەران و ئاوارەکان ئاماژەیان بە بیروبۆچونێکی وورد کرد، کە کۆمەڵەی دانیشتوانەکان ئەگەری زیاتری ئەو خانووەی کە بەکرێیان گرتووە لەبارێکی باشدا نیە هەروەها خاوەن خانووەکە ئامادە نیە بە کاری چاك سازی خانووەکە.

تێبینی: بەهۆی سنورداری قەبارەی نمونە بەئامانجتراوەکە، پەراوێزی جیاوازی هەڵە لەو شێوەیەدا لەسەروو ئاساییەوەیە بەرێژەی ١٠٪ ماوەکە

## خێزان و هاوبەشی کردنی شوێنی نیشتەجێ بوون

ڕێژەی ئەو خێزانانەی کە هاوبەشن لە خانوو/شووقەدا لەگەڵ خێزانێکی تردا لە پارێزگای سلێمانی زۆر کەمترە گەر بەراوردبکرێت لەگەڵ پارێزگاکانی تردا لە هەرێمی کوردستان، کە تا ڕادەیەك ئاماژەیە بۆ نەبوونی کێشەی نیشتەجێ.

بە تێکڕا ٪٢٣لە خێزانەکانی پەنابەران و ٪٢٣ لە خێزانی ئاوارە ناوخۆییەکان لە خانوو/ شووقەی هاوبەشیدا دەژین. ئەمە دیاردەیەکی بەرچاوە لە شارەکانی کفری و کەلار و هەروەها لە چەمچەماڵ، لەبەرئەوەی ئەو ناوچانە بەر لێشاوێکی قورسی خێزانە ئاوارە ناوخۆییەکان بوونەوەتەوە.

**بە تێکڕا ٪٢٣لە خێزانەکانی پەنابەران و ٪٢٣ لە خێزانی ئاوارە ناوخۆییەکان لە خانوو/ شووقەی هاوبەشیدا دەژین. ئەمە دیاردەیەکی بەرچاوە لە شارەکانی کفری و کەلار و لە چەمچەماڵ، لەبەرئەوەی ئەو ناوچانە بەر لێشاوێکی قورسی خێزانە ئاوارە ناوخۆییەکان بوونەوەتەوە**

ئەو یەکە نیشتەجێیانەی کە جێگای چەند خێزانێك دەبێتەوە تارادەیەك گەورەتر دەبینرێت بە بەراورد لەگەڵ ئەو یەکانەی کە تەنها یەك خێزان تێیدا دەژی. ئەمە ئاماژەیەکی باشە، لەبەرئەوەی ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ئەو خانوانەی کە هاوبەشی پێدەکرێت تارادەیەك گەورەیە بۆ ئەوەی هەموو ئەندامانی خێزانەکە لەخۆبگرێت. نزیکەی ٪٥٩ ئەو خانوانەی کە هاوبەشە لە نێوان چەند خێزانێك زیاتر لە ٤ ژوور لە خۆدەگرێت، لە کاتێکدا کە ئەمە تەنها حاڵەتێکە بۆ ٪٤٥ ئەو خانوانەی کە تەنها یەك خێزانی تێدایە.

شێوەی٨.هەیکەلی ڕەوشی نیشتەجێ بوون لە ناوچە شارنشینەکان بۆ هەر چینێك و کۆمەڵە دانیشتوانێك



## کرێ و نرخی یەکەی نیشتەجێ بوون

قەیرانی ئاوارەیی کێشەیەکی گەورەی بۆ بابەتی نیشتەجێ بوون دروست کردووە. کۆی گشتی هەموو ئەو خێزانانەی کە خانوو/شووقەیان بەکرێ گرتووە لەناوچە شارنشینەکاندا ٤٩٪ بریتین لە ئاوارەی ناوخۆیی، ٤٦٪ بریتی یە لە خێزانی کۆمەڵگای خانەخوێ، تەنها ٥٪ بریتی یە لە خێزانی پەنابەران. لەو ناوچانەی کە بەرگەورەترین لێشاوی خەڵکی ئاوارە بۆتەوە لە سەروو ڕێژەی ٦٠٪ یەکەی نیشتەجێ بوونەکان گیراون لەلایەن ئاوارە ناوخۆییەکان.

بەرزترین نرخی کرێ لە ناوەندی قەزای سلێمانی بەدی دەکرێت، کە تێکرای کرێ دەگاتە ٣٠٤،٠٠٠د.ع/مانگێك(٢٤٣$مانگانە)٥، بۆ ناوچەکانی تر کرێ بەشێوەیەکی بەرچاو کەمترە، بێگومان نزمی نرخ پەیوەندی هەیە بە کاریگەری ئاوارەکانەوە. بۆ نموونە تێکرای کرێ لە کەلار و کفری نزیکەی١٩٠،٠٠٠ د.ع/ مانگێك (١٥٠$/مانگێك) پاشان لە ناوەندی ناوچەکانی دەوروبەر کە لێشاوێکی قورسی ئاوارەی ناوخۆییان هەیە(تێکرا دەگاتە ١٧٢،٠٠٠د.ع/مانگێك(١٣٨$/ مانگێك) هەروەها ئەو ناوچانەی کەمتر بەرلێشاوی ئاوارەی ناوخۆ کەوتون (تێکرا نرخ ١٣٧،٠٠٠د.ع/مانگێك(١١٠$/مانگێك). بە گشتی جیاوازییەکە دوو هێندەیە لە نێوان گرانترین و هەرزانترین نرخ.

ڕێژەی کرێ بۆ خەرجی خێزانەکان (تەنها بۆ ئەوانەی کە کرێ دەدەن) بریتیە لە ٢٤٪ بۆ هەموو ناوچە شارنشینەکان بەیەکەوە. بێگومان جیاوازی هەیە لە نێوان چینەکاندا (شێوەی٩). سەرەکیترین ئاریشە لە ناوەندی قەزای سلێمانی بەدەی دەکرێت، کە تێکرای ئەو ڕێژەیە دەگاتە ٣١٪ لە کۆی گشتی خەرجیەکان. ڕێژەکە کەمترە لە ناوچەکانی تر کە بریتیە لە ٢٣٪ بۆ کفری وکەلار و ١٣٪ بۆ ناوەندی ناوچەکانی دەوروبەر.

سەبارەت بە کۆمەڵەی دانیشتوانەکان، لە پەنابەراندا ئەوە بەدی دەکرێت کە بەرزترین ڕێژەی نرخی کرێیان هەبێت لە کۆی گشتی خەرجیەکان(٣٤٪ خەرجیەکان تەرخان کراون بۆ کرێ لە ناوەندی قەزای سلێمانی ٢٨٪ بە تێکڕا لە ناوەندی ناوچەکانی دەوروبەر لە ناوایاندا کفری و کەلار) پاشان ئاوارە ناوخۆییەکان (٣١٪ و٢٢٪ بەدوای یەکدا).

بە کورتی، گشت خێزانەکان لە ناوەندی قەزای سلێمانی کرێ دەدەن، بەسەربەخۆیی بۆ کۆمەڵە دانیشتوانەکان، کە ڕووبەڕوی باری داراییەکی قورس دەبنەوە ئەگەر بەراورد بکرێت لەگەڵ ئەو خێزانانەی کە لەناوەندی قەزاکاندا دەژین کە بۆئەوان نرخی کرێ نابێتە بارێکی قورسی سەرشانیان.

**شێوەی٩.ڕێژەی کرێ لە کۆی گشتی خەرجی خێزانەکان لەسەر ئاستی چینەکان**




٥. لەسەر بنەمای ڕێژەی گۆڕینەوەی دراوە بیانیەکان ١$=١،٢٥٠ د.ع

## ٣. توانایی خزمەتگوزارییە گشتیەکان وەدەستپێگەیشتنیان لەلایەن هاوڵاتیانەوە

### دابینکردنی خزمەتگوزارییە گشتیەکان

زانیاری بەکارخستن کە لەسەرچاوەی ئەو ڕوپێوەییەوە هاتووە کە بەکارهاتووە بۆ خەمڵاندنی ژمارەی ئەو کەسانەی کە دامەزرێنراون لە خزمەتگوزارییە گشتیە سەرەکیەکان ( وەك چاودێری تەندروستی، بواری خوێندن، خزموتگوزاری دابین کردنی ئاو و کارەبا، کۆکردنەوەی خۆڵ و خاشاك).

لە ناوچە شارنشینەکان ٤،٨٪ لە دانیشتوانەکەی دەرکەوتووە کەلە دامەزراوە گشتیەکان کاردەکەن- بە واتایەکی تر، نزیکەی ٥ کەس بۆ١٠٠هاوڵاتی لەکەرتی خزمەت گوزارییە گشتیەکاندا ( کە بریتین لە کۆمەڵگای خانەخوێ، ئاوارەی ناوخۆیی، هەروەها پەنابەران). ئەم ڕێژەیە لە نێوان ٣،٩٪ بۆ ناوچە شارنشینەکان لە پارێزگای دهۆك، و ٥،٣٪ ناوچە شارنشینەکانی پارێزگای هەولێر، لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازییەکان هێندە گەورە نین.

جیاوازییە گەورەکان دەرناکەون ئەگەر پۆلێن بکرێن لەسەر ئاستی چینەکان، لەگەڵ زۆری ناوەندی ناوچەکانی دەوروبەر بەشێوەیەك لە خوار تێکرای پارێزگا، هەروەها ناوەندی قەزای سلێمانی زۆرترین ڕێژەی فەرمانبەری هەیە کەلە بواری چاودێری تەندروستی و خوێندن، و خزمەتگوزارییەکانی تر کاردەکەن.

ئەو ناوچانەی کە تارادەیەك بەر لێشاوی قورسی خەڵکی ئاوارە بونەتەوە، ئاراستەیەکیان هەیە بەلای نزمترین ڕێژە بە بەراورد بە ناوچەکانی تر کە لە راستیدا پەیوەندی هەیە بە گەیشتنی خێزانە ئاوارەکان، هەروەها نزمترین توانا بۆ دابین کردنی خزمەتگوزاری بۆ سەرتاسەری دانیشتوان، فراوانکردن لە توانایی و دابین کردنی خزمەتگوزاری لەسەر ئاستی چۆنێتی و چەندێتی لە ماوەی ساڵی ٢٠١٤ بەهۆی قەیرانی داراییەوە وەستاوە.

کە بووە بەهۆی تەواونەکردنی چەندین پرۆژە و دامەزراوەی بواری خوێندن و تەندروستی، بەهۆی زۆری کارمەندانی بواری خزمەتگوزاری گشتی پێویست بوو کە بەردەوام نەبێت.

شێوەی١٠. ڕێژەی فەرمانبەرانی کەرتی خزمەتگوزاری گشتی وەك تەندروستی، کەرتی گشتی خوێندن، کەرتەکانی تر



## خزمەتگوزاری بواری خوێندن لە ناوچەشارنشینەکان

دابین کردنی خزمەتگوزارییەکانی خوێندن لە ناوچە شارنشینەکان دەپێوڕێت بە ڕێژەی ئەو منداڵانەی کە ئاماژەیان کردووە بە ئامادەنەبوونیان لە قوتابخانە بە هۆی نەبوونی ئاسانکاری گەیشتن بە قوتابخانەکان، لەبەرئەوە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بوونی بەربەرست بۆ خوێندن ( تێبینی بکە کە هۆکارەکانی تر پەیوەندیان نیە بە دابینکردنی خزمەتگوزاری کە دەردەکەوێت لە کۆتا بەشی ئەم راپۆرتە). ڕێژەی تەمەنی منداڵ لە نێوان ٦ بۆ١٤ کە پەیوەندییان نەبووە بە قوتابخانەوە بەهۆی بەربەستی چوونیان بۆ قوتابخانە تارادەیەك نزمە لەسەرتاسەری ناوچە شارنشینەکان: لەکەلار و کفری ڕێژەکە بریتیە لە ٢٪ هەروەها نزیکە لە ٠٪ لە ناوچەکانی تر لە ناویاندا ناوەندی قەزای سلێمانی. ڕەوشەکە هەمان شێوەی هەیە بۆ منداڵانی تەمەن ١٥ بۆ١٨ ساڵ بە ٢٪ بۆ ئەو منداڵانەی کە لە کەلار و کفرین کە کێشەی دەست گەیشتنیان هەیە بۆ چوونە قوتابخانە و نزیکە لە٠٪ لە ناوچەکانی تر.

هەرچەندە کارێکی گرنگە کە کێشەکانی دەست گەیشتن بە قوتابخانە جیا بکرێتەوە لە نێوان کۆمەڵەی دانیشتوانەکان. بەوشێوەیە٤٪ لە ئاوارەی ناوخۆ لە ٣٪ لە پەنابەران لە تەمەنی نێوان ٦بۆ ١٤کێشەی چوون بۆ قوتابخانەیان هەبوو. بۆ حاڵەتێکی تایبەتی ئاوارە ناوخۆییەکان، ئەو کێشانە زۆر بەدیار دەکەون لە کەلار و کفری، هەروەها لەو ناوچانەی کە کەمترین لێشاوی ئاوارەبوون ڕووی تێکردوون (دوکان، هەڵبجە ودەربەندیخان). ئەو ناوچانە پشتیان بە ستوە بە کەمترین پێوەر بۆ دابین کردنی خوێندن بۆ کۆمەڵەی ئاوارەکان. لە کۆمەڵەی تەمەنەکانی نێوان ١٥بۆ١٨ لە ٦٪ لە ئاوارەی ناوخۆییەکان و ٥٪ پەنابەران ئاماژەیان کرد بە دەست نەگەیشتنیان بۆ قوتابخانە بەشێوەیەکی گشتی بە کۆبونەوەی ئەو کێشانەی کەلەهەمان ناوچە جوگرافیاکانی تری هەبووە پێشتر بۆ حاڵەتی کۆمەڵگای خانەخوێ، هیچ منداڵێك ئاماژەی بە نەچوونی بۆ قوتابخانە نەداوە بە هۆی بوونی هیچ هۆکارێك.

لە گفتوگۆی گروپە دیاریکراوەکان، تەنها کۆمەڵێك کە ئاماژەیان بە بوونی کێشە داوە لە چوونی منداڵەکانیان بۆ قوتابخانە، بریتی بوون لە پەنابەران و ئاوارەی ناوخۆیی، کە ئاماژەیان کردووە بە قەرەباڵغی پۆلەکان و نەبوونی ژمارەی مامۆستای تەواو کە هەموو بابەتەکان بوترێتەوە، کە بۆتە هۆی دروست بوونی بوارێکی خراپ بۆ کەرتی خوێندن. پەنابەرانی گروپی گفتوگۆ دیاری کراوەکان، ئاماژەیان بە نەبوونی کەمی خوێندنگای عەرەبی داوە بۆ پەنابەران، سەرەڕای ئەوەش کەمی تواناکان بۆ پەیوەندی کردن بە قوتابخانە کوردیەکانەوە بەهۆی کەمی خوێندنگا.

زانیاری زیاتر لەو بارەیەوە، هەندێکیان ئاماژەیان بە کەمی دەوامی خوێندن کرد بەهۆی قەیرانی داراییەوە(هەرچندە ووردەکاری تەواو نیە لەسەرئەوەی چ پۆلێك زیاتر کەوتۆتە ژێرکاریگەری ئەو قەیرانەوە). یەکێك لە بەشداربووان ئاماژەی پێدا، کە ئەو ئاریشانە پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆیان هەبووە لەسەر کارکردنی منداڵان، کۆچ کردن و هاوسەرگیری پێشوەخت.

وەك لەسەرەوە باس کرا، ئەم بەشە تەنها پەیوەندی هەیە بەکێشەکانی دابینکردنی خزمەتگوزارییەکانی خوێندن. کێشەکانی تر پەیوەست نەکراوە بە دەست گەیشتن بەقوتابخانە، وەك کەمی خواستی خویندن، پەسەندنەکردنی خزمەتگوزارییەکان، ئاستەنگەکان وەك زمان...هتد، ئەو هۆکارەنە خراونەتە بەشی کۆتایی ئەم راپۆرتە.

**ڕێژەی تەمەنی منداڵ لە نێوان ٦ بۆ١٤ کە پەیوەندییان نەبووە بە قوتابخانەوە بەهۆی بەربەستی چوونیان بۆ قوتابخانە تارادەیەك نزمە لەسەرتاسەری ناوچە شارنشینەکان**

## خزمەتگوزارییە تەندروستیەکانی ناوچە شارنشینەکان

بەشێوەکی گشتی ڕەزامەندییەکی باش هەیە سەبارەت بە دەست گەیشتن بە خزمەتگوزارییە تەندروستیەکان لە ناوچە چارەنشینەکاندا، بە ڕێژەی ٧٥٪ لە وەڵامدەرەوەکان بە ئاستێکی باش هەڵسەنگاندیان بۆ ئەو بواە کردووە(١٢٪ زۆرباشە و ٤٥٪ باش).لەناوچەکانی وەك چەمچەماڵ، دەربەندیخان، سیدصاق، و هەڵەبجە ئاستی ڕەزامەندی زۆربەرزترە لە تێکڕای ئاستی گشتی لە سەرتاپای هەموو کۆمەڵەکان.

هەرچەندە، کۆمەڵێك لە نارِەزایی بوونی هەیە لە هەندێ ناوچەدا. لە کاتێکدا لە ناوەندی قەزای سلێمانی٢٠٪ لە خێزانەکان بە ئاستێکی کەموکوڕ خزمەتگوزارییەکایان هەڵسەنگاندووە، لە کەلار و کفری ڕێژەکە نزیکە لە ٥٠٪. هۆکاری سەرەکی بۆ ئەو ڕێژە نزمە بە شێوەیەکی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ کەمبونەوەی چۆنێتی خزمەتە دابین کراوەکە، کە ئەویش پەیوەندی هەیە بە قەیرانی دارایی. مانای کەمبونەوەی تواناکان و دەستکەوتنێکی کەمتر. شکستی لە دابین کردنی تێچووی خزمەتگوزارییەکانی تر، لە خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی لە کەرتی تایبەت بە هەمان شێوە کاریگەرییەکی نەرێی هەیە لەسەر دەست کەوتنی خزمەتگوزاری چاودێری تەندروستی، وەك ئاماژەی پێدرا لەلایەن چەند خێزانێکەوە لە گفتوگۆی گروپە دیاریکراوەکان(FGD).

# ٤. پێکەوەگونجانی کۆمەڵایەتی و کارلێکردنی لە نێوان کۆمەڵگادا

## کارلێکردنی کۆمەڵایەتی لە نێوان کۆمەڵەکاندا

ئەو گەواهییانەی کە کۆکرابوونەوە لە چوارچێوەی گفتوگۆی گروپە دیاریکراوەکان (FGD) ئاماژە بە ڕەوشێکی خراپ دەکەن لەسەر بابەتی تێکەڵاوبوون لە نێوان ئاوارەی ناوخۆیی و کۆمەڵگای خانەخوێ، ئەگەرچی بەشێوەی ڕووکەشی بێت.

لە گفتوگۆکانی نێوان کۆمەڵگای خانەخوێ و گفتوگۆی گروپە دیاریکراوەکان(FGD) بە شێوەیەکی گشتی بریتی بوون لە حاڵەتەکانی سەبارەت بە زیادبوونی کەمی یەکتری قبوڵ کردن لە سەرتاسەری دانیشتوانی ئاوارەی ناوخۆ، وەك کە پێشتر باسکرا، هۆکارەکان پەیوەندییان هەیە بە زیادبوونی کێبرکێ بۆ دەست گەیشتن بە خزمەتگوزارییە گشتییەکان و دامەزراندن، هەروەها ترس لە گۆرانکاری دیموگرافی.

بەشداربووان تێکەڵاوبوونی کۆمەڵایەتیان لەگەڵ ئاوارە ناوخۆییەکانیان گەڕاندەوە بۆ مامەڵەی ڕۆژانە، کە دروست دەبێت لە ئەنجامی کارکردن، نەخۆشخانە، چوون بۆ مزگەوت. هەروەها جیاوازی زمان باسکرا وەك بەربەستێکی سەرەکی سنوردار لەکاتی مامەڵەکردندا.

هەرچەندە ئەو گومانە دەرەوێتەوە کاتێك کە بەشداربووان ئاماژەیان بە تێکەڵاوبوونی زیاتر دا لەگەڵ چەند خێزانێکی تایبەت لە ئاوارە ناوخۆییەکان-بەتایبەت لەگەڵ هاوسێکانیان، یاخود خێزانەکانی هاوڕێی منداڵەکانیان، خێزانە هەژارەکان کە لە نزیکەوە دەژین، ئەوانەی کە دەستی هاوکارییان بۆ درێژدەکەن، تەنانەت خێزانی ئەو ئاوارانەی کەلە ڕێی هاوسەرگیرییەوە بوون بە خزم. بەو شێوەیە بۆ ئەو خێزانانەی کە لەیەکەوە نزیکن، ئەو وێنا و هەستە نەرێیانەی کە هەبووە سەبارەت بە ئاوارە ناوخۆییەکان گۆڕرا بۆ وێنایەکی باشتر لە ڕێی گونجانی کۆمەڵایەتیەوە.

گفتوگۆی گروپە دیاریکراوەکان لەگەڵ ئاوارە ناوخۆییەکان ئاماژەیان بە ئاریشە سەرەکیەکان نەداوە سەبارەت بە گونجانی کۆمەڵایەتی لەگەڵ کۆمەڵگای خانەخوێ، هەروەها زۆرینەیان باسی ئەوەیان کرد کە هاوسەرگیری لەناوخۆیاندا نیشانەیەکی باشە. تەنها هەندێ خێزان، خەمی سەرەکیان پەیوەندی هەبوو بە بەربەستەکان کە خراوەتە سەریان سەبارەت بە ئازادی جموجوڵیان بەهۆی باری ئاسایشەوە، هەندێکیان ئاماژەیان بە جۆری مامەڵەی هەرەمەکی کرد کە لەگەڵیان کراوە لەلایەن کارمەندانی ئاسایش و دەزگا فەرمیەکان، وەك لە کاتی داواکردنی بەڵگەنامە فەرمیەکان، کە بۆ مەبەستی گواستنەوە و گەشت کردن بەکاردێت لەکاتی تێپەڕ بوونیان بەخاڵی پشکنینەکاندا لە نێوان پارێزگاکاندا.

لە گفتوگۆکانی نێوان کۆمەڵگای خانەخوێ و گفتوگۆی گروپە دیاریکراوەکان(FGD) بە شێوەیەکی گشتی بریتی بوون لە حاڵەتەکانی سەبارەت بە زیادبوونی کەمی یەکتری قبوڵ کردن لە سەرتاسەری دانیشتوانی ئاوارەی ناوخۆ. هەرچەندە ئەو گومانە دەرەوێتەوە کاتێك کە بەشداربووان ئاماژەیان بە تێکەڵاوبوونی زیاتر دا لەگەڵ چەند خێزانێکی تایبەت لە ئاوارە ناوخۆییەکان

## مانای سەقامگیری لە ژیانی ڕۆژانەدا

لەسەر بنەمای زانیاری ڕوپێوەکان، لە ڕاستیدا زۆرینەی وەڵامدەرەوەکان ئاماژەیان بە هەستی ئارامی و زۆر ئارام بوون کردووە لە ناوچەکانی خۆیاندا٦. هەمان وەڵام بوونی هەبوو سەبارەت بە دیاردەی هەراسان کردنی شەقامەکان، لە کاتێکدا لە ڕوپێوەکەدا هیچ وەڵامدەرەوەیەك ئاماژەی بە حاڵەتی هەراسان کردنی شەقام نەکرد، جگە لە شاری کەلار نەبێت کەلە کۆی ١٢٠خێزانی بیراو ٤ خێزان ئاماژەیان بە بوونی ئەو دیاردەیە کرد(٤خێزانەکە لەئاوارە ناوخۆییەکان بوون).

ئەو زانیارییانە لە گفتوگۆی گروپە دیاریکراوەکان لە هەموو کۆمەڵە دانیشتوانەکان، پشت ڕاست کرانەوە. هەموو خێزانی ئاوارە ناوخۆییەکان ئاماژەیان بە سەقامگیری لە ڕووی ئارامیەوە کرد لە شوێنی نیشتەجێکانیان لە پارێزگاکە، سەرەڕای ئەوەی کە هەندێ جار بەربەستیان هەبووە لە جموجوڵ و گواستنەوەدا.

تەنها ئاریشەیەك کە ئاماژەی پێدرا لە گروپەکەدا بریتی بوو لە ناکۆکی و شەڕی گەڕەك و شەقامەکان لە نێوان منداڵدا بە هۆکاری زێدی ڕەسەنی خۆیان. بۆ گۆمەڵگای خانەخوێ، ئارامی لە گەڕەکەکانیان جێگیرە و پارێزگاری لێدەکرێت سەرەڕای هاتنی خێزانە نوێیەکان، هەرچەندە هەندێ لە بەشداربووان ئاماژەیان کرد بە وریایی و ئاگایی زیاتر. زۆرینەی کەسەکان ئاماژەیان کرد بە کەسە هەڵبژێراوەکەیان«موختار» وەك کەسێکی دیار و گرنگ بۆ چارەسەرکردنی ئاریشە و ناکۆکیە گشتیەکان، یان هەڵە تێگەیشتنێك بێ ئەوەی پەنا بریێتە بەر هێزەکانی ئاسایش.

٦. بابەتەکانی وەك ئارامی، توندوتیژی، هەروەها پێکەوە ژیان لە نێوان کۆمەڵە دانیشتوانەکاندا کارێکی قورسە بۆ هەڵسەنگاندن بەتایبەت لەسەر بناغەی ڕوپێوی لێکۆڵینەوەکان بەهۆی سنورداری گەڕانەکان وەك تێڕوانینەکان بەهۆی پرسیارنامەکانەوە. وەڵامدەرەوەکان دەشێت هەمیشە ڕازی نەبن یان پێیان خۆش نەبێت کە هاوبەشی هەست و خواستەکانیان بکەن. لەبەرئەوە سنوردارییەکان بۆ نوێنەرایەتیەکانی وەڵامەکان لەسەر ئەو بابەتانە دەبێت بە هەند وەربگیرێت.



یەکێك لە قوتابخانەکانی کۆمەڵگەی خانەخوێ، لەلایەن ئاوارە و پەنابەرەکانەوە بەکاردەهێنرێت،شەقامی ئاشتی، سلێمانی،  وێنەگر: فەریق هەڵەبجەیی، ٢٠١٦

## ٥. هۆکارە نەرێنی و ئەرێنیەکان: چۆڵکردن، کۆچکردن هەروەها گەڕانەوە بۆ زێدی ڕەسەن

### پاڵنەرێکی نەرێنی، چۆڵ کردن لەلایەن خێزانەکانەوە

بە تێکڕا ولە ١٢ مانگی ڕابوردودا، نزیکەی ٦٪ خێزانەکانی ناوچە بە ئامانجکراوەکان ئاماژەیان بە چۆڵ کردن کردووە. ئەو ناوچانەی کە زۆرترین دووبارەبونەوەی دیاردەی چۆڵ پێکردن ڕوویدا لە شارەکانی کفری و کەلار بوو، هەرچەندە زۆرینەی حاڵەتەکان(بە ژمارەی تەواو) ڕوویانداوە لە ناوەندی قەزای سلێمانی.

لەگەڵ ئەوەشدا ڕێژەیەکی بەرچاو جیاوازی هەیە لە نێوان ئەو ناوچانەی کە بەر گەورەترین لێشاوی ئاوارەکانی ناوخۆیی و پەنابەران بوونەتەوە و ئەو ناوچانەی کە کەمترین کاریگەری بەرکەوتەی ئاوارەبوون هەبووە لەسەریان (شێوەی١١). ئەمە هەندێ پەیوەندی بە جیاوازی ڕێژەی چۆڵپێکردن لە خۆدەگرێت لەسەرئاستی کۆمەڵەی دانیشتوانەکان، لە کاتێکدا کە ئاوارەی ناوخۆیی بەتایبەتی خۆی ڕێژەیەکی بەرزی هەیە، بە ڕێژەی ٢٢٪ لە خێزانەکان تووشی چۆڵ پێکردن هاتوون[٧].

هۆکاری زۆرینەی حاڵەتەکانی چۆڵ پێکردن پەیوەندیدار بە بابەتی کرێ و بەردەوام نەبوونی کرێ، پاڵپشت بەو خێزانانەی کە وەڵامیان داوەتەوە و تووشی ئەو حاڵەتە بوونەتەوە بە ڕێژەی ٣٥٪. دووەم هۆکاری سەرەکی کە باسکراوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە خاوەن موڵکەکە ئاماژەی بەوە کردووە کە چیتر خواستی ئەوەی نیە موڵکەکەی بەکرێ بداتەوە بەو خێزانە. لەگەڵ ئەوەشدا، ٤٠٪ لە خێزانە وەڵام دەرەوەکان ئاماژەیان بە هەڵبژاردەی»هی تر« کرد کەلە ڕوپێوەکەدا باس نەکرابوو.

### پاڵنەرێکی نادیار: کۆچکردن بۆ دەرەوەی وڵات

بە تێکڕا و بە نزیکەی ٦٪ خێزانەکانی هەموو کۆمەلە دانیشتوانەکان، بەلایەنی کەمەوە ئەندامی خێزانێك هەیە کە ئاماژەی بە پلانی جێهێشتنی خێزانەکەی کردووە. لەوانە، زۆرینەی خواستی ڕۆیشتنیان هەیە بۆ دەرەوەی هەرێمی کوردستان و دەرەوەی عێراق، لە کاتێکدا کە ڕێژەی ئەو خێزانانەی کە ئاماژەیان بۆ ڕۆیشتن داوە بۆ درەوەی عێراق بۆ ئەوروپا نزمە. بە گشتی ئەو خێزانانەی کە خواستیان کۆچ بکەن بۆ ئەوروپا کەمترن لە ١٪ لە کۆی گشتی دانیشتوانی خەملێنراو.

لە ڕاستیدا، بە بەراورد بە گفتوگۆی گروپە دیاریکراوەکان(FGD) کەئەنجامدراوە لە پارێزگاکانی تر، بەشداربوانی هەموو کۆمەڵە دانیشتوانەکان لە و گروپە بۆ پارێزگای سلێمانی ئاماژەیان کرد کە ژمارەیەکی کەم ڕۆیشتوون و یاخوود خواستیانە کە بڕۆن هۆکاری سەرەکیش دەگەڕێتەوە بۆ تێچووی ڕۆیشتنەکە و مەترسی ڕێگاکە. خواستی ڕۆیشتن لەهەر حاڵەتێکدا بەشێوەیەکی بەرچاو لە ناو پەناران و کۆمەڵگای خانەخوێ بەدیکرا، لەم حاڵەتەی دواتردا زۆرینەی بەشداربووان ئاماژەیان بە سەرکەوتنی هەندێ لە خزمان و هاوڕێیان کرد بۆ ئەوروپا و هانیان داون بۆ ڕۆیشتن.

**شێوەی١١.دابەش بوون و کۆی گشتی ئەو خێزانانەی کە تووشی چۆڵ کردن هاتوون لەسەر ئاستی شوین و کۆمەڵەی دانیشتوانەکان لە ماوەی ١٢مانگی رابوردودا.**




تێبینی: ژمارەی حالەتەکانی چۆڵکردنەکان لە سەرئەنجامی وەڵامدانەوەکانی ڕوپێوەکە وەرگیراوە

٧. ژمارەکانی کۆمەڵگای خانەخوێ(٣,٥٪) هەموو خێزانەکان لە خۆدەگرێت، پەیوەندی نەبێت بەوەی کە خاوەنی خانووی خۆیەتی یاخود ئەو خانووەی بەکرێگرتووە کە تیایدا دەژی. تەنها ئەو خێزانانە لەبەرچاو دەگیرێن کە خانووەکانیان کرێ یە، ڕێژەی دیاردەی چۆڵ کردن بۆکۆمەڵگای خانەخوێ هێندەی ڕێژەی ١١,٧٪ بەرزترە.

## هاندەرێکی ئەرێیانە: ڕازی بوون و ئاسانکاری بۆ گەڕانەوە بۆ زێدی ڕەسەن

بیروبۆچوونی زۆرینەی خێزانە ئاوارەکان لەسەر بابەتی گەڕانەوە کە کارێکی ئاسان و حەزپێکراوە وەك مەودایەگی ماماناوەند، بە تیکڕا نزیکەی٨٥٪ لە پەنابەرە سوورییەکان و ٧٩٪ لە ئاوارە ناوخۆییەکان ئاماژەیان بە ڕەزامەندی خۆیان داوە لەسەر گەڕانەوە. هەرچەندە لە هەندێ حاڵەتدا ڕێژەیەکی بەرچاوی خێزانە ئاوارەکان هیچ خواستێکی گەڕانەوەیان نیە لەم ساتەدا (شێوەیەی١٢). ئەمە حاڵەتێکی تایبەتە بۆ ئاوارە ناوخۆییەکان لە پارێزگا ناکۆکی لەسەرەکانی وەك دیالە، بەغداد، کە بەریتیە لە ٣٨٪ و ٤٢٪ بەدوای یەکدا بۆ ئەو خێزانانەی کە ئاوارەبوون خواستیانە لە هەرێمی کوردستان بمێنەوە و یاخود کۆچ بکەن بۆ شوێنێکی تر.

بۆ ڕوودانی هەل و مەرجی گەڕانەوە، بەشێوەیەکی سەرەکی هەموو خێزانەکان (جگە لەو خێزانانەی کە خواستیان نیە بۆ گەڕانەوە) ئاماژەیان بە **مەرجێکی سەرەتایی** کرد بۆمەبەستی گەڕانەوە، ئەویش بریتی بوو لە ئازادکردنی ناوچەکانیان، **مەرجی دووەم** بریتی بوو لە جیاوازییەکی کەم سەبارەت بە سەرلەنوێ بونیادنانەوە، گەڕانەوەی دۆخەکە بۆ باری ئاسایی خۆی، گەڕانەوەی موڵك سامانەکانیان لە زێدی خۆیان.

بەتایبەتی ٣٦٪ لە ئاوارە ئاوخۆییەکان ئاماژەیان کرد بە نۆژەنکردنەوەی خانوو ماڵەکانیان وەك مەرجێك بۆ گەڕانەوە،٢٥٪ مەرجی پێشوەختیان بریتی بوو لە گەڕاندنەوەی موڵك و ماڵەکانیان، هەروەها ١٥٪ داوای هاوکاری داراییان دەکرد.

ئەم حاڵەتە هاوشێوە بوو لەگەڵ ئەوانەی کە زێدی ڕەسەنیان لە پارێزگاکانی ئەنبار، بەغداد، و سەلاحەدین بوو، لە کاتێکدا ئەوانەی کە لەناوچەکانی دیالە بوون مەرجی سەرەکییان بریتی بوو لە هاوکاری دارایی لە سەروو مەرجەکانی تریان کە دەگەیشتە ڕێژەی ٣٨٪ لە خێزانەکان. سەبارەت بە پەنابەرەکان بەتایبەت، دابەش بوونێکی هاوشێوە بوونی هەیە:٣٦٪ لە خێزانە سوورییەکان نۆژەنکردنەوەی ماڵ و خانووەکانیان وەك مەرجێك ئاماژە پێکرد، لە کاتێکدا کە ٢٠٪ چاوەڕێی هاوکاریی دارایی دەکەن، هەروەها ١٤٪ داوای گەڕاندنەوەی موڵك و سامانەکانیان دەکرد.

**بیروبۆچوونی زۆرینەی خێزانە ئاوارەکان لەسەر بابەتی گەڕانەوە کە کارێکی ئاسان و حەزپێکراوە وەك مەودایەگی ماماناوەند، بە تیکڕا نزیکەی٨٥٪ لە پەنابەرە سوورییەکان و ٧٩٪ لە ئاوارە ناوخۆییەکان ئاماژەیان بە ڕەزامەندی خۆیان داوە لەسەر گەڕانەوە**

لە کاتێکدا کە مەرجی سەرەکی بۆ خواستی گەڕانەوەی خێزانەکان بریتیە لە گەڕاندنەوەی موڵك و نۆژەنکردنەوەی خانووەکانیان، کەواتە کارێکی مەبەستە بۆ ئەوەی بە قووڵی شیکاری بۆ ئەو بابەتە ئاماژە پێکراوەی خێزانی ئاوارە ناوخۆییەکان و پەنابەرەکان بکرێت.

بە تێکڕای ٦٥٪ لە خێزانەکان خاوەنی خانوو یاخود زەوین لە زێدی ڕەسەنی خۆیان، هەروەها٨٧٪ بەڵگەی نوسراو و فەرمی خاوەندارێتی ئەو موڵکانەیان هەبوو- نەبوونی هەربەڵگەنامەیەك دەبێتە گرفتێکی سەرەکی بۆ گەڕاندنەوەی هەر موڵکێك. هەرچەندە کە نزمترین ڕێژە لە خێزانە ئاوارە ناوخۆییەکان لە پارێزگای دیالە ئەو حاڵەتە تێبینی کرا- بەمانایەکی تر ٢ خێزان لە کۆی ١٠ ئەوانەی کەلە دیالەوە هاتوون ناتوانن بەڵگەی خاوەندارێتی بۆ موڵکەکانیان بسەلمێنن.

شیوەی١٢: دابەشبوونی خێزانەکان کە خواستیانە بگەڕێنەوە لەگەڵ ناوچەی زێدی ڕەسەنیان[1]




١. جگە لە سوورییەکان، تەنها لە پارێزگا عێراقیەکانی وەك ئەنبار، بەغداد، دیالە، و سەلاحەدین دیاری کراون لە شێوەکەدا لەبەرئەوەی٩٣٪ لە ئاوارە ناوخۆییەکان لە ناوچە دیاری کراوەکەی هەڵسەنگاندنەکەدا لەو پارێزگایانەن.

# ٥. خستنەسەرکار لە ناوچە شارنشینەکان

## گفتوگۆ و کورتەی لێکۆلینەوە سەرەکیەکان

یەکێك لەبابەتە گرنگەکان لەمەڕ ئاوارەبوون و قەیرانی دارایی بریتی بوو لە کاریگەرییەکانی هێزی کار لە بازاڕەکاندا کە لە سەرئەنجامی هاتنی ژمارەیەکی زۆری خەڵك بۆ شوێنی کارکردن. لە پارێزگای سلێمانی، هەلی بەگەڕخستنی کارکردن ڕووبەڕوی دۆخێکی مەترسیدار هاتووە، دۆخەکە هەتا ئێستا نەگەیشتۆتە مەترسی.

دانیشتوانی کۆمەڵگای خانەخوێ پارێزگارییان لە هەمان رێژەی کارکردن کردووە پێش قەیرانەکان، هەرچەندە کە رێژەی بێکاری بە بەردەوامی بەرزە، بەتایبەت لەکەرتی تایبەت، کاریگەرییەکانی قەیرانی دارایی زۆر بە قووڵی بینراوە. تەنانەت لە ناوەندی قەزای پارێزگای سلێمانی کە پێشوازی لە نیوەی ئاوارە ناوخۆییەکان و زۆرینەی پەنابەرەکان کردووە، رێژەی کارکردن لە هەمان ئاستدا ماوەتەوە.

کارکردنی پەنابەرە سوورییەکان، لە راِستیدا بەشێوەیەکی بەرچاو لە ئاستێکی بەرزدایە بەرێژەی دانیشتوانی نێرینە کە بریتیە لە ٧٨٪ خێزانی ئاوارە ناوخۆییەکانن بە پێچەوانەوە کە رێژەیەکی نزمی بەرچاوی کارکردن هەیە کە (٥٧٪ بۆ پیاوان و ٨٪ ئافرەتان)، لەگەڵ زۆر بوونی ناچالاکی خەڵکی باڵق (بێکارن و ناگەڕێن بۆکار) دۆخەکە بەو شێوەیەیە، ئەویش بە قەرەبووکردنەوەی بەشێکی خێزانی ئاوارە ناوخۆییەکان بە حەواڵەکردنی پارە لەلایەن حکومەتی فیدڕاڵی عێڕاقەوە بۆ ئەو کارانەی کە پێشتر لەسەری بەردەوام بوون لە زێدی پێشووی خۆیان( تەنها بۆ ئەو کەسانەی کە فەرمانبەری حکومی بوون) .

چالاکی کەرتی تایبەت لایەنی سەرەکیە لە دۆخی بەردەوامی ئاوارەبوون، لەبەرئەوەی ئاوارەکان و پەنابەران، ناتوانن کار بکەن لە کەرتی گشتی حکومەت ( لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ حاڵەتی جیاواز بوونی هەیە بۆ مامۆستا و کارمەندنی بواری چاودێری تەندروستی). لە کاتێکدا لە پاریزگای سلێمانی زۆرینەی دامەزراندنی کار لەلایەن کەرتی گشتی بەرێوەدەچێت، بە رێژەی ٥٥٪ لە کۆمەڵگای خانەخوێ کار بۆحکومەت یان بۆ کۆمپانیا گشتیەکان دەکەن. رێژەیەکی کەمتر لە نیوە لە خێزانی ئاوارە ناوخۆییەکان و پەنابەران کار لە بواری بیناسازییدا دەکەن، دووەمیان لە بوارە زۆر بڵاوەکانی وەك کڕین و فرۆشتن کاردەکەن.

لەسەر بنەمای جوگرافی، ئەو ناوچانەی کە پێشوازیان لە زۆرینەی ئاوارە ناوخۆییەکان و پەنابەران کردووە (لە ناوەندی قەزای سلێمانی و ناوەندی ناوچەکانی تر کە بەر لێشاوێکی زیاتری ئاوارەیی بوون) بەهەمان شێوەی بوونی کارکردن زیاتر بە ئاراستەی کەرتی تایبەتە.

وەك پێشتر باسکرا، رێژەیەکی زۆری بێکاری بەرچاو تێبینی دەکرێت لەسەرتاپای پارێزگاکە، کە گرفتی دیار لە خۆدەگرێت بۆ ئەو دامەزراوانەی کە هەلی کار دەڕخسێنن بۆ ئەو کەسانەی کە بۆ کارکردن دەگەڕێن. هەرچەندە لە کۆمەڵگای خانەخوێ رێژەی بێکاری نزمە بۆ هەرسێ کۆمەڵەی دانیشتوانەکان (٩٪ لە ئەندامانی کۆمەڵگای خانەخوێ، ١٤٪ بۆ پەنابەران و هەروەها ٢٠٪ بۆ ئاوارە ناوخۆییەکان)، بە ژمارەی ڕەها، ٧٧٪ی بێکارەکان سەربە کۆمەڵگای خانەخوێن .

زۆرینەی باسەکانی سەربە ڕزق و رۆزی، بەومانایە بە بەردەوامی کۆمەڵگای خانەخوێ بە ئامانجکراو نەبووە. بە چوونێکی زێدەتر، گرنگترین چەمك بۆ بەرنامەی ڕزق و رۆزی ئەو ڕاستیەیە کە نیوەی تاکەکان کە بێکارن تەمەنیان لە نێوان ١٥ بۆ ٢٤ ساڵە، تێکەڵاوبوونی گەنجان بۆ نێوەندی هێزی کار یەکێکە لە گرفتە مەترسی دار و گرنگەکان، کە تووشی پارێزگای سلێمانی هاتووە.

بێگومان گرنگترین چەمکی گرفت جیاوازی ئاستی خوێندنە لە نێوەندی دانیشتوانی بێکاردا: نیوەی ئەو دانیشتوانە هیچ قۆناغیکی خویندنیان تەواو نەکردوە، لە کاتێکدا نیوەکەی تر خاوەنی بڕوانامەی خوێندنی باڵان. دەشێت گرفتێك بێت بە تێکەڵاوکردنی هەردوو کۆمەڵەی دانیشتوان لە بەرنامەی کارکردن لە دۆخیکی قەیرانی دارایی قووڵدا.

سەبارەت بە دۆخی کارکردنی ئافرەتان، رێژەی کارکردنیان بەشێوەیەکی تێبینی کراو نزمە لەگەڵ بوونی هەلی کارکردنی کەمتر لەدەرەوەی کەرتی تایبەت. ئەم دۆخە لە بەشێکی زۆری کەلتورەکان نەریتە و ئاوا لە کۆمەڵگاوە هاتووە سەبارەت بە ڕۆڵی ئافرەتان. زۆرینەی ئافرەتان لە تەمەنی کارکردندان، ئاوارە یاخود هەر دانیشتوانێکی تر نەخوێندەوارن، کە لە ڕاستیدا بێبەری دەکرێن لە چینی هێزی کار. ئافرەتانی گەنج پلە بە پلە دەچنە ئاستی خویندنی باڵاوە و دواتر گەڕان و چوونە ناو بواری کارکردنەوە.

ئەو بەشداری کردنە دەبێتە گەشەکردنێکی گرنگ بۆ ئابووری لە ناوچەکەدا، بەڵام بێگومان گرفتیك دەخولقێنێت بۆ بواری کارکردن ئەگەر بەشارستانی نەکرێت و کارەکان جۆراوجۆر نەکرێن بۆ ڕەخساندنی کارکردن بۆ ئافرەتانی گەنج.

## ١. دۆخی کارکردنی دانیشتوان

### باسکردنی چەمکەکان

دۆخی کارکردنی دانیشتوان شیکاری دەکرێت بەهۆی سێ نیشاندەری جیاواز. **یەکەم**، ڕێژەی تەمەنی تاکەکان لە نێوان ١٥ بۆ ٦٤ ساڵ ئەوانەی کە تا ماوەی ئەومانگەی کە ڕوپیوەکە بەردەوامی هەبووە، یا کاری بۆ خۆی کردبێت یاخود بەکرێ کاری کردبێت، بە کاری تەواو یان نیوەدەوام (خاوەنی کاربووە).

**دووەم** بەهۆی ڕێژەی تەمەنی تاکەکان لە نێوان ١٥ تا٦٤ ساڵی، ئەوانەی کە کاریان نەکردووە، بەلام چالاك بوون لە گەڕان بەدوای کاردا، بۆیەکەم جار بێت یان دوای لەدەست دانی کارەکەی پێشووی (بەدوای کاردا دەگەڕێت).

**سێهەم** بەهۆی ئەو ڕێژەیەی کە ماوەتەوە لە تاکەکان کە تەمەنیان لە نێوان ١٥ تا ٦٤ ساڵە و لەدەرەوەی سنوری هێزی کارن، کە بریتین لە خوێندکار بەدەوامی تەواو، کەمئەندامان کە ناتوان کاربکەن، ژنی ماڵەوەن، خانەنشین بوون، یاخود کەسەکە خۆی حەزی بە کارکردن نیە. ئەو تاکانە لە ڕووی ئابوورییەوە کەسانی ناچالاکن، وەك بەشێك لە دانیشتوانی کار هەژمار ناکرێن (لەدەرەوەی هێزی کارن). هەموو ئەو پۆلێن کراوانە کۆی گشتیان بریتی یەلە ١٠٠٪.

چەمکەباوەکانی ڕێژەی کار وبێکاری بە تەواوەتی جێ بەجێ نابێت بەسەر ناوەڕۆکی هەرێمی کوردستان و بەسەر ڕێکخستنی دۆخی ئاوارەبوونێکی ئاڵۆز لە حاڵی ئێستادا پێناسەی کارکردن نمونەیەکە بۆئەو حاڵەتە: کارکردن یان بێکاری نافەرمی لە چوارچێوەی ئەم ناوەڕۆکەدا بڵاوە، مەبەست لێرەدا ئەوەیە کە تاکەکان کاری دەوامی تەواویان نەکردووە بە درێژایی مانگێك بەڵکو بەشێوەی کاتی بووە و لە چەندشوێنێکی جیاواز بۆ چەند ڕۆژێك.

**چەمکەباوەکانی ڕێژەی کار وبێکاری بە تەواوەتی جێ بەجێ نابێت بەسەر ناوەڕۆکی هەرێمی کوردستان و بەسەر ڕێکخستنی دۆخی ئاوارەبوونێکی ئاڵۆز لە حاڵی ئێستادا**

لە ڕێبازی بۆچونی ڕوپێوەکە لە ڕاپۆرتەکەدا، تاکەکان وەك کارمەند هەژمار دەکرێن، تەنانەت ئەگەر بۆ یەك هەفتە کاری کردبێت لە ماوەی مانگێکدا، کاتەکەی تری بۆ گەڕان بەدوای کاردا بەسەربردووە.بەو شێوەیە بێکاری دەرنەکەوتووە لە زانیارییەکاندا. سەرەڕای ئەوە کارکردن بۆ بەرژەوەندی خۆی پۆلێنیکی گۆڕاوە کە لە زۆرینەی حاڵەتەکانی کارکردنی ناجێگیردا شاراوەیە. لەبەرئەوە سنورەکانی بێکاری کارێکی ئەستەمە بۆ پێناسکردن بەتایبەتی لەبەرئەوەی تۆڕێکی سەلامەتی لە ئارادا نیە بۆ هیچ کەسێك کە بەفەرمی دەربخستبێت کە بێکارە یان کاری لەدەست داوە وەك ئەوەی لە وولاتانی تردا تێبینی دەکرێت.

لە کۆتاییدا هەندێ سنورداری جێبەجێ دەبێت بەسەر زانیارییەکانی دۆخی کار لە دانیشتوانی ئاوارەناوخۆییەکان کە پەیوەندی هەیە بە ناڕوونی سەبارەت بە دۆخی ئێستای کارکردن لە پارێزگای سلێمانی، لە کاتێکدا کە زۆرینەی ئاوارە ناوخۆییەکان شوێنی کارکردنیان لە کەرتی گشتیدا پارێزراوە لەزێدی ڕەسەنی خۆیان و مووچەیان پێدەدرێت[٨].

بۆ ئەو مەبەستەی سەرەوە، شیکاری دۆخی دانیشتوانی کار دابەش دەبێت بەسەر ئەم سێ نیشاندەرانە «لە کاردایە»، «بەدوای کاردا دەگەڕێت» هەروەها « لەدەرەوەی هێزی کارە». جۆری کۆمەڵایەتی»جێندەر» ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لەم شیکاری کردنەدا لەکاتێکدا کە ڕێژەی ئافرەتان لەدەرەوەی هیزی کار زۆر بەرزە ئەگەر بەراورد بکرێن لەگەڵ پیاوان. لەبەرئەوە دۆخی کارکردن لێرەدا هەمیشە بە هۆی جۆری کۆمەڵایەتی»جێندەر» جیاکراوەتەوە، هەروەها زانیارییەکان لەسەر ئافرەتان و بەشداری پێکردنیان لە هێزی کاردا لە دوایدا ئاماژەی پێدەدرێت لەم بەشەدا.

٨. کاتێك پرسیار کرا لە وەڵامدەرێکی ڕوپێوی ئاوارە ناوخۆییەکان دەربارەی باوردۆخی کارکردنی، ئەگەر ئەو کار بکات یان نا، بەڵام لە زێدی ڕەسەنی خۆی نەك پارێزگای سلێمانی. ئەو کەسە حاڵەتی کارکردنەکەی پارێزراوە بەتایبەت لە کەرتی گشتی. بۆ نمونە: مامۆستایەك لە پارێزگای ئەنبار دەڵێت ئەو هێشتا لەکاردایە و مووچە وەردەگرێت، هەرچەندە لەسەرکار نیە بەهۆی ئاوارەییەوە. لە ڕووی هونەریەوە ئەم کەسە لە پارێزگای سلێمانی کار ناکات. هەرچەندە ئاوارە ناوخۆییەکانی تر دەشێت کاربکەن لە ڕاستیدا لە پارێزگای سلێمانی. ئەم جیاکارییە جێبەجێ نابێت لەو زانیارییانەی کە لە بەردەستدایە.

## زانیاری لەسەر دۆخی کارکردن

ئەم بەشە شیکاری کارکردن لە ناوچە شارنشینەکان دەکات بە بەراوردکردنی دۆخی کارکردنی کۆمەڵەی دانیشتوانەکان، چینەکان، تەمەن، جۆری کۆمەڵایەتی (جێندەر). باری گشتی ئەو ناوچانە کە لە هەڵسەنگاندنەکە دیاری کرابوون دەرکەوت کە٤٠٪ دانیشتوانی باڵق کاردەکەن، لە هەردوو رەگەز بەیەکەوە پیاوان و ئافرەتان و بەسەربەخۆیی لە کۆمەڵەی دانیشتوانەکان. کە ئەمە پۆلێن کراوە بۆ ٦٩٪ پیاوان و ١٣٪ ئافرەتان.

بە بەراورد لەگەڵ پارێزگاکانی تر لە هەرێمی کوردستان (تەنها لە ناوچە شارنشینەکاندا) تێکڕای ڕێژەکە، بۆ پیاوان و ئافرەتان کۆکراوەتەوە کەلە نێوان ٣٩٪ لە دهۆك و ٤٢٪ لە هەولێرە.

لەسەر ئاستی کۆمەڵەی دانیشتوانەکان (شێوەی١٣)ڕێژەیەکی زۆر بەرز هەیە لە کارکردن لە نێوان پیاوانی پەنابەری سووری بە ٧٨٪ بە بوونی ڕێژەیەکی کەمیان لە دەرەوەی هێزی کار(بۆنموونە ڕێژەیەکی کەمیان خوێندکارن بە دەوامی تەواو، کەمئەندام، کەسانی ناچالاکن بەراورد لەگەڵ کۆمەڵەکانی تر).

**ڕێژەیەکی زۆر بەرز هەیە لە کارکردن لە نێوان پیاوانی پەنابەری سووری بە ٧٨٪ بە بوونی ڕێژەیەکی کەمیان لە دەرەوەی هێزی کار، وە کۆمەڵگای خانەخوێ و ئاوارە ناوخۆییەکان لەلایەکی ترەوە، هەمان بەشداربوونی هێزی کاریان هەیە**

کۆمەڵگای خانەخوێ و ئاوارە ناوخۆییەکان لەلایەکی ترەوە، هەمان بەشداربوونی هێزی کاریان هەیە، بەڵام ئاوارە ناوخۆییەکان ژمارەیەکی زۆر لە تاکەکانیان دەگەڕێن بۆ کارکردن. بەمانای بەراورد کردن کەمی کارکردن کاریگەری دەبێت لەسەر کۆمەڵگای ئاوارە زیاتر لە گۆمەڵگای خانەخوێ. بەگشتی زۆر لەو ژمارانە دەچن کە بەدیدەکرێن لە پارێزگاکانی تر لە هەرێمی کوردستان بەبێ بوونی هیچ جیاوازییەکی تێبینی کراو لە ژمارەکاندا.

لەسەر ئاستی چینی جوگرافی، ناوچەکانی کفری و کەلار جیاوازن لە قەزاکانی تر بە بوونی ڕێژەیەکی نزمی ئەو خەڵکانەی کە کاردەکەن.

ئەمە وەك کەمی بوونی کارکردن باس ناکرێت (ڕێژەی ئەو خەڵکانەی کە بەدوای کاردا دەگەڕێن زۆر یەکسانن)، بەڵام لە ڕاستیدا کەسانێکی زۆر هەن کە ناچالاکن، یاخود لەدەرەوەی هێزی کارن، دەشێت لەبەر هۆکاری گۆڕانی بارودۆخەکە لەو ناوچانەدا. سەبارەت بە دۆخی کارکردنی ئافرەتان، ڕێژەکە زۆر بەرزە تا ڕادەیەك لە ناوەندی قەزای سلێمانی بەراورد لەگەڵ ناوەندی ناوچەکانی دەوروبەر.

لەسەر ئاستی کۆمەڵەی تەمەنەکان، نزمترین ئاستی کارکردن کە تێبینی بکرێت لە نێوان گەنجدایە(٢٨٪ بۆ پیاوان، ١٪ بۆئافرەتان) زۆرینەیان خوێندکارن بەدەوامی تەواو. بۆ ئەو کۆمەڵە تەمەن گەنجە، ڕێژەی ئەو تاکانەی کە بەدوای کاردا دەگەڕێن بەرزتر نیە لە کۆمەڵەی تەمەنەکانی تر، کە ئاماژەیەکە پارێزگاکە کێشەی گەنجی بێکاری نیە بەشێوەیەکی بەرچاو. ڕێژەی کارکردن بۆ ئەو تاکانەی کە تەمەنیان زیاترە لە ٢٥ ساڵ زۆر بەرزە، بە ڕێژەی ٩٠٪ بۆ پیاوان و ١٩٪ بۆ ئافرەتان.

سەبارەت بە جۆری کارکردن بۆ ئەو تاکانەی کە کاریان هەیە، بە تێکڕا نزیکەی ٣ لە کۆی ٤ کرێکار بە کرێ کاردەکەن لە ناوچە شارنشیەکان. زۆرینەی ئەوانەی کە ماونەتەوە بۆخۆیان کاردەکەن بە ڕێژەی ٢٠٪، هەروەها کەمینەی خاوەن کاری سەربەخۆن بەڕێژەی ٥٪. ڕێژەی ئەوانەی کە بۆخۆیان کاردەکەن زۆر بەرزە لە ناوچەکانی کەلار و کفری هەروەها نزمترە لە ناوچەکانی تری پارێزگاکە.

زانیارییەکە بەشی زۆری ئەو کەسانەیە کە بەکرێ کاردەکەن( لە کەرتی تایبەت) لە کەرتی نافەرمی چالاکی ئابوری، بەبێ نوسراوی ڕێکەوتنامەی کار. ڕێژەی ئەو کەسانەی کە کاردەکەن بە بوونی ڕێکەوتنامەی کارکردن بریتیە لە٨٪ لە کفری و کەلار، ١٤٪ لە ناوەندی قەزای سلێمانی، هەروەها ٣٢٪ لە ناوەندی ناوچەکانی تری دەوروبەر. ئەو ڕێژەیە زور نزمە، بەتایبەتی بۆ پەنابەران و ئاوارەی ناوخۆییەکان (تەنها ٩٪ لە کرێکارەکان لەو کۆمەڵە دانیشتوانانە ڕێکەوتننامەی کاریان هەیە)، لەکاتێکدا کە ڕێژەکە بۆ کۆمەڵگای خانەخوێ بریتی یە لە ٢٣٪

شێوەی ١٣.دۆخی کارکردن بۆ تاکەکان تەمەنی نێوان ١٥ بۆ ٦٤ لەسەر ئاستی جێندەر، کۆمەڵەی دانیشتوان، چینەکان، تەمەنی کۆمەڵەکان



## ٢. شێوازە جوگرافیاییەکان لەسەر دۆخی کارکردن

### کار لە کەرتی گشتی و تایبەت

شێوەی زۆری کارکردنەکان بوونی هەیە لە هەموو چینە جوگرافیاکانی پارێزگای سلێمانیدا بەشێوەیەکی گشتی لە کەرتی گشتی(٥٥٪ دانیشتوانی کار بۆ کەرتی حکومی و کۆمپانیا حکومیەکان).

شیکارییەك بۆ کارکردن دروست کرا لەلایەن کەرتی تایبەت بۆ هەر چینێك کە پیشانی دەدات ناوەندی ناوچەکانی دەوروبەر کە بەر لێشاوێکی قورسی دانیشتوانی ئاوارە بونەتەوە، هەروەها ناوەندی پارێزگای سلێمانی ڕێژەیەکی بەرزتری هەیە بۆ گەشەکردنی کەرتی تایبەت بە بەراورد لەگەڵ ناوچە شارنشینەکانی تر(شێوەی١٤).

سەبارەت بەکارکردن لە کەرتی تایبەت، هەر ناوچەیەکی جوگرافی پێکهاتەیەکی جیاوازی ئابووری دەر دەخەن (خشتەی٣). بەگشتی لە پارێزگای سلێمانی تێبینی دەکرێت کە ئابووری هەمەچەشنە بە بەراورد لەگەڵ پارێزگاکانی تر کە بەشێوەیەکی چڕوپڕ کۆبونەتەوە لەبواری بیناسازی کە لە ئێستادا لە قەیراندایە.

هەرچەندە کە زۆرینەی بواری کارکردنەکان لەلایەن کەرتی تایبەتەوە دەبرێت بەڕێوە لە بوارەکانی (کڕین و فرۆشتن، نیشتەجێ بوون، چاککردنەوە،. هتد...) بە دوایاندا بواری بیناسازی و کشتوکاڵی. پیشەسازی و کاری کانەکان لە کەرتە لاوەکیەکان.

شێوەی ١٤.ڕێژەی کارکردن لە کەرتی تایبەت




تێبینی: لەسەر بنەمای پێگە نزیکەییەکانی جوگرافی لەسەر نەخشە. ئەو قەزایانەی کە بەرلێشاوی قورسی ئاوارەیی بونەتەوە وەك چەمچەماڵ، دەربەندیخان هەروەها دوکان. ئەو قەزایانەی کە بەر لێشاوێکی کەمتر بونەتەوە وەك هەڵەبجە، پشدەر، رانیە،سیدصادق، شارەزوور

**خشتەی٣. کەرتی سەرەکی ئابوری**

| ڕێژەی گشتی دانیشتوانی کار لە کەرتی تایبەت | کەرتی ئابوری | چینەکان |
|---|---|---|
| 42% | بازرگانی تاك و کۆ | ناوەندی قەزای سلێمانی |
| 20% | بیناسازی | |
| 6% | خۆراك و نیشتەجێ بوون | |
| 26% | چاککردنەوەی ئامێرەکانی ماڵ | کەلار و کفری |
| 25% | بازرگانی تاك و کۆ | |
| 24% | بیناسازی | |
| 11% | کشتوکاڵ | |
| 27% | بازرگانی تاك و کۆ | ناوەندی ناوچەکانی تر |
| 20% | کشتوکاڵ | |
| 20% | بیناسازی | |
| 8% | پیشەسازی | |

## کەمی هەلی کارکردن

سەبارەت بە کەرتی ئابوری تایبەت کە ئاوارە ناوخۆییەکان و پەنابەران کاری تێدا دەکەن، دەبێت لەبەر چاوبگیرێت کە ئەو کۆمەڵە دانیشتوانانە دەتوانن تەنها لە کەرتی تایبەت کاریان دەست بکەوێت. بیناسازی تەنها کەرتێکی پەیوەندیدارە، کە بەرێژەی ٤٥٪ لە ئاوارە ناوخۆییەکان و پەنابەران لە خۆ دەگرێت بۆکارکردن.

بواری کڕین و فرۆشتنی تاك و کۆ بە پلەی دووەم دێت کە بڵاوبێت بۆ کارکردن بۆ دانیشتوانی ئاوارە کە ٢٠٪ تێیدا کاردەکەن بە دوایدا بواری نیشتەجێ بوون و خۆراك وەك سێهەم کەرتی سەرەکی، کە ٨٪ کارکردن لە خۆ دەگرێت.

کشتوکاڵی لەلایەکی ترەوە تەنها لە ناوەندی ناوچەکانی تر بەربڵاوە کە نزیکەی هیچ لە پەنابەران و ئاوارە ناوخۆییەکان لە ناوەندی قەزای سلێمانی و لە کەلار و کفری لە خۆ ناگرێت.

**ناوەندی ناوچەکانی دەوروبەر ئەوانەی کە بەر لێشاوی قورسی دانیشتوانی ئاوارە بونەتەوە وا دەردەکەوێت کە ڕێژەی بێکاری تێیاندا لە ئاساتێکی بەرزدایە، بەڵام بەشێوەیەکی بەرچاو لەسەروو ئاستی ئەوانی ترەوە نابینرێت**

ئەم زانیارییانەی لای خوارەوە ڕاستی ڕێژەی بێکاری دەردەخەن بۆ ناوچە جوگرافیە جیاوازەکان، کە هەژمارکراوە بەشێوەی بەشی ئەو کەسانەی بەدوای کارکردندا دەگەڕێن لە چوارچێوەی کۆی گشتی ژمارەی هێزی کار. بێکاری (کۆکراوەی کۆمەڵگای خانەخوێ، پەنابەران، ئاوارەی خانەخوێ) تا ڕادەیەك هاوشێوەیە لە هەموو چینە جوگرافیەکان (شێوەی١٥).

وەك چاوەڕێ کرا، ناوەندی ناوچەکانی دەوروبەر ئەوانەی کە بەر لێشاوی قورسی دانیشتوانی ئاوارە بونەتەوە وا دەردەکەوێت کە ڕێژەی بێکاری تێیاندا لە ئاساتێکی بەرزدایە، بەڵام بەشێوەیەکی بەرچاو لەسەروو ئاستی ئەوانی ترەوە نابینرێت.

پێویستە تێبینی بکرێت، بۆنمونە کە ناوەندی ناوچەکانی تر لە هەرێمی کوردستان وەك: شەقڵاوە، شێخان، نزیکەی ڕێژەکەیان دەگاتە دوو هێندە لە بێکاری بەبەراورد لەگەڵ ڕێژەی تێکرا لە ناوچە شارنشینەکانی پارێزگای سلێمانی.

شێوەی١٥.ڕێژەی بێکاری لەسەر ئاستی چینەکان






مزگەوتی گەورە، بازاڕی شاری سلێمانی، لەلایەن ئاوارە و پەنابەر و کۆمەڵگەی خانەخوێوە بەکاردەهێنرێت، وێنەگر: فەریق هەڵەبجەیی، ٢٠١٤

## ٣. تێکەڵاوبوونی دانیشتوان بۆ هێزی کار

### چینی بێکارەکان کێن؟

بەشێکی دانیشتوان کە بێکارن و بەدوای کاردا دەگەڕێن لێرەدا پۆلێن کراون بۆ بەشی دیموگرافی و بەشی ئابووری-کۆمەڵایەتی جیاواز، وەك کۆمەڵەی دانیشتوان، تەمەن،خوێندن، شارەزایی، هەروەها جۆری کۆمەڵایەتی(جێندەر) (شێوەی١٦). ئەمە کارێکی بە سوودە بۆ تێگەیشتن لەوەی چ بەشێکی دانیشتوان پێویستی زیاتری بە سەرنج پێدان هەیە بە زیادبوونی چینی کارکردن.

هەرچەندە، ئاستی بێکاری تارادەیەك لە ئاستێکی بەرزدایە بۆ کۆمەڵگای ئاوارە ناوخۆییەکان و پەنابەران زیاتر لە کۆمەڵگای خانەخوێ، بە ژمارەی تەواو نزیکەی ٧٧٪ لە کۆی گشتی ژمارەی تاکەکان کە لە ئێستادا بێکارن لە کۆمەڵگای خانەخوێن، کە قەوارەی بێکاری پێکدەهێنن.

لەوە زیاتر، کارێکی گرنگ دەبێت بە دیاری کردنی کە ٣٦٪ تاکەکان کەبەدوای کاردا دەگەڕێن کە بریتین لە ئافرەت، کە گرفتێکی تایبەت دەخولقێنن بە مانای دەست گەیشتن بە بازاڕی کار-ڕێژەی کارکردنی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستانی عێراق، لە ئاستێکی نزمدا دەبینرێت مێژوویەکی کۆنی هەیە، بەتایبەت لە دەرەوەی سنوری شارە گەورەکان، هەر لە دێر زەمانەوە نەریتێکی کەلتوری هەیە کە بە بەردەوامی ڕێگربووە لە کارکردنی ئافرەتان. زۆرینەی ئەوئافرەتانەی کە بۆ کاردەگەڕێن کەوتونەتە ناوەندی قەزای سلێمانی.

**دانیشتوانی بێکاری جیاکراوتەنەوە و دابەش بوون: نیوەی بێکارەکان خاوەنی ئاستێکی نزمی سەرمایەی مرۆیین( کە هیچ ئاستێکی خوێندنی فەرمیان تەواو نەکردووە)، نیوەکەی تری خاوەنی بڕوانامەی خوێندنی باڵان، لەگەڵ ئەوەشدا هەردوو کۆمەڵەکە لە توانایاندا نیە کار بدۆزنەوە**

سەبارەت بە زانیاری دیموگرافی، نزیکەی نیوەی تاکە بێکارەکان لە نێوان تەمەنی ٢٥ بۆ ٤٤ ساڵە. دووەم گەورەترین کۆمەڵ پێك هاتووە لە گەنجی تەمەن ٢٥ ساڵ بە ڕێژەی٣٧٪، ڕێژەی ماوە کە بریتی یە لە ٨٪ نوێنەرایەتی چینی بەتەمەنەکان دەکەن لە کۆمەڵەی دانیشتوان.

لەبەرئەم هۆیە، ڕێژەیەکی بەرچاو پێك هاتووە لە خەڵکی گەنج، کە ئاماژەیەکی گرنگ دەدەن بە گرفتی تێکەڵاوبوونی چینی گەنج بۆ ناوەندی کارکردن،بەتایبەتی بە لە بەرچاوگرتنی ڕێژەی زیاتر لە ٥٠٪ لە دانیشتوانی بێکار کاریان نەکردووە پێشتر هەروەها خاوەنی هیچ شارەزاییەکی بواری کارکردن نین.

شێوەی ١٦.خەسڵەتەکانی کۆمەڵەی دانیشتوانەکان کە لە ئێستادا بۆ کار دەگەڕێن لە ناوچە شارنشینەکانی پارێزگای سلێمانی



کۆتا گرفت بۆ تیکەڵاوبوونی دانیشتوانی بێکاری دەگەڕێتەوە بۆ شارەزایی و زانیاریان لەسەر کارکردن. دانیشتوانی بێکاری جیاکراوتەنەوە و دابەش بوون: نیوەی بێکارەکان خاوەنی ئاستێکی نزمی سەرمایەی مرۆیین( کە هیچ ئاستێکی خوێندنی فەرمیان تەواو نەکردووە)، نیوەکەی تری خاوەنی بڕوانامەی خوێندنی باڵان، لەگەڵ ئەوەشدا هەردوو کۆمەڵەکە لە تواناياندا نیە کار بدۆزنەوە.

کارئاسانی کردنی دۆزینەوەی کار بۆ ئەو کۆمەڵانە، گرفتێکی گەورەیە لەبەر ئەوەی پێویستی بە پێکهێنانی دوو ڕێبازی بەرنامە جیاواز هەیە( کارێکی قورس لە چوارچێوەی ناوەرۆکێکی قەیرانی ئابوری).

خۆش بەختانە ڕێژەی نەخوێندەواری تاڕادەیەك نزمە، بەڵام پێویست بە بوونی سەرنجێکی تایبەت هەیە بۆ ئەو چینانە لەو دانیشتوانە کە لەوانەیە بە دوور بخرێن لە هەلی کارکردن.

## گرفتەکانی سەرمایەی مرۆیی (خوێندن، شارەزایی، و پیشــە)

هێزی کار(کۆکراوەی کۆمەڵگای خانەخوێ، ئاوارە ناوخۆییەکان و پەنابەران) زۆرینەیان خەسەڵەتی ئاستێکی نزمیان هەیە لە سەرچاوە مرۆییەکان. بەتایبەتی ٥٩٪ی تاکەکان ئەوانەی کاردەکەن یاخود بۆ کار دەگەڕێن هیچ قۆناغێکی خوێندن یان سەرەتاییان تەواو نەکردووە (هەتا قۆناغی٩)، ١١٪هەڵگری ئاستێکی سەرەتایین،٨٪ئاستی خوێندنی ئامادەییان هەیە، و هێندی ٢٢٪ قۆناغی زانکۆیان تەواو کردووە، لەڕووی کۆمەڵەی دانیشتوانەوە، پەنابەرە سوورییەکان ئاستیکی نزمتری سەرچاوەی مرۆییان هەیە، بە بەراورد لەگەڵ ئاوارە ناوخۆییەکان و کۆمەڵگای خانەخوێ.

زیاتر لە ٨٠٪ پەنابەران ئەوانەی کە کار دەکەن یاخود بۆکار دەگەڕێن هیچ ئاستێکی خوێندنیان تەواو نەکردووە (زیاتر لەوە٣٢٪ ئەو پەنابەرانە نەخوێندەوارن).

**خشتەی ٤. جۆری پیشە بۆ دانیشتوانی کارکردوو لەسەر ئاستی کۆمەڵەی دانیشتوان وئاستی خوێندن**

| کۆمەڵەی دانیشتوان | ئاستی خوێندن | شارەزایی کەم | نیمچەشارەزا | شارەزایی بەرز | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| کۆمەڵگای خانەخوێ | ئاستی خوێندنی نیە یان لەسەروو قۆناغی ٩(سەرەتایی) | 35% | 58% | 7% | 100% |
| | قۆناغی ٢١(ئامادەیی) | 19% | 57% | 25% | 100% |
| | زانکۆ،خوێندنی پیشەیی یان زیاتر | 2% | 21% | 77% | 100% |
| ئاوارەناوخۆییەکان | ئاستی خوێندنی نیە یان لەسەروو قۆناغی ٩(سەرەتایی) | 52% | 46% | 2% | 100% |
| | قۆناغی ٢١(ئامادەیی) | 50% | 39% | 11% | 100% |
| | زانکۆ،خوێندنی پیشەیی یان زیاتر | 10% | 20% | 70% | 100% |
| پەنابەران | ئاستی خوێندنی نیە یان لەسەروو قۆناغی ٩(سەرەتایی) | 54% | 41% | 4% | 100% |
| | قۆناغی ٢١(ئامادەیی) | 38% | 42% | 20% | 100% |
| | زانکۆ،خوێندنی پیشەیی یان زیاتر | 9% | 40% | 51% | 100% |

تێبینی بۆ هەر پیشەیەك: پیشەی شارەزایی زۆر: بەڕێوەبەر، پیشەگەرییەکان، هونەرییەکان لە خۆدەگرێت. نیمچەشارەزایی: کاری نوسینگەیی، خزمەتگوزاری و فرۆشتن، کاری شارەزایی کشتوکاڵی، کاری پیشەیی دەستی لە خۆ دەگرێت. شارەزایی نزم: کار پێکەری ئامێرەکان و بەستنی ئامێرەکان و پیشە سەرەتاییەکان لە خۆدەگرێت. ئەو کەسانەی کە لەهێزە سەربازییەکان کاردەکەن بەدەرن لەو خشتەیە.

لە ڕووی پیشەوە، زانیارییەکان ئەوە دەخەنە ڕوو کە پەیوەندییەکی گونجاو هەیە لە نێوان ئاستی خوێندن و جۆری پیشەکان: ئەو تاکانەی کە ئاستە نزمەکانی خوێندنیان هەیە، ئەوانەن کە زۆرجار کارێك دەکەن کە شارەزایی کەم پێویست بێت (وەك: ئیشپێکار یان لە پیشە سەرەتاییەکان) یاخود ئەو کارانەی کە نیمچە شارەزاییان پێویستە (وەك کارگێری، خزمەتگوزاری، پیشەیی دەستی) ئاستی خوێندنی ئامادەیی لەو پیشانەدا کاردەکەن کە شارەزایی زۆریان دەوێت و چۆنێتی پیشەکە باشترە (وەك: بەڕێوەبەر، کارە هونەرییەکان) ئەم شێوازە تێبینی دەکرێت لەسەرانسەری هەموو کۆمەڵە دانیشتوانەکان، کە چاوەڕێی لێ دەکرێت لە بازاڕی کاردا (خشتەی٤).

وەك ئاگادارکردنەوەیەك تەنها ٥١٪ ی پەنابەران کە خوێندنی باڵایان هەیە کار لە پۆستە بەرزەکانی پیشەکاندا دەکەن، لە کاتێکدا کە ئەو ڕێژەیە بریتیە لە ٧٠ بۆ٧٧ لە سەدا بۆ ئاوارە ناوخۆییەکان و کۆمەڵگای خانەخوێ. ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ بەربەستێك لەبەردەم پەنابەران بۆ دەست گەیشتنیان بۆ ئەو پیشانە.

## بەشداری ئافرەتان لە بواری هێزی کاردا

زۆرینەی ئەو ئافرەتانەی کە کاردەکەن لەکەرتی گشتیدان (٨لەکۆی ١٠ ئافرەت) زۆرینەیان لە بواری خوێندن و فێرکردندان(٥٨٪) لە چاودێری تەندروستی(١٣٪). بۆ ئەوانەی کە لە کەرتی تایبەتدا کاردەکەن هەلی کارکردنەکان دەگمەنترە. کشتوکاڵ بواری سەرەکیە بۆکارکردن (٢٤٪ئافرەتان لە کەرتی تایبەت کاردەکەن) بەدوایاندا چالاکی خزمەتگوزارییەکانی تر و کاری هونەری.

سەبارەت بەڕێژەکانی ئافرەتانی خوێندەوار، زانیارییەکان ئاستێکی نزم دەردەخەن بۆ هەموو کۆمەڵە دانیشتوانەکان: ٥٢٪ لە ئافرەتی کۆمەڵگای خانەخوێ لە ٣٥ساڵ بەتەمەنترن و توانای خوێندنەوە و نوسینیان نیە، لە کاتێکدا کە ڕێژەکە بۆ پەنابەران ٦٤٪ و بۆئاوارە ناوخۆییەکان٢٥٪.

نزیکەی ٢ لە ٣ ئافرەتان کە لە ئێستادا کارێك دەکەن، ئاستی خوێندنیان بەرزە (زانکۆ یاخود خوێندنە پیشەییەکانن)، ئەمە دەبێتە بەربەستێك بۆ ئەوانەی کە خوێندنیان لەو ئاستەدا نیە، کە دەکاتە زۆرینەی هێزی کاری مێینە.

سەرەڕای ئەوە، بەشداربوانی کۆمەڵگای خانەخوێ لە گفتوگۆکانی گروپە دیاریکراوەکان ئاماژەیان بەوە داوە کە دۆخی کارکردنی ئافرەتان بەرەو خراپی دەڕوات، ئەویش بەهۆی داخستنی هەندێ لە کارگەکان لە پارێزگای سلێمانی، وەك کارگەی جگەرە و کارگەی شەکر، کە ژمارەیەکی بەرچاوی کارمەندی ئافرەت کاریان لەو کارگانەدا دەکرد.

**٥٢٪ لە ئافرەتی کۆمەڵگای خانەخوێ لە ٣٥ساڵ بەتەمەنترن و توانای خوێندنەوە و نوسینیان نیە، لە کاتێکدا کە ڕێژەکە بۆ پەنابەران ٦٤٪ و بۆئاوارە ناوخۆییەکان ٢٥٪.**

# ٦. دۆخی دارایی و لاوازی و شکستباری خێزانەکان

## گفتوگۆ و کورتەی لێکۆڵینەوە سەرەکیەکان

شکستباری لەسەر ئاستی خێزانەکان زیادی کردووە لە هەموو ناوچە شارنشینەکان لە پارێزگاکەدا بە چەند شێوازێکی جیاواز خۆیان دەردەخەن، لەگەشەکردنی ناسەربەخۆییەوە لە سەرچاوە نابەردەوامەکانی داهاتەوە بۆ نائاسایشی کارکردن و قەرزاری بۆ مەبەستە کتوپڕەکان. مووچەداری لە کەرتی گشتیدا (بۆ کۆمەڵگای خانەخوێ کە کاردەکەن بۆ حکومەت و ئاوارە ناوخۆییەکان کەهێشتا مووچە وەردەگرن لە حکومەتی فیدراڵ) پارەیان پێنەدراوە لە ساڵی رابوردودا لەبەر هۆکاری نەهاتنی بودجە و دواکەوتنی ڕێنماییەکان.

هەروەها مووچە وەرگران لە دۆخێکی ناجێگیردان، لەبەرهۆکاری زیادبوونی کێبڕکێی دەستەکەوتنی کار. سروشتی ئاوارەیی زۆرینەی خێزانەکانی بێ ماڵ و حاڵ کرد، ئەمەش بووە هۆکارێك بۆ ئەوەی لەگەڵ دۆخەکەدا بگونجێن. هەموو ئەو هۆکارانە دەبێتە هۆی ئەوەی کە خێزانەکان لە لێواری هەژاری نزیك بکاتەوە، ئەگەر پێشتر هەژار نەبن بە واتای دارایی وورد.

ئامانجی ئەم بەشە شیکارکردنی هەموو ئەو داینامیکانەیە کە لە پشت لاوازی خێزانەکانەوەن، هەروەها کێشانی نەخشەیەك لەسەرتاسەری چینە جوگرافیاکان، دانانی لە ناوەڕۆکی ئەو ڕۆڵەی کە قەیرانی دارایی و ئاوارەیی گێڕاویەتی لەو دۆخەدا کە پێویستی بە چاودێریەکی بەردەوام هەیە لەلایەن کاربەدەستان و ڕێکخراوە مرۆییەکانەوە.

**ئامانجی ئەم بەشە شیکارکردنی هەموو ئەو داینامیکانەیە کە لە پشت لاوازی خێزانەکانەوەن، هەروەها کێشانی نەخشەیەك لەسەرتاسەری چینە جوگرافیاکان، دانانی لە ناوەڕۆکی ئەو ڕۆڵەی کە قەیرانی دارایی و ئاوارەیی گێڕاویەتی لەو دۆخەدا کە پێویستی بە چاودێریەکی بەردەوام هەیە لەلایەن کاربەدەستان و ڕێکخراوە مرۆییەکانەوە**

تێکڕای خەرجی خێزانەکان بۆ هەرتاکێك (یەکێك لەهەرە ئاماژە بەکارهاتووەکان بۆ شکستباری و لاوازی دارایی) دەوەستێتەوە لە٥٤$/مانگێك بۆ خێزانەکانی کۆمەڵگا خانەخوێکان.

کە ئەمە نزیکەی ٢٠٪ زیاترە لە ١٢٦$/مانگێك بۆ ئاوارەی ناوخۆیی و ١٣٣$/ مانگێك بۆ پەنابەران. هەرچەندە، ئەو ژمارانە ئەو داینامیکە گرنگە لە خۆ دەگرن کە لە سەرەوە باسکران، کە کاریگەری هەیە لەسەر هەموو کۆمەڵە دانیشتوانەکان بەیەکسانی، کەئەمەش کۆمەڵگای خانەخوێ لە پێگەیەکی لاواز دادەنێت.

قەرزاری وەك نیشاندەرێکی سەرەکی گرنگ سەبارەت بە بارودۆخی دارایی خێزانەکان دەرکەوت. ئەمە لە کاتێکدا کە تێکڕای ڕێژەی ئەو خێزانانەی کە قەرزارن دەرکەوت کە نزیکەی ٣٥٪ لەسەرتاسەری ناوچە شارنشینەکان (هەموو کۆمەڵەکان هەمان ڕێژەیان هەیە) لە ناوەندی ناوچەکانی دەوروبەر کە بەر لێشاوی قورسی ئاوارەیی بونەتەوە، ئەم بەشەی قەرزاری خێزانەکان بریتیە لە ٦٤٪ و نزیکەی دوو هێندەیە.

کۆمەڵگای دانیشتوانی خانەخوێکان لەژێر باری قەرزارێکی قورسدان لەبەر هۆکاری درێژخایەنی قەرز وەرگرتنی پێشووتر کە پەیوەندی هەبوو بە کڕینی موڵك ماڵ (خانوو، ئۆتومبێل.. هتد..) بەڵام ئەوە شایەنی تێبینی کردنە کە نزیکەی ٤٥٪ خێزانە قەرزدارەکان قەرزی تریان هەبوو بۆ مەبەستی یارمەتی دانی بەردەوام بوون لە پێداویستیەکانی ژیانی ڕۆژانە ( لە بوارەکانی پێداویستی ڕۆژانەی تێچووەکانی چاودێری تەندورستی بۆ مەبەستە گرنگەکانی دابین کردنی بابەتەکانی ژیانی ڕۆژانە).

ئاوارە ناوخۆییەکان و پەنابەران کە قەرزارێکی بەرچاون، زیاتر ٧٠٪ قەرزارن بۆ مەبەستی پاڵپشتی دارایی پێویستیەکانی ڕۆژانە هەروەها٤٥٪ بۆ پاڵپشتی کرێ خانوو. لەبەرئەوە پێویستیەکان بۆ پڕکردنەوەی مەبەستە کتوپڕەکان بەقەرز لە ئاستێکی بەرزدایە بۆ ئاوارە ناوخۆییەکان و پەنابەران بە بەراورد بۆ کۆمەڵگای خانەخوێ، بەڵام گشت ئاستەکان لە دۆخێکی مەترسیدان لە سەرانسەری دانیشتوان.

لایەنێکی گرنگی تر کە باس لە درێژبوونەوەی شکستباری دەکات لە هەموو کۆمەڵەی دانیشتوانەکان بریتیە لە سەرچاوەکانی داهات. بە تێکڕا، نزیکەی ٢٦٪ لەو داهاتانەی کە خێزان وەریدەگرێت یان هەیان بووە لە ماوەی ئەو مانگەی کە ڕوپێوەکەی تێدا ئەنجام درا خێزانەکان پشتیان دەبەست بە جۆرە ڕێبازێك بۆ گونجاندن ئەویش (بۆ نمونە فرۆشتنی ماڵ و موڵك).

سەرچاوەکانی تر داهاتی نابەردەوام، وەکو قەرز وەرگرتن و پاڵپشتی خێزانی، بە تێکڕا پێك هاتووە بە نزیکەیی لە١٩٪ لە کۆی گشتی سەرچاوەکانی داهات. مووچە و کرێ، دەستکەوتی ئابووری هەروەها پارەی خانەنشینی، بۆ ئەو مەبەستە تەنها هەژمار بەشێوەیەکی کەم نیوەی داهاتی خێزانێکی ماناوەندە. ئەم بۆچوونە تەنها شیکاری خەرجی خێزانەکانە بۆ تاکێك، بەڵام دۆخێکی وەها وەك سەرئەنجامی قەیرانی دارایی، زۆرینەی خێزانی داهات ئاست مامناوەند لەهەموو کۆمەڵە دانیشتوانەکان دەخاتە هەژاریەوە، ئەگەر پێویست بکات بەردەوام بن لەسەر قەرزکردن بۆ مەبەستی بەکارهێنانی ڕۆژانەیان، فرۆشتنی ماڵ و سامان، هاوکاری، یان داهات لە کارکردنێکی ئاسایی.

لە کۆتاییدا، ئەم بەشە گەشەکردنی شیکاری شکستباری خێزانەکان دەخاتەڕوو، بەکارهێنانی هەژاری وەك پێوەرێك بۆ لاوازی. ئەم نمونەیە پێناسی ئەو هۆکارانە دەکات کە بەشداری لاوازی خێزانەکان دەکات، بنکە-هەڵسەنگاندنێکی هەموو ناوچەکان لە زۆرترین ناوچە لاوازەکان دەکات.

ئەو باسە دروست دەبێت لە نیشاندەری هەڵسەنگاندنی ناوچە تایبەتەکانی وەك (کەلار، کفری هەروەها ناوەندی ناوچەکانی دەوروبەر، کە بەر لێشاوێکی قورسی دانیشتوانی ئاوارەکان بوون، وەك دەربەندیخان، چەمچەماڵ و دوکان) دۆخێکی لاوازی تایبەت کە بەراورد بکرێت لەگەڵ چینەکانی تری شارنشینەکان لە سلێمانی، نەك تەنها بەهۆی خەرجی کەمتر بۆهەر تاکێك، بەڵکو بەهۆی لێشاوی قورسی خێزانە ئاوارەکان، ڕێژەیەکی بەرزتری بێکاری، دابین کردنی کەمتری خزمەتگوزارییە گشتیەکان، هەروەها ئاستی بەرزی ڕێژەی قەرزاری. لە ناوچە تایبەتەکانی وەك کەلار و کفری، چەند زەنگێکی ترسناك سەبارەت بە دڵەڕاوکێی کارمەندانی پەناهەندە، قەرەباڵغی و چۆڵ کردن بەتایبەت.

لەکۆتاییدا، لە ناوەندی قەزای سلێمانی چەند ژمارەیەکی مەترسیدار تێبینی دەکرێت، بەتایبەت سەبارەت بە تێکڕای ئاست بەرزی کرێ کە دەبێتە بارگرانیەکی قورس لەسەر بودجەی ناوخۆیی بۆ زۆرینەی خێزانەکان، بەتایبەت بۆ خێزانی ئاوارە ناوخۆییەکان و پەنابەران.

## ١. بودجەی خێزان

### دۆخی ئابووری لەسەر ئاستی چینەکان

ڕوپێوی بەکارهاتوو بۆ پێوانەکردنی پەیوەندی خۆش گوزەرانی بریتیە لە تێکڕای خەرجی خێزانەکان بۆ هەر تاکێك. ئەو ناوچانانەی کە گەورەترین خەرجی بۆهەر تاکێك پیشان دەدات لە پارێزگای سلێمانی دەگونجێ لەگەڵ قەزاکانی دەوروبەر (شێوەی١٧) بەتایبەتی ئەوانەی بەرلێشاوی کەمتری ئاوارە ناوخۆییەکان و پەنابەران بونەتەوە.

لەوێدا تێکڕای خەرجی بریتیە لە٢٣٤،٠٠٠د.ع/مانگێك. ئەو ناوچانەی کە نزمترین خەرجیان هەیە بۆ هەر تاکێك لە کەلار و کفری بە ١٤٥،٠٠٠د.ع/مانگێك بە تێکڕا ١١٦$/مانگێك، نزیکەی٤٠٪ نزمترە بە بەرزترین ڕێژە

لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو ئاگادارکردنەوەیە بۆ قەزاکانی دەوروبەر جێبەجێ دەبێت کە بەر لێشاوێکی کەم کەوتوون. ئەو ناوچە جوگرافیانە، لە ڕاستیدا بەیەکەوە کۆدەبنەوە لە هەژارترین قەزاکانی ئەو پارێزگایە (سید صادق، هەڵەبجە) بە هەندێ لە دەوڵەمەندترین کە (پشدەر)ە. بەو شێوەیە ئەنجامەکە تێکڕایەکی چاوەڕوان کراوە و نایەکسانی دەشارێتەوە.

### دۆخی ئابووری لەسەرانسەری کۆمەڵەی دانیشتوانەکاندا

خێزانی ئاوارە ناوخۆییەکان و پەنابەران هاوشێوەن لە خەرجیدا بۆ هەر تاکێك. ١٥٧،٠٠٠د.ع/مانگێك (١٢٦$/مانگێك) بۆ ئاوارە ناوخۆییەکان و١٦٦،٠٠٠د.ع/ مانگێك(١٣٣$/مانگێك بۆپەنابەران. لەبەرامبەردا، خێزانەکانی کۆمەڵگای خانەخوێ بە تێکڕا خەرجیان بۆ هەر تاکێك بریتیە لە١٩٢،٠٠٠د.ع/مانگێك (١٥٤$/مانگێك، نزیکەی٢٠٪ بەرزترە(شێوەی١٨).

لەسەر بنەمای ئەوە، جیاوازیەکی بەرچاو هەیە لە نێوان خانەخوێ و ئاوارە ناوخۆییەکان و پەنابەران، سەبارەت بە دابەش بوونی خێزانەکان لە نیوان یەکەی پێنجی (شێوەی١٩) کۆمەڵگای خانەخوێ، بەشێوەیەکی یەکسان دابەش دەبێت بەسەر یەکەی پێنجیدا، بەهەمان ڕێژەی سەدی خێزانەکان لە یەکەی پێنجی دەوڵەمەندتر و هەژارتر (تێبینیەکی ڕێبازی کارکردن لەسەر شیکاری یەکەی پێنجی بە شێوەی چوارلا دیاری کراوە١).

خێزانی ئاوارە ناوخۆییەکان و پەنابەران لەگەڵ ئەوەشدا بەرەو ئاراستەی سێیەم و چوارەم کۆدەبنەوە، کە نیشاندەرە بۆ پێگەی داهاتی مامناوەند بۆ تێکڕای خێزانەکان. خێزانی ئاوارە ناوخۆییەکان لەگەڵ ئەوەشدا کەم وکوڕییان هەیە، لە دەوڵەمەنترین یەکەی پێنجیدا، کە بەشێوەیەکی سەرەکی زاڵە لە خێزانەکانی کۆمەڵگای خانەخوێ.

**شێوەی١٧.: تێکڕای خەرجی خێزان بۆ هەرتاکێك لە ناوچە شارنشینەکان لەسەر ئاستی چینەکان(بە دیناری عێراقی/مانگێك)**



شێوەی١٨. بەراوردی خەرجی خێزان بۆهەرتاکێك و کۆی گشتی خەرجی لەسەرئاستی کۆمەڵەی دانیشتوانەکان(د.ع/مانگ)




شێوەی١٩. دابەشبوونی خێزانەکان لەسەر یەکەی پێنجی خەرجییەکان، لەسەر ئاستی کۆمەڵەی دانیشتوانەکان



## چوارگۆشەی ١. چۆنێتی شیکاری یەکەی پێنجی

**پێنجی**

- یەکەم 20% زەنگینترین خێزان
- دووەم 20% دووەم خێزانی زەنگین
- سێهەم 20% ئەو خێزانەی کە داهاتی مام ناوەندە
- چوارەم20% دووەم هەژارترین خێزان
- پێجەم هەژارترین خێزان

بەکارهێنانی یەکەی پێنجی ڕێگایەکی باو و چارەسەرێکی لۆجیکی ئامارییە بۆ بەراورد کردنی خەسڵەتەکانی خێزانەکان، بە گوێرەی ئاستی خۆش گوزەرانیان، کە ئەویش لە نێوان هەژارترین و دەوڵەمەترین خێزانەکانە، لێرەدا یەکەی پێنجی خەرجی بەکاردێت بۆ هەژمارکردنیان، هەموو خێزانەکان ڕیزبەندیان بۆکراوە لە دەوڵەمەنترین بۆ هەژارترین، لەسەربنەمای خەرجی خێزانەکان بۆ هەر تاکێك. پاشان خێزانەکان دابەش دەبن بۆ پێنج کۆمەڵە و بۆ هەمان قەبارە، هەریەکەیان نوێنەرایەتی ٢٠٪ لە کۆی گشتی دەکات. کۆمەڵەی یەکەم یاخود پێنجی یەکەم پێك هاتووە لە دەوڵەمەنترین ٢٩٪ خێزانەکان: دووەم یەکە پێك هاتووە لە دووەم دەوڵەمەنترین ٢٠٪ خیزانەکان، هەروەها بە هەمان شێوە.

بە بەکارهێنانی ئەم بە کۆمەڵە کردنە، کارێکی شیاوە بۆ شیکارکردنی ئەوەی کە ئایا خێزانەکان لە یەکەی پێنجی دەوڵەمەندترە کە هیچ جیاوازییەکی خەسڵەتی هەیە بە بەراورد لەگەڵ هەژارترین یەکەی پێنجی (بۆ نمونە زۆرینەی خێزانەکان لە یەکەی پێنجی دەوڵەمەنترین بریتین لە سەرۆك خێزانی نێرینە، لە کاتێکدا کە زۆرینەی خێزانە هەژارەکان لە یەکەی پینجی بریتیە لە سەرۆکی خێزانی مێینە) ژمارەی خەسڵەتەکانی لە بەشەکانی داهاتوودا هەڵدەسەنگێنرێت.

ئەمەی لە خوارەوە ئاماژەی بۆ دەکرێت بریتیە لە بەراوردکردنی جیاوازییەکانی یەکە خەرجیەکان کە پێك هاتەی بودجەی خێزان پێك دەهێنێت لە کۆمەڵەی دانیشتوانە جیاوازەکان بە تێکرا ( خشتەی٥). بابەتە سەرەکیەکانی خەرجی لە نێوان ٣٥٪ و ٤٩٪ لە کۆی گشتی خەرجی خێزانەکان بریتیە لە کڕینی خۆراك. بابەتی دواتر لە گرنگیدا بریتیە لە کرێ. کە پێویستە تێبینی بکرێت،

هەرچەندە کە نرخی بەراوردی زۆر نزمە بۆ خێزانەکانی خانەخوێ لەبەرئەوەی کەمترین خێزان کرێچین لەو کۆمەڵە دانیشتوانەدا. بە پێچەوانەوە، خاوەندارێتی خانوو لە کۆمەڵەی خانەخوێدا شتێکی زۆر باوە(٩ لە کۆی ١٠ خێزانەکان) وەك کە بینرا لە بەشەکانی پێشووتردا. بۆ خێزانی ئاوارە ناوخۆییەکان و پەنابەران، هەردوو بابەتی خۆراك و کرێ ڕێژەی ٧٠٪ کۆی گشتی خەرجی خێزانەکان پێك دەهێنێت.

خەرجیەکانی تر بریتیە لە چاودێری تەندروستی (لە نێوان٨٪ و١٣٪) هەروەها سوتەمەنی/گواستنەوە(٦٪ و٩٪). لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت لەبەر چاوبگیرێت کە ژمارەی تەواو بە (دیناری عێراق/مانگێك) جیاوازە بۆ هەر کۆمەڵەی دانیشتوانێك: بۆ نمونە لەکاتێکدا پەنابەران ٥٥٤،٠٠٠ ع./مانگێك/خێزانێك خەرج دەکەن(٤٣$) بۆ چاودێری تەندروستی، خێزانی خانەخوێکان١٠٩،٠٠٠د.ع./ مانگێك/خێزان (٨٧$) خەرج دەکەن- نرخەکە دوو هێندەیە، هەرچەندە ڕێژەی سەدی بۆ کرێی گشتی خێزانەکان تا ڕادەیەك هاوشێوەیە(٨٪ و ١٣٪ بەدوای یەکدا).

**خشتەی٥. کۆی گشتی مانگانەی خەرجی خێزان لەسەر ئاستی بابەت، بە د.ع/مانگ هەروەها ڕێژەی سەدی بۆ کری گشتی**

| | | خۆراك | کرێ | تەندروستی | کارەبا و ئاو | سوتەمەنی و گواستنەوە | خوێندن | چاك کردنەوەی ئامێری ناوماڵ | دانەوەی قەرز | هی تر | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| خانەخوێ | کۆی گشتی خەرجی خێزانەکان بە | 413 | 25 | 109 | 42 | 76 | 51 | 17 | 34 | 76 | 842 |
| | ڕێژەی سەدی لەکۆی گشتی | 49% | 3% | 13% | 5% | 9% | 6% | 2% | 4% | 9% | 100% |
| ئاوارەی ناوخۆیی | کۆی گشتی خەرجی خێزانەکان | 308 | 272 | 97 | 35 | 53 | 44 | 9 | 9 | 53 | 879 |
| | ڕێژەی سەدی لەکۆی گشتی | 35% | 31% | 11% | 4% | 6% | 5% | 1% | 1% | 6% | 100% |
| پەنابەران | کۆی گشتی خەرجی خێزانەکان | 250 | 236 | 54 | 27 | 41 | 14 | 27 | 7 | 20 | 675 |
| | ڕێژەی سەدی لەکۆی گشتی | 37% | 35% | 8% | 4% | 6% | 2% | 4% | 1% | 3% | 100% |

## ٢. قەرزاری

ئەو ڕێژە سەدییەی خێزانەکان لە کۆمەڵگای خانەخوێکان بە ڕێژەی قەرزێکی بەرچاو بریتی یە لە ٤٠٪. ئاستەکە لە نێوان ٣٤٪ بۆ خێزانە ئاوارە ناوخۆییەکان و ٤٨٪ خێزانی پەنابەرانە. لەسەر ئاستی جوگرافی، هەمان ئاستەکانی قەرزاری هەیە لەسەرانسەری ناوچە شارنشینەکان لە پارێزگای سلێمانی، جگە لە ناوچەکانی دەوروبەر کە بەر لێشاوێکی قورسی خێزانە ئاوارەکان بونەتەوە، لە کاتێکدا کە ڕێژەی سەدی خێزانە قەرزدارەکان دوو هێندەی تێکرای پارێزگاکەیە (شێوەی٢٠).

بە ووردبونەوە لەسەر باردۆخی خانەخوێکان، نزیکەی سێ یەکی خێزانە قەرزدارەکان خاوەنی زیاتر لە یەك پشکی قەرزی نەدراوەن. هۆکاری سەرەکی زۆر باو بۆ قەرزکردنی پارە بۆ ماوەیەکی زۆر بۆ کڕینی ماڵ و سامانە، وەك کڕینی خانوو(٢٢٪ لە کۆی گشتی مەبەستی قەرز وەرگرتن)، بەکارهێنانی درێژخایەن وەك ئوتومبیل(١٤٪)، یاخود دامەزراندنی کارێك( ١٠٪).

لەگەڵ ئەوەشدا، شایەنی تێبینی کردنە کە لە پشت ماڵ و سامانی درێژخانەوە نزیکەی ٤٥٪ لە خێزانەکان کە پارەیان وەرگرتوە بۆ یارمەتی دانی بەکارهێنانی نێوماڵە، ئەمە ڕێژەیەکی تا ڕادەیەك بەرزە.

کە بەراوردبکرێت لەگەڵ پارێزگایەکی تردا، لە کاتێکدا کە کەمینەی خێزانەکانی کۆمەڵگای خانەخوێ پشتیان بەستووە بە قەرزی کتوپڕ وەك ستراتیجی خۆگونجاندن. سەرەڕایی ئەوە٦٪ لە خێزانەکانی کۆمەلگای خانەخوێ ڕێکەوتننامەی قەرز وەرگرتنیان هەیە بۆ مەبەستی پاڵپشتی دانی کرێ[٩].

سەبارەت بە قەرزاری خێزانەکانی ئاوارە ناوخۆییەکان و پەنابەران، نزیکەی ٣/٢یان قەرزی جۆراوجۆریان وەرگرتوە لە چەندین سەرچاوەی جیاواز بۆ چەندین مەبەستی جیاواز. قەرزاری کەمترە بۆ مەبەستێك بۆ ئەو کۆمەڵە دانیشتوانانەی لە ناوەندی قەزای سلێمانیدان ( تەنها ٢٥٪ ئاوارە ناوخۆییەکان یان پەنابەران قەرزارن) ئەگەر بەراورد بکرێن لەگەل ناوەندی ناوچەکانی تر(٥٠٪ لە خێزانەکان قەرزارن).

سەبارەت بە مەبەستی پارە وەرگرتن، ئاشکرایە کە زۆرینەیان بۆ بەکارهێنانی گرنگ وەك کارێکی کتوپڕ یان مەبەستێکی گونجاندنی ڕۆژانە(٧١٪ لە خێزانەکان قەرزیان لایە بۆ بەکارهێنانی ڕۆژانەی بەردەوام، هەروەها ٤٥٪ قەرزیان لایە بۆ پاڵپشتی کرێ دان-ئاوارە ناوخۆییەکان و پەنابەران کۆمەڵ کراون). هیچ کام لە مەبەستەکانی تر(کڕینی ماڵ و سامانی گەورە) زیاتر لە ٥٪ پیشان نادەن لە هەموو حاڵەتەکان.

**شێوەی ٢٠.ئاستەکانی قەرزداری لەسەر ئاستی چینەکان**




٩. سەبارەت بە ڕێژەی مەبەستی وەرگرتنی قەرز دەشێت زیاد نەکرێت بۆ ١٠٠٪ لەبەرئەوەی وەلامدەرەوەکانی ڕوپێوەکە هەڵبژاردەی یەکەم و دووەمیان دیاری دەکرد بۆ قەرز وەرگرتن(لەبەرئەوە کۆی مەبەستە جیاوازەکان دەشێت زیاتر بێت لە ١٠٠٪)

## ٣. شکستباری و لاوازی باری ئابووری لە ناوچە شارنشینەکاندا

### ڕێبازو خێزانەکان/ ئەو هۆکارە بەشانەی کە خۆشگوزەرانی دیاری دەکەن

ئەم بەشە پەرە بە نمونەیەکی ئاماری و پاشکۆی شیکارییەك دەدات، لەسەر ئەو هۆکارانەی کە چاوەڕوانکراون کاریگەریان هەبێت لەسەر لاوازی خێزانەکان. ئەم نمونەیە لە پاشکۆی (د) پیشاندراوە بە شێوازێکی ووردەکاری لە وەگەڕانی هۆکارە هاوبەشەکان، کە ئاماژە بەوە دەکات ئەگەر کاریگەرییەك هەبێت لە نێوان هۆکاری دراو ولاوازی خێزانەکان. ئەم بەشەی خوارەوە ناچێتە ناو گفتوگۆ ئامارییەکانی ئەو کاریگەرییانە بۆ هەر هۆکارێك، بەڵکو زانیاری سەبارەت بە جیاوازییەکانی نێوان خێزانە دەوڵەمەند و هەژارەکان دەبەخشێت، هەروەها دەست نیشانی پێگەکەیان دەکات لەسەر نەخشە بۆ لاوازییەکان.

گونجاندن لەگەڵ ڕێبازی جێگیری ناوچەی بەکارهاتوو لەم هەڵسەنگاندنەدا، و بوونی لاوازی لە هەموو کۆمەڵەی دانیشتوانەکان، هەروەها بەم شێوەیە دڵنیابونەوە دەکرێت لەسەر بەراوردە جوگرافییاکان.

هەڵسەنگاندنی لاوازی خێزانەکان بەم هۆکارانەی لای خوارەوە جێبەجێ بکرێت[10]:

- ڕێژەی ناسەربەخۆیی
- چڕی خێزانەکان
- خەرج کردن بۆ کرێ لە کۆی گشتی بودجەی خێزانەکە
- نابەردەوامی سەرچاوەی داهاتی خێزانەکان
- ڕێژەی نەخوێندەواری سەرۆك خێزانەکان

ئەو نیشاندەرە بەکارهات لەم نمونەیەدا بۆ پۆلێنکردنی خێزانەکان لە ڕووی لاوازی چاوەڕوان کراو بۆ خەرجی خێزانەکان بۆ هەر تاکێك (وەك ئەوەی کە پیشاندراوە لە شێوەی١٧). ئەو نیشاندەرە بۆ ماوەیەك و بە بەردەوامی بەکارهات بۆ هەمان هەڵسەنگاندنی لاوازی[11].

**خێزانەکانی کۆمەڵگا خانەخوێکان خەرجییەکی تاڕادەیەك بەرزیان هەیە بۆ هەرتاکێك، بەڵام لە ڕاستیدا زۆرینەی خێزانەکان بە ڕەوشی بێ مووچەییدا ڕۆیشتوون کە ڕەوشێکی نەرێی دەخوڵقێنێت بۆ ستراتیجیەتی بەردەوام بوون لە ئاستی خەرجییەکانیان**

هەرچەندە هەندێ سنورداری پیشان دەدات بۆ تێگەیشتنی تەواوی لاوازی و دایناميکی پەیوەندیدار بەو چەمکە. خێزانەکان لەسەر ئاستی تاك، بەکاردێن بۆ باسکردنی هەژاری یاخود زۆر بەتایبەتی بەکاربەری هەژاری. جۆرێکی تری لاوازی هەیە کە زۆرتر پەیوەندیدارە بە جێگیری خێزانەکان، یاخود توانای بەرگەگرتنیان بۆ حاڵەتە کتوپڕەکان. لەو بۆچونەوە خێزانێك دەشێت لاوازبێت یاخود هەمیشە هەژاربێت، هەرچەندە لەوانەیە لە ترسی کەوتنە ناو هەژاری بێت بەهۆی کتوپڕییە دەرەکیەکان.

لە ڕووی بارودۆخی هەرێمی کوردستانەوە، ئەمە بە یەکسانی زەنگێکی مەترسیدارە. بۆنمونە، خێزانەکانی کۆمەڵگا خانەخوێکان خەرجییەکی تاڕادەیەك بەرزیان هەیە بۆ هەرتاکێك، بەڵام لە ڕاستیدا زۆرینەی خێزانەکان بە ڕەوشی بێ مووچەییدا ڕۆیشتوون کە ڕەوشێکی نەرێی دەخوڵقێنێت بۆ ستراتیجیەتی بەردەوام بوون لە ئاستی خەرجییەکانیان.

بەردەوام بوون لەناو ئەو بارودۆخە درێژە کێشەدا کارێك دەکات کە خێزانەکان بخاتە لێواری مەترسی لە قەرزدارییەکی بارگران و قورس، کە لە تواناياندا نەبێت کری بدەن، هەروەها چۆڵ کردنی چاوەڕوان کراو لە شوێنی نیشتەجێ و دووبارە نیشتەجێ بوونەوە بۆ ناوچە کەم دەوڵەمەندەکان. هەمان بارودۆخ دووبارە دەبێتەوە بۆ پەنابەران و ئاوارە ناوخۆییەکان.

لەوانەیە، ئەو جۆرەی دواتر لە لاوازییەکان بۆ خەرجی هەر تاکێکی خێزانەکان، بە تەواوتی نەپێوریێت، ئەمەش لەبەر ئەو هۆکارەی کە باسکرا لەسەرەوە. هەرچەندە هەندێ گفتوگۆ هەن لەم بەشەی خوارەوە لەسەر هۆکارە تایبەتەکان کە زیاتر پەیوەندیدارن بە جێگیری، بۆ نمونە نابەردەوامی سەرچاوەکانی داهات.

١٠. دوو هۆکاری تر (جۆری کۆمەڵایەتی(جێندەر) سەرۆك خێزان، و قەرزاری بۆ مەبەستێکی کتوپڕ) بەهامان شێوە تاقی کرایەوە, هەرچەندە کە بەدی نەکران کەلە ڕووی ئامارییەوە گرنگ بن لەو نمونەیە. ئەمە ئاماژەیەکە کە هیچ پەیوەندیەکی باسکراو نیە لە نێوان ئەو هۆکارانەدا و ئەگەری خێزانەکان کە دەشێت تا ڕادەیەك بێت. لەبەرئەوە، لەو بەشەی خوارەوە گفتوگۆی لەسەرناکرێت.

١١. چوارچێوەی کاری هەڵسەنگاندنی لاوازی ئوردنی، وەك پێش هەنگاوێکە بۆ ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ کاروباری پەنابەرانUNHCR بۆ وەڵامدانەوەی قەیرانی پەنابەران لەو وولاتە، خەرجی چاوەڕێ کراوی خێزانەکان وەك ڕوپێوێك بۆ دیاری کردنی ئەو خێزانانەی کە پێویستیان بە هاوکاریە. نمونەی بەکارهاتووی ڕیکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ کاروباری پەنابەرانUNHCR لە میسر ولوبنان بەدواداچوون بۆ هەمان چوارچێوەی کار دەکات.

## ئەندامانی ناسەربەخۆ و شکستباری

ڕێژەی ناسەربەخۆیی خێزانەکان دەبێتە هۆی کاریگەریی نەرێی لەسەر باری گوزەرانی دارایی خێزانەکان. ڕێژەکە ژمارەی ئەندامانی ناسەربەخۆ هەژماردەکات (بۆنموونە تاکەکان یان لە خوارتەمەنی ١٥ یاخود لە سەروو تەمەنی ٦٤) لە خێزانەکەدا بۆ هەر ئەندامێکی سەربەخۆ.

ڕێژەکە زیاترە لە ١، ئەمە مانای ئەوەیە کە ئەندامانی ناسەربەخۆ زیاتر سەربەخۆن، کە بەشێوەیەکی تیۆری، زیاتر نیشاندەرێکە، بۆ خێزانە لاوازەکان.

زانیارییەکە نیشاندەرێکە هەژارترین خێزان خەسڵەتەکانی دیاری کراوە بە بوونی زیاتری ئەندامانی ناسەربەخۆ تاڕادەیەك زیاتر لە دەوڵەمەنترین خێزان. ڕێژەی ناسەربەخۆیی نزیکە لە ٠,٦ لەو خێزانانەی کەوتونەتە دەوڵەمەنترین یەکەی پێنجی، کە مانای ئەوەیە نزیکەی ٢ ئەندامی سەربەخۆ-تەمەنی کارکردن بوونی هەیە بە تێکرا بۆ هەر ئەندامێکی ناسەربەخۆ (شێوەی٢١).

ئەمە حاڵەتێك ئەرێییە، کە ئەو خێزانانە ئەگەری ئەوەیان هەیە کە بەلایەنی کەمەوە یەك ئەندامیان هەبێت لە تەمەنی کارکردندا و کاربکات بەراورد لەگەڵ ئەو خێزانانەی کە زۆرینەی ئەندامە سەربەخۆکانیان پێویستە چاودێری ئەندامە ناسەربەخۆکانیان بکەن.

**ڕێژەکە زیاترە لە ١، ئەمە مانای ئەوەیە کە ئەندامانی ناسەربەخۆ زیاتر سەربەخۆن، کە بەشێوەیەکی تیۆری، زیاتر نیشاندەرێکە، بۆ خێزانە لاوازەکان**

لە ناوەندی یەکەی پێنجی (سێهەم)بە تێکرا ژمارەیەکی یەکسان هەیە لە ئەندامانی ناسەربەخۆ و سەربەخۆ لە خێزانەکەدا، لە کاتێکدا، هەژارترین یەکەی پێنجی، خێزانەکان ئەندامانی زیاتری ناسەربەخۆییان هەیە لە سەربەخۆ.

ئەو خێزانانەی کە لەئاستێکی بەرزی لاوازیدان دەشێت جیابکرێنەوە بەوەی کە بەلایەنی کەمەوە ٢ ئەندامی ناسەربەخۆ هەیە بۆ هەر ئەندامێکی سەربەخۆ. لە ڕووی جوگرافیەوە، ئەو خیزانانەی کە ئەو خەسڵەتەیان هەیە زیاتر بەدی دەکرێن لە ناوەندی ناوچەکانی دەوروبەر کە بەر لێشاوێکی قورسی ئاوارە ناوخۆیەکان و پەنابەران کەوتوون (شێوەی٢٢). نزیکەی ١٨٪ لە خێزانەکان دووهێندە ئەندامانی ناسەربەخۆیان هەیە لە ئەندامانی سەربەخۆ.

شێوەی ٢١. ڕێژەی ناسەربەخۆی خێزان لەسەر ئاستی یەکەی پێنجی خەرجیەکان




شێوەی ٢٢. نەخشەی خێزانەکان بە بوونی ڕێژەی ناسەربەخۆیی لەسەر ئاستی چینەکان



## قەرەباڵغی خانوو و شکستباری

پێوەر بۆ پێوانە کردنی قەرەباڵغی ژوورەکان بریتیە لە ڕێژەی ژوورەکان لە خانووەکە بۆ هەر ئەندامێکی خێزانەکە. ئەو ڕێژەیە تێبینی دەکرێت بۆ پەیوەندی بارودۆخی دارایی خێزانەکە، لەم ڕووەوە کە زۆرترین ژمارەی کەسەکان بۆ هەر ژوورێك ( جگە لە ژووری خۆ شۆردن) ئەوە نیشان دەدات کە خێزانەکە تاڕادەیەك هەژارترن بە بەراورد لەگەڵ ئەوانی تردا.
بۆ نمونە تێکڕای ڕێژەی خێزانەکان لە دەوڵەمەنترین بەشی دانیشتوان بە تەواوی یەك کەس بۆ یەك ژوورە، لە کاتێکدا ئەوانەی کە لە هەژارترین بەشن بریتی یە لە ١,٥ کەس بۆ هەر ژوورێك (شێوەی ٢٣).

**بە شێوەیەکی ڕێژەیی لە پارێزگاکانی تر، وەك قەرەباڵغی بە ناوچە شارنشینەکانی پارێزگای سلێمانی هێندەی پارێزگاکانی دهۆك و هەولێر بەدی ناکرێت، کە ڕێژەکە بۆ هەژارترین یەکەی پێنجی بەنزیکەیی دوو هێندەیە**

بە شێوەیەکی ڕێژەیی لە پارێزگاکانی تر، وەك ئەوەی کە دیاری کراوە لە بەشە سەرەتاکانی ئەم ڕوپێوە، قەرەباڵغی بە ناوچە شارنشینەکانی پارێزگای سلێمانی هێندەی پارێزگاکانی دهۆك و هەولێر بەدی ناکرێت، کە ڕێژەکە بۆ هەژارترین یەکەی پێنجی بەنزیکەیی دوو هێندەیە.

قەرەباڵغی دەکرێت دەست نیشان بکرێت بە بوونی ٣ کەس یان زیاتر بۆ هەر ژوورێك. ڕێژەی سەدی خێزانەکان لەو بارودۆخەدا لە ڕاستیدا زۆر نزمە لەسەرانسەری چینەکان، هەروەها هیچ کامیان ڕێژەی ٥٪یان تێنەپەڕاندووە لە کۆی ئەو خێزانانەی کە ڕووبەڕوی حاڵەتی قەرەباڵغی دەبنەوە(شێوەی٢٤).

شێوەی٢٣. ڕێژەی کەسەکانی خێزانەکان بۆ هەر ژوورێك لە خانووەکە لەسەر ئاستی یەکەی پێنجی خەرجیەکان



شێوەی ٢٤.هێلکاری خێزانەکان لە بارودۆخی قەرەباڵغی لەسەر ئاستی چینەکان




## بەکرێ گرتن و شکستباری

شکستباری دارایی خێزانەکان بەهەمان شێوە لەگەڵ بڕی کرێی دراو باس کراوە، وەك بەشە ڕێژەیەك لە کۆی گشتی خەرجی خێزانەکان. گرنگی تێگەیشتن لەو شکستباریە( وەك بەرهەڵستە بۆ هۆکارەکانی تر وەکو تێچووی خۆراك) دەکەوێتە سەر ئەو ڕاستیەی کە کرێ دەشێت بارگرانیەك بێت بۆ سەر باری دارایی، کە لەوانەیە ببێتە هۆی دەرئەنجامێکی نەرێی وەك زیادەڕۆی لە وەرگرتنی قەرز، تەنانەت پێچۆڵ کردن و دووبارە ئاوارەبوون، کەوا لە خێزانەکان دەکات بکەونە قووڵایی هەژاریەوە لە زۆرینەی حاڵەتەکاندا.

جیاوازی یەکی بەرچاو هەیە لە نێوان خێزانەکان لە یەکەی پێنجی دەوڵەمەنترین و ئەوانەی کەلە یەکەکانی ترن، لە دواین دابین کردنی تێبینی کراو زیاتر لە ٣٠٪ لە کۆی گشتی خەرجیەکان ڕۆیشتووە بۆ کرێ. ڕێژەکە بۆ دەوڵەمەنترین یەکە-بەش بریتی یە لە ٢٤٪ (شێوەی٢٥).

**زیاتر لە ٤٪ لە خێزانەکان لە ٥٠٪ی کۆی گشتی خەرجیەکانیان دابین دەکەن بۆ کرێ، کە نیشانەدرێکی گەورەی بارگرانی داراییە کە پەیوەندی هەیە بە زیادبوونی ئەگەری شکستباری خێزانەکان**

ناوەندی قەزای سلێمانی هەروەها ناوەندی ناوچەکانی تر کە بەر لێشاوێکی قورسی ئاوارە بوون، بەرزترین ڕێژەی خێزانەکانیان بەرکەوتووە کە بڕێکی زۆری سەرچاوە داراییەکانیان بۆ کرێ دابین دەکەن. لێرەدا زیاتر لە ٤٪ لە خێزانەکان زیاتر لە ٥٠٪ی کۆی گشتی خەرجیەکانیان دابین دەکەن بۆ کرێ، کە نیشانەدرێکی گەورەی بارگرانی داراییە کە پەیوەندی هەیە بە زیادبوونی ئەگەری شکستباری خێزانەکان.

دووبارە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ڕێژانە بەشێوەیەکی بەرچاو نزمە ئەگەر بەراوردبکرێت لەگەڵ پارێزگاکانی تر کە بابەتی بارگرانی کرێ یەکێکە لە گرفتە سەرەکیەکان.

شێوەی٢٥. ڕێژەی ئەو خێزانانەی کە کرێ ئەدەن لە کۆی گشتی خەرجیەکان لەسەر ئاستی یەگەی پێنجی خەرجی




شێوەی ٢٦. هێلکاری خێزانەکان کەلە بارودۆخی شکستباری کرێ دان لەسەر ئاستی چینەکان



شێوەی ٢٧.تێکڕای سەرچاوەی داهاتی خێزانەکان لەسەر ئاستی کۆمەڵەی دانیشتوانەکان



## داهاتی نابەردەوام

سەرچاوەی سەرەکی داهات بۆ زۆرینەی خێزانەکان لە ناوچە شارنشینەکان پێك دێت لە مووچەی ڕۆژانە و مانگانە، یان دەستکەوتی خاوەنکارەکان. هەرچەندە وەك ئەنجامێك لە قەیرانی داراییەوە، نیوە لە کۆی گشتی ئەو داهاتەی کە لە بەردەستی خێزانەکانی کۆمەڵگای خانەخوێ دایە، لە ڕاستیدا بە دەستیان دەکەوێت لە ڕێگای ڕۆژانە، مووچەی مانگانە یاخود لە ڕێی دەستکەوتێکی کارکردنەوە(نزیکەی٧٠٪ بۆ ئاوارە ناوخۆییەکان و پەنابەران).

قەیرانی دارایی بۆ زۆرینەی خێزانەکانی کۆمەڵگای خانەخوێ بەشێوەیەکی تێبینی کراو گرفتە، کە دەشێت سەرنج بدرێت لەو ڕاستیەی کە بەشێکی گرنگ لە کۆی گشتی داهاتی بەردەست بەدەست بهێنرێت بە هۆی ستراتیجیەکی خۆگونجاندنی نەرێی، وەك وەرگرتنی پارە یان دەستکەوتنی پاڵپشتی دارایی لە ڕێی خێزانەوە(١٧٪) هەروەها فرۆشتنی ماڵ و شتومەکی ناوماڵ (پاشماوەی ٢٦٪). هەرسێ کۆمەڵە دانیشتوانەکە بەتایبەتی بەشێوەیەکی سەرەکی پشت دەبەستن بە قەرز بۆ پڕکردنەوەی داهاتی بەردەستیان. پاڵپشتی دارایی بەهەمان شێوە سەرچاوەیەکی گرنگی داهاتە بۆ پەنابەران، کە بریتی یە لە ١٠٪ کۆی گشتی داهاتی خێزانەکان.

بەمەبەستی جێگیرکردنی ئەو هۆکارە لە چوارچێوەی هەڵسەنگاندنی شکستباری، ڕێژەیەك دروست دەکرێت کە ئاماژە دەکات بە ناسەربەخۆیی خێزانەکان لەسەر سەرچاوەی ئەو داهاتەی کە بەردەوام نیە، هەروەها لەبەرئەوە دەشێت ئاماژەیەکی گرنگ بدرێت بە پلەی شکستباری.

ئەو جۆرە سەرچاوەی داهاتانە گوێزانەوەی پارە، پشتگیری یە لەلایەن ئەندامانی خێزانەوە، هاوکارییەك لە حکومەت یان ڕێکخراوە ناحکومیەکان، خێرخوازی، یاخود پارانەوە وسواڵکردن(بەڵام پاشەکەوتەکان وفرۆشتنی ماڵ و سامان هەروەها وەرگرتنی پارە بەدەردەکرێن، لەبەرئەوەی ئەو دەرامەت و دەستکەوتانە بۆ یەك جارەو دەشێت شیکارییەکە تێك بدات). لەبەرئەوە ئەو ڕێژەیە دابەش دەبێت بۆ داهاتی نا بەردەوام بەسەر کۆی گشتی داهاتی خێزان.

شیکارییە ئامارییەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە هەتا ڕێژەی داهاتی نابەردەوام بەرزتربێت لە کۆی گشتی داهات، خەرجی خێزانەکان کەمتردەبێت. بە شێوەیەکی سادەتر، خێزانە هەژارەکان زیاتر پشت دەبەستن بە سەرچاوەکانی داهاتی نابەردەوام.

بە گشتی، ئەو خێزانانەی کە لە بەشە نزمەکانی یەکەی پێنجی خەرجیدان، ئاراستەیان زیاتر بەلای ڕێژەی بەرزتری سەرچاوەکانی داهاتی نابەردەوامیە. ئەوە بەتایبەتی لە بەشی ماماوەندی داهات لای دانیشتوان بڵاوە، ئەوانەی کە دەشێت زۆرتر لەژێر کاریگەری ئەو قەیرانە داراییەی ئێستادا بووبن (شێوە٢٨). لە ڕووی ناوچەوە، شتێکی دووبارەیە کە بتوانیت خێزانێك بەدی بکەیت کە ئاستێکی بەرزی سەرچاوەی داهاتی نابەردەوامیان هەیە لە ناوەندی ناوچەکانی تر کە بەر لێشاوێکی کەمی دانیشتوانی ئاوارەبونەتەوە(شێوەی٢٩).

**شێوەی ٢٨ ڕێژەی خێزانەکان کە سەرچاوەی داهاتی نابەردەوامیان هەیە لە کۆی گشتی داهات لەسەر ئاستی یەکەی پێنجی خەرجیەکان**



شێوەی ٢٩. هێڵکاری دابەشبوونی جوگرافی ئەو خێزانانەی کە سەرچاوەی داهاتی نابەردەوامیان هەیە لەسەر ئاستی چینەکان




## رێژەکانی نەخوێندەواری

خوێندەواری سەرۆک خێزان گۆڕاوێکی گرنگە لە شیکردنەوەی بارودۆخی دارایی خێزانەکان، کاریگەرییەکان ناراستەوخۆن، بەمانای ئەوەی کە نەخوێندەواری سەرۆک خێزان بە بەردەوامی رووبەڕوی مەودایەکی سنورداری ئەو پیشانەی کە ئەگەری ئەوەیان هەیە دەستیان پێگات لە هێزی کاردا دەبێتەوە، کە بەهەمان شێوە ئاسۆکانی داهاتیان سنورداردەکات (پێویستە تێبینی ئەوە بکرێت کە پەیداکەری رزق و رۆزی خێزانەکە هەروەها تەنها ئەو کەسەی کە کاردەکات ئاسایی سەرۆک خێزانە).

وەك ئەوەی کە دەبێت چاوەڕێ بکرێت، بەرزترین رێژەی نەخوێندەواری سەرۆك خێزان لە یەکە-بەشی هەژارترین خێزان لە دانیشتوانە(شێوەی ٣٠). زیاتر لەوە، لە رووی جوگرافیەوە، رێژەی نەخوێندەواری نزمترین پیشان دەدات لە ناوەندی قەزای سلێمانی، بە نزیکەی ١٩٪ لەو سەرۆك خێزانانەی کە ناتوان بنوسن و بخوێننەوە. بە هەمان شێوە لە ناوەندی قەزای سلێمانی کە خێزانەکانی تێدایە، بەرزترین رێژەکان دەگاتە ٣٦٪ لە ناوچەکانی کەلار و کفری.

## کورتە و ئاراستەکان بۆ نمونەی شکستباری

وا دیارە هەندی ناوچە هەیە کە زیاتر دەردەکەوێت لە شیکاری شکستباری بەراورد بەوانی تر، بەئاماژەدان بە خەسڵەتە دیاری کراوەکان کە دەبێتە هۆی ئەوەی کە زیاتر بکەونە شکستباریەوە لە بارودۆخی ئاوارەبوونەوە. هەرچەندە بەتایبەتی نیوەی ئاوارە ناوخۆییەکان و زۆرینەی پەنابەران بەدوای پەناگەیەك گەڕاون لە ناوەندی قەزای سلێمانی، زۆرینەی نیوەکەی تر گەیشتونەتە ئەو ناوچانەی کە پێشتر تارادەیەك ناوچەیەکی هەژارتربوون بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکانی تری پارێزگاکە، وەکو کەلار، کفری، دەربەندیخان.

هەروەها چەمچەماڵ. ئەو ناوچانە شیکاریان بۆکراوە لە میانەی ئەم هەڵسەنگاندنە کە ناوچەیەکن بەر لێشاوێکی قورسی خێزانە ئاوارەبووەکان بونەتەوە، کە بە گشتی خەرجی بۆ تاکە کەسێك بەشێوەیەکی بەرچاو لە خوار تێکرای گشتیەوەیە.

پەیوەندی شکستباری ئەو ئاوچانە، دەکرێت شیکاری بکرێت بە ڕێژەی بەرزی بێکارییان، هەروەها بە سنورداری تەرخان کردنی خزمەت گوزارییە گشتیەکان، بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکانی تری پارێزگاکە. قەرزاری خێزانەکان بەهەمان شێوە دیاری کرا بە باسێکی گرنگ کە لە زیادبونەدایە. بە تایبەتی لە ناوچەکانی کەلار و کفری، مشتومڕێکی تری گرنگ بۆ کارمەندانی پەناگاکان دەرکەوت، لە کاتێکدا کە شیکارییەکان دەست نیشانی چری و قەرەباڵغی خێزانەکان دەکەن لە شوێنی نیشتەجێی ئێستایان، بەتایبەتی کە پێچۆڵ کردن تارادەیەك زەنگێکی ترسناکە.

کێشەی شکستباری لە ناوەندی قەزای سلێمانی بەشێوەیەکی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاریگەریە گرنگەی کە تارادەیەك دروست بەهۆی ئاوارەبونەوە دەبێت لە کەرتی نیشتەجێ بوون. زۆرینەی خێزانەکان دەشێت شکستباری لەبەرچاو بگرن لەم ڕوانگەیەوە ئەوە لەبەر چاو بگیرێت کە ئایا لە توانایاندایە تێچووی شوێنی نیشتەجێ بدەن، کە ئەمە لایەنێکی گرنگە بۆ دۆزینەوەی ئارامی و جێگیری لە ئاوارەییدا.

بارقورسی دارایی لە بەکرێ گرتنی شوێنێکی نیشتەجێ کە دەچێتە سەرشانی زۆرینەی خێزانەکان لەو ناوچانەدا دەشێت ببێتە هۆی ئەوەی کە زۆرینەیان ڕووبەڕی پێچۆڵ کردن ببنەوە یان زۆریان لێبکرێت کە دووبارە لەو شوێنە نەمێنن.

**هەرچەندە بەتایبەتی نیوەی ئاوارە ناوخۆییەکان و زۆرینەی پەنابەران بەدوای پەناگەیەك گەڕاون لە ناوەندی قەزای سلێمانی، زۆرینەی نیوەکەی تر گەیشتونەتە ئەو ناوچانەی کە پێشتر تارادەیەك ناوچەیەکی هەژارتربوون بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکانی تری پارێزگاکە، وەکو کەلار، کفری، دەربەندیخان**

کۆتا تێبینی لەسەر شکستباری دەگەڕێتەوە بۆ هاورێژەی خێزانەکان کە لە ئێستادا پشت دەبەستن بە سەرچاوە نابەردەوامیەکانی داهات بۆ ئەوەی بتوانن بگوزەرێن و ژیانی ئاسایی ڕۆژانەی خۆیان بەسەرببەرن( قەرز لە تۆڕی فراوانتری خێزانی هەروەها ستراتیجیەتی نەرێی گونجاندن). ئەمە جێبەجێ دەبێت بەسەر ئەو ناوچانەی کە کەمتر بەرلێشاوی خێزانە ئاوارەکان بونەتەوە، هەروەها بۆ ناوەندی قەزای سلێمانی ( بەوە شێوەیە کێشەی سەرەکی کۆمەڵگای خانەخوێ یە). بارودۆخەکە سەرئەنجامێکی ڕاستەوخۆی قەیرانی داراییە لەسەرتاسەری هەرێمی کوردستان، هەروەها دەشێت زۆرینەی خێزانەکان بگەیەنێتە لێواری هەژاری ئەگەر ئەم سەرچاوە نابەردەوامیانەی داهات زیاد لە سنوری خۆی بێت.

**شێوەی ٣٠.ڕێژەی سەدی سەرۆك خێزانەکان کە نەخوێندەوارن لەسەر ئاستی یەکەی پێنجی خەرجیەکان**



شێوەی٣١. هێلکاری ئاستی نەخوێندەواری سەرۆک خێزانەکان لەسەر ئاستی چینەکان






بازاڕی شەقامی مولەوی لە شاری سلێمانی، لەلایەن ئاوارە و پەنابەر و کۆمەڵگەی خانەخوێوە بەکاردەهێنرێت، وێنەگر: فەریق هەڵەبجەیی، ٢٠١٤

# ٧. گرفتەکانی بواری خوێندن

## گفتوگۆکان و کورتەی لێکۆڵینەوە سەرەکیەکان

زانیارییەکانی بواری خوێندن بە بەکارهێنانی تێکڕای گشتی ڕێژەی بەشداربوون لە قوتابخانە، لێرەدا شیکار دەکرێن، کە ڕێژەی ئەو خوێندکارانە پیشان دەدات کە چوونەتە قوتابخانە بۆ هەر قۆناغێکی خوێندن بەبێ لەبەرچاو نەگرتنی ئەوەی کە ئایا لە کۆمەڵی تەمەنی فەرمین کە تەمەنەکەیان یەکسانە بە ئەو قۆناغەی خوێندنەکەیان. ئەمە ڕوودەدات لەبەرئەوەی خوێندکارەکان پابەند نین بەو شێوەی کە ڕاستەوخۆ لە سەرەتاییەوە بۆ قۆناغی ناوەندی و پاشان بۆ زانکۆ بڕۆن، بەڵکو زیاتر ماوەی نێوان قۆناغەکانی خوێندن لەو ماوەیەی کە لە خوێندن دادەبڕێن تێکەڵاو دەکەن.

ڕێژەی وازهێنان لە خوێندن لە نێوان قۆناغی سەرەتایی و ئامادەیی لە ئاستێکی بەرزدایە، بەڵام زۆرینەی خیوێندکارەکان دووبارە دەچنەوە بەرخوێندن لە قۆناغی ئامادەیی لە تەمەنێکی درەنگی ژیانیاندا. بۆنمونە ٥٥٪ لە خوێندکارەکانی قۆناغی ١٠بۆ١٢ لە ڕاستیدا ٣بۆ٥ ساڵ گەورەترن لە تەمەنی فەرمی یان ئاسایی کۆمەڵی تەمەنی چوونە بەرخوێندن لەو ئاستەدا بریتی یەلە ١٥بۆ ١٧ ساڵ).

ڕێژەکانی تۆمارکردن لە قوتابخانە لە قۆناغی سەرەتایی تا ڕادەیەك بەرزە هەروەها گونجاوە لەسەرتاسەری ناوچەکانی پارێزگای سلێمانی، کە بە گشتی ئاماژەیە بۆ ئامادە نەبوون و بوونی بۆشاییەکی گەورە لە کەرتی خوێندن لەو قۆناغی خوێندنانەدا.

تەنانەت لە کەلار و کفری تۆمارکردن لە قۆناغی سەرەتاییدا لە هەمان ئاستدایە بە بەراورد لەگەڵ ناوەندی قەزای سلێمانی. مانای ئەوەیە کە گرفتەکانی ئاوارەیی و نزیکی ناوچەکانیان لە نزیکی ناوچە کێشە لەسەرەکان توانایەکی باشیان نەبووە بۆ تەرخان کردن و گەشەپێدانی خزمەتگوزارییەکانی خوێندن.

لەگەڵ ئەوەشدا، لە ناوچەکانی کەلار و کفری کە ڕێژەی تۆمارکردن لە قۆناغی ئامادەیی بەشێوەیەکی بەرچاو کەم دەکات، بەتایبەتی بۆ کوڕان. لە ناوچەکانی تری پارێزگاکە ڕێژەی تۆمارکردن لە قۆناغی ئامادەیی لە ئاستێکی بەرزدایە (زیاترە لە ڕێژەی ١٠٠٪ لە پایتەخت و لەناوەندی ناوچەکانی تر بریتیە لە ٩٠٪). خەسڵەتێکی تری گرنگ بوونی هەیە، ئەویش ئەو ڕاستیەیە کە تۆمارکردنی کچان بۆ خوێندن یەکسانن لەگەڵ کوڕاندا لەهەموو ئاستەکانی خوێندن.

هەرچەندە کە شتێکی ئاشکرایە کە سەرەڕای بوونی ڕێژەیەکی زۆری تۆمارکردن لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن، بواری خوێندن بەشیوەیەکی بەرچاو کەوتۆتە بەر کاریگەری قەیران و ڕێگری دارایی، لە ڕووی کەمی دارایی بۆ پێدانی مووچەی مامۆستاکان لە کاتی پێویستدا، بەمەبەستی فراوان کردنی ژێرخانی ئابووری بواری خوێندن( بۆنمونە، بە دروست کردنی بینای نوێی قوتابخانەکان و فراوان کردنی پۆلەکان بۆ ئەوەی زۆرترین ڕێژەی خوێندکاری نوێ وەربگیرێت لە تەمەنی خویندندا بۆ ئاوارە ناوخۆییەکان و پەنابەران).

ئەو ڕێگرییانە دەبنە هۆی زیاتر قەرەباڵغ بوونی پۆلەکان و بەوەش دەبێتە ڕێگر بۆ توانای لایەنە پەیوەندی دارەکان لەوەی کە نەتوانن پارێزگاری لە چۆنێتی بواری خوێندن بکەن. زیاتر لەوەش، لە ساڵی خوێندنی پار چەند حاڵەتێك لە ئارادابوون لە زۆرینەی خوێندنگاکان ئەویش ئەوە بوو کە بەشێوەیەکی کاتی دابخرێن بەهۆی نارەزایی و خۆپیشاندان لەو دۆخەی کە لە ئارادایە. هەرچەندە ئەو ڕێگرییانە نە تێکەڵ بە ڕوپێوەکە کراون نە بە گفتوگۆی گروپە دیاریکراوەکان(FGD) کە بەشیوەیەکی زۆر قورس خوێندنی منداڵانی شێواندووە. هەرچەندە منداڵانی پەنابەر گرفتێکی گەورەتر دروست دەکەن بۆ لایەنە پەیوەندی دارەکان و هاوبەشە مرۆییەکان لە بواری خوێندن.

لە ئاوارەبووندا، منداڵە سوورییەکان ناچنە بەر خوێندن، ڕێژەی تۆمارکردن دەگاتە ٥٤٪ و ٢٪ بۆ قۆناغی سەرەتایی، هەروەها بۆ قۆناغی ئامادەیی بە دوایەکدا، بۆ دانیشتوانی نێرینە، ٦١٪ و ١١٪ بۆ قۆناغی سەرەتایی و ئامادەیی بۆ دانیشتوانی مێینە.

لەسەر ئاستی هەردوو کۆمەڵەکە، حاڵەتەکە زەنگێکی مەترسیدارە لەو ڕووەوە کە ٥٧٪ی منداڵی تەمەن ٦ بۆ ١٧ لە دەرەوەی سیستەمی خوێندنی فەرمین، کە بۆتە کێشەیەکی گرنگ بۆ گەشەی داهاتووی مرۆڤـ . پرسیارە سەرەکیەکە ئەوەیە کە بۆچی ئەم کۆمەڵەیە ناچنە بەرخوێندن و بەرهەڵستی دەکەن وەك هەمان کۆمەڵەکانی تر لە ناو کۆمەڵگا خانەخوێکان و ئاوارە ئاوخۆییەکان، هەروەها چۆن کاری وەها بکرێت ئەو خوێندکارانە بگەڕێنەوە بۆ خوێندن.

# ڕێژەکانی تۆمارکردن لە قوتابخانە

## ڕێژەکانی تۆمارکردن لە خوێندن لەسەر ئاستی چینەکان

چوون بۆ قوتابخانە شیکاری دەکرێت بە کۆی گشتی ڕێژەکانی تۆمارکردن بۆ قۆناغی سەرەتایی و ئامادەیی[١٢] . لە ناوەڕۆکدا خواستراوە کە پشت بە کۆی گشتی ڕێژەکان ببەسترێت لەبەرئەو ڕاستیەی کە خوێندکارەکان لە هەردوو قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی بە گشتی لەسەروو تەمەنی فەرمی قۆناغەکەن، بەمانایەکی تر تەمەنی خوێندکارەکان زیاترە لەو قۆناغەی کە تیایدا دەخوێنن.

ڕێژەکانی خوێندن بەجێهێشتن لە ئاستێکی بەرزدایە، بەڵام زۆرینەی خوێندکارەکان جارێکی تر دەگەڕێنەوە بۆ خوێندن لە تەمەنێکی دەرنگی ژیانیاندا ( کاریگەری پەشیمان بونەوە). چاوەڕوان دەکرێت کە حەزکردن بەخوێندن هەبێت، کە دەبینین ڕێژەکانی تۆمارکردن لەسەروو ١٠٠٪ یە لە قۆناغەکانی سەرەتایی کە وەك نمونە وەریبگرین. لەبەرئەم هۆیە، تاقی کردنەوەی کۆی گشتی پوختەی ڕێژەکان تەنها بەشێوەیەکی فراوان، چوون بۆ قوتابخانە کەم دەخەمڵێنێت[١٣].

ڕێژەکانی تۆمارکردن لە خوێندنی سەرەتایی (قۆناغەکان ١بۆ٩) دا دەردەکەوێت کە تارادەیەك لە ساتێکی گونجاو وەستابێت. چەند جیاوازییەکی کەم بەدیدەکرێت لەسەرتاسەری چینەکان، کە بەشێوەیەکی گشتی ئاماژەیە بۆ نەبوونی بۆشاییەکی بەرچاو و گرنگ لە کەرتی خوێندن بەشێوەیەکی گشتی (شێوەی٣٢). تۆمارکردن لە خوێندنی سەرەتایی لە پارێزگای سلێمانی لە هەمان ئاست دەوەستێتەوە لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان، لەسەروو کۆی گشتی ڕێژەی گشتی کە بریتیە لە ١٠٠٪.

لەلایەکی ترەوە قۆناغی ئامادەیی، ئاستەکەی زۆر بەرزە(زۆر لەسەروو ١١٠٪ لە پایتەخت و دەوروبەری و ٩٠٪ بۆ ناوەندی ناوچەکانی تر). دەبێت تێبینی ئەوە بکرێت کە زیاتر لە نیوەی خوێندکارەکان لە قۆناغی ئامادەیی، لە تەمەنی ئاسایی ئەو قۆناغەی کە تیایدا دەخوێنن، گەورەترن ( بۆنمونە لە ١٧ ساڵ گەورەتر). ئەمە ئاماژەیە کە کاربەدەستانی پارێزگاکە کاریگەری زۆریان هەبووە بە دابین کردنی ئاستەکانی خوێندنی ناوەندی لە ماوەی چەند ساڵی رابوردودا، گەڕانەوەی ژمارەیەکی بەرچاو و سەرنج ڕاکێش بۆ قوتابخانە کە ئەگەری ئەوە هەبووە کاریان کردبێت یاخود بۆ یارمەتی خێزانەکانیان کاریان کردووە.

بە شێوەیەکی بەراورد کاری گشتی ڕێژەکانی تۆمارکردن لە هەردوو پارێزگاکەی تر لە هەرێمی کوردستان لە ڕێژەی ٨٠٪ تێنەپەڕیوە. هەرچەندە ئەو گەشەکردنە کەمتر تێبینی دەکرێت لە ناوچەکانی کەلار و کفری، کە دەکرێت پەیوەندی هەبێت بە توانستی کەمتر لە دابین کردنی خویندنی ناوەندی ئەگەر بەراورد بکرێت لەگەڵ قەزاکانی تردا، یاخود دەشێت پەیوەندی هەبێت بە کاریگەری قورسی ئاوارە ناوخۆییەکان.

---

١٢. کۆی گشتی تۆمارکردن بە دابەش کردنی ژمارەی خوێندکاران دەست دەکەوێت ، بەسەربەخۆیی لەتەمەنی خویندکارەکان، لەهەر قۆناغێك ( سەرەتایی بێت یاخود ئامادەیی) بە کۆی گشتی ژمارەی منداڵەکان بەسەر تەمەنی کۆمەڵەکە یەکسانە بۆ هەر قۆناغێك. لە بەرامبەردا پوختەی تۆمارکردنەکە دابەشی کۆی گشتی ژمارەی تەنها ئەو خوێندکارانەی کە تەمەنیان یەکسانە بەو قۆناغی خوێندنەی کە پێویستە تێیدا بن، بە کۆی گشتی ژمارەی منداڵەکان بۆ ئەو کۆمەڵی تەمەنە. تێکرای کۆی گشتی تۆمارکردن لە کرداردا لەو منداڵانە پێك هاتووە کە لە قۆناغێکی خوێ،دنی دیاری کراودان» لە دەرەوەی ئەو کۆمەڵەی کە هاوشانیانن». بۆ نمونە منداڵێکی تەمەن ١٩ ساڵ کە دەچێتە ئامادەیی دەخرێتە کۆی گشتی تۆمارکردن نەك لە کۆی گشتی ڕێژەی پوختەکان.

١٣. تەمەنی تایبەتی کۆمەڵەکان بۆ قۆناغی سەرەتایی (قۆناغی ١بۆ٩) گونجاوە بۆ ئەو منداڵانەی کە تەمەنیان لە نێوان ٦بۆ١٤ ساڵە. بۆ ئامادەیی (قۆناغەکانی ١٠بۆ١٢) کۆمەڵەی تەمەنەکەیان گونجاوە بۆ ئەو منداڵانەی کە تەمەنیان لە نێوان ١٥ بۆ ١٧ ساڵە.

شێوەی٣٢ . کۆی گشتی ڕێژەی تۆمارکردن بۆ قۆناغی سەرەتایی و ئامادەیی لەسەر ئاستی چینەکان و جوگرافیا




## ڕێژەی تۆمارکردن لەسەر ئاستی کۆمەڵەی دانیشتوان

لە کاتێکدا ڕێژەکان بۆ کۆمەڵگای خانەخوێ وا دەردەکەوێت کە گونجاوبێت لەم ڕوانگەیەوە، (بەتایبەت دەرکەوتنی ئاستێکی بەرزی قۆناغی ئامادەیی، وەك لەسەرەوە باسی کرا)، بارودۆخەکە بۆ ئاوارە ناوخۆییەکان پەنابەران ئەگەر بەراورد بکرێت لەگەڵ ئاستە نمونەییەکان، ئەوان دواکەوتوون.(شێوەی٣٣). بەتایبەتی لە حاڵەتی پەنابەران، کە زانیارییەکان دابەش بوونێکی دیار پیشان دەدەن. دوورکەوتنەوە لە قۆناغی سەرەتایی بە بەراورد لەگەڵ کۆمەڵەکانی تر تێبینی دەکرێت، بەڵام زانیارییەکان بۆ قۆناغی ئامادەیی ئەوە دەخەنە ڕوو کە تۆمارکردن لەو قۆناغانەدا بە نزیکەیی بوونی نیە.

ئەوە ئاماژەیە بەوەی کە ڕێژەیەکی زۆر لە منداڵان لە تەمەنێکی زوودا لە قوتابخانە دوور دەکەونەوە - نیشاندەرە ڕاستیەکە بریتیە لە ٥٠٪ لە منداڵە سورییەکان تەمەنیان لە نێوان ٦ بۆ ١٤ ساڵە هەروەها ٨٨٪ لە نیوان ١٥ بۆ ١٧ ساڵە کە بە هیچ شێوەیەك نەچوونەتە هیچ جۆرە قۆناغێکی خوێندنی فەرمی. دابەزینی ئەو نیشاندەرە بۆ ئاستی تۆمارکردن بۆ ئاوارە ناوخۆییەکان کەمتر سەرەکیە. بۆ قۆناغی خوێندنی سەرەتایی، زانیارییەکان پێشنیاری ئەوە دەکەن کە چوونی کچان بۆ قوتابخانە بریتیە لە ٨٨٪ کەمتر لەو ڕێژەیەی کە پێویستە چاوەڕێ بکرێت، بە بەراورد لەگەڵ کوڕان. بۆ قۆناغی ئامادەیی دابەزینەکە زۆرە، کە نیشاندەرە بۆ ئاستی نزمی توانای قوتابخانەکان، لە وەرگرتنی گشت ئاوارە ناوخۆییەکان کە خواستیانە بەشداری لە پرۆسەی خوێندن بکەن لەو ئاستەی خوێندندا.

شێوەی ٣٣. کۆی گشتی تۆمارکردن بۆ قۆناغی سەرەتایی و ئامادەیی بۆ هەر کۆمەڵی دانیشتوانێك و جۆری کۆمەڵایەتی(جێندەر)[1]




١.خوێندنی سەرەتایی بۆ حاڵەتی ئاوارە ناوخۆییەکان بە تیکەڵاوبوونی سەرەتایی (قۆناغی ١بۆ٦) خوێندنی ناوەندی (قۆناغی ٧بۆ٩).




بازاڕی سلێمانی، لەلایەن ئاوارە و پەنابەر و خەڵکی خانەخوێوە بەکاردەهێنرێت، وێنەگر: هەڵۆ لانۆ، ٢٠١٥

# ٨. دەرئەنجام و پێشنیارە سەرەکیەکان

## ١. بارودۆخی نیشتەجێ بوون

- **پێویستە کارمەندانی ڕێکخراوە مرۆییەکان و کاربەدەستانی ناوخۆیی یارمەتیدەری یەکتری بن لە ڕێبازی کارکردن و بەرنامەکانی پەرەپێدان بۆ کارئاسانی ئەو بارەی کە کەوتۆتە سەر تێچووی بەکرێ گرتنی شوێنی نیشتەجێ بوون لەسەر زۆرینەی خێزانەکان بەتایبەتی لە ناوەندی قەزای سلێمانی.**

ئەم قەزایە بەرزترین ئاستی تێکرای کرێ گرتەی هەیە لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان، هەروەها دەستەڵاتدارانی ناوخۆیی ئامانجی پێش وەختیان هەبووە بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ ئەو بابەتە، ئەویش بە داواکردن لە خاوەن موڵکەکان بە کەم کردنەوەی کرێی سەر موڵکەکانیان. زۆرینەی خێزانەکان یان خێزانی ئاوارە ناوخۆییەکان و پەنابەران یاخود کۆمەڵگای خانەخوێ لە هەوڵێکی مەترسیدان بۆ دانی ئەو کرێ یە.

ئەمە دەبێتە هۆی قەرزاری و ناجێگری لە شوێنی نیشتەجێدا لە پێناو گەڕان بەدوای یەکەیەکی نیشتەجێی هەرزانتر. بەمەبەستی ڕێگەگرتن لەو دیاردەیە لە ڕێگای هاوکاری کردن، جێبەجێ کردنی ئالیەتێکی ماوە کورت، وەك دابین کردنی پارەی نەختی بۆ دابین کردنی کرێ١٤، مەودای مامناوەند بۆ جێگیرکردن و دروست کردنی بیناکردنی خانوو لەجیاتی خانووی کرێ ( بە بەشداری کردنی دەسەڵاتداران بۆ بەهێزکردنی دڵنیایی خاوەن موڵکەکان).

هەرچەندە بۆ مەودایەکی ماوە درێژ کەمکردنەوەی ئەو پەستانەی کە لەسەر بواری کەرتی نیشتەجێ هەیە لە ناوەندی قەزای سلێمانی ئەو پێوەرانە دەگرێتە خۆ وەك پەرەپێدان و دابین کردنی یەکەی نیشتەجێی نوێ، یاخود دروست شاری نوێ لەدەرەوەی ناوەندی شارەکان دابین کرابێت بە خزمەتگوزاری گشتی و دروست کردنی ژێرخانێکی پتەو بۆ هاندانی دووبارە جێگیرکردنەوەی هاوڵاتیان.

- **پێویستە لەسەر کارمەندانی پەناگاکان بە فراوان کردنی مەودای یارمەتیەکان بۆ خێزانەکان بۆ ڕاپۆرتدان لەسەر حاڵەتی پێچۆڵ کردن، هەروەها دەستەڵاتدارانی ناوخۆیی پێویستە ڕێکەوتننامەی بەکرێ گرتن ڕێکبخەن.**

زانیارییەکان ئاماژە بە ڕێژەیەکی بەرزی دیاردەی پێچۆڵ کردن دەکەن بۆ خێزانەکانی ئاوارە ناوخۆییەکان لە ماوەی ١٢مانگی رابوردودا. بۆ کۆمەڵەی دانیشتوانەکان دەست گەیشتنیان بە یارمەتی فەرمی و یاسایی تا ڕادەیەك کارێکی قورسە، هەروەها ئەو شوێنانە مەترسیدار نین کە کارمەندانی پاراستن دەتوانن هەوڵەکانی خۆیان بەئەنجام بگەیەنن.

ئەو خێزانانەی کە شوێنی نیشتەجێیان پێچۆڵ کراوە سوودمەند دەبن لە یارمەتیە یاساییەکان لەسەر پێدانی ڕاپۆرت بۆ هەر دیاردەیەکی پێچۆڵ کردن ئەگەر ڕوویدات، بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی ووتوێژکارانە لەگەڵ خاوەن موڵکەکان، هەروەها بۆ دۆزینەوەی شوێنی نیشتەجێی نوێ.زۆرینەی حاڵەتەکانی پێچۆڵ کردنەکان بە ژمارەی تەواو ڕوویداوە لە ناوەندی قەزای سلێمانی، بەڵام لە کەلار و کفری تا ڕادەیەك ڕێژەکە بۆ پێچۆڵ کردن لە ئاستێکی بەرزدایە لەسەرئاستی دانیشتوان، ئاماژە بەوەدەکرێت کە ئەو ناوچانە کێشەی تایبەتیان هەیە کە پێویستە بەهەند وەربگیرێت.

سەبارەت بە کردارەکانی تایبەت بە دەستەڵاتدارە ناوخۆییەکان، پێویستی بە داکۆکی فەرمی هەیە بۆ بەهێزکردنی ڕێکەوتننامەی نوسراو کە پارێزەرێکی باش دەبێت بۆ هەردوو لایەنی کرێچی و خاوەن موڵك. بە دڵنیاییەوە ڕێکەوتننامەی نوسراو تەنها لە ناوەندی قەزای سلێمانی بڵاوە و لە ناوەندی ناوچەکانر تر کەمتر ئەو نوسراوە تێبینی دەکرێت.

- **کارمەندانی پەناگاکان و دەستەڵاتدارانی ناوخۆیی پێویستە لەسەریان کە هاریکاری یەکتری بکەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەمی یەکەی نیشتەجێ بوون بۆ بەشێکی بەرچاوی ئاوارە ناوخۆییەکان لە کفری. لەو شارەدا زۆرینەی خێزانی ئاوارە ناوخۆییەکان لە بینای قوتابخانە ناوخۆییەکاندا دەمێننەوە.**

---

١٤. ئەو بەرنامەی بڕە پارەیە دەبێت دڵنیایی تەواو بدات کە نابێتەن هۆی کاریگەری هەڵاوسان لە ناوەندی بازاڕی کرێدا، یان ببێتە کاریگەری کرێچی زیاتر لە ناوچە قەرەباڵغ نیشنەکاندا. ئەوە کارێکی گرنگە، بەتایبەت بۆ ناوەندی قەزای سلێمانی، کە پێشتر نزیکەی میوانداری ٩٠٪ دانیشتوانی پەنابەرانی کردووە لە پارێزگاکە و نیوەی دانیشتوانی ئاوارە ناوخۆییەکان. هەروەها ئەو قەزایانەی کە بەزرترین تێکڕای کرێچیان هەیە لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستانی عێراق» ALNAP ٢٠١٥ ڕینمایی کاری هونەری مەرجی پارە پێدان بۆ کرێ»

## ٢. پێکەوە ژیانی کۆمەڵایەتی لە ناوچە شارنشینەکان

- **دەستەڵادارانی ناوخۆ بۆ مەبەستی ئاسانکاری پێکەوە ژیان و تێکەڵاوبوون لە نیوان کۆمەڵگای خانەخوێ و ئاوارەکاندا پاڵپشتی دەکەن، بۆ بەهێزکردنی پەیوەندیەکانی نێوان هاوسێکان و هێورکردنەوەی تەنگژە کۆمەڵایەتیەکان، دروستکردنی ژینگەیەکی ئارام بۆ هەموولا.**

گفتوگۆی گروپە دیاریکراوەکان FGD لەگەڵ ئەندامانی کۆمەڵگای خانەخوێ و ئاوارە ناوخۆییەکان ئاماژەیان بە کەمی دڵنیایی کرد لە نێوان کۆمەڵگاکان لە ناوچە شارنشینەکاندا. ئەویش بە ڕۆڵ گێران لە بۆنە هاوبەشەکان و دروست کردنی پەیوەندی لەنێوانیاندا ٠ وەکو هۆڵە کۆمەڵایەتیەکان، چالاکیە وەزرشیەکان، کۆمەڵەی گەنجان و ئافرەتان) وەك خاڵی پەیوەندی نێوان دانیشتوانی هەموو کۆمەڵەکان زۆر جەختی لەسەر کرایەوە و پەرەی زیاتری پێدرا.

کارمەندانی ڕێکخراوە مرۆییەکان دیسانەوە هاوبەشی دەکەن لە کاریگەری جێبەجێ کردنی پرۆژەی کاریگەری خێرا(QIP) کە بەشێوەیەکی سەرەکی پرۆژەکانی ژێرخانی ئابوورین کە سوود دەبەخشێت بە هەموو چینەکانی کۆمەڵگا.

- **کاربەدەستانی دەستەڵاتدارانی ناوخۆیی، بەیارمەتی لەگەڵ ڕێکخراوە کۆمەڵایەتیە مەدەنیەکان، دەبێت پەرە بەو بەرنامانە بدەن کە خزمەتگوزاری زمانی کوردی پێشکەش دەکەن بۆ ئاوارە ناوخۆییەکان.**

چەند بەڵێنێك لە گفتوگۆی گروپە دیاریکراوەکان لەگەڵ ئەندامانی کۆمەڵگای خانەخوێ و ئاوارە ناوخۆییەکان ئاماژەیان دا بە بەربەرستی ئاخاوتن و زمان وەك هۆکاری پەیوەندی و تێکەلاوبوون لە نێوان کۆمەڵگاکان .

پێشکەش کردن و پاڵنەر بۆ فێربوونی زمانی کوردی دەبێتە ئاسانکاری بۆ گونجاندنی ئاوارە ناوخۆییەکان بۆ ژینگەیەکی نوێ هەروەها بەهێزکردنی تێکەڵاوبوون و پێکەوە ژیان.

- **ڕێکخراوە مرۆییەکان پێویستە پێگەی پێوەژیانی کۆمەڵایەتی بکەنە ئامانج، بەوەی کە بابەتێکی گشتگیرەو بە درێژایی هەموو کارە کرداریەکان، لەهەمان کاتدا کاربەدەستانی حکومی دەبێت بەشێوەیەکی ئاشکرا پەرە بە پێکەوە ژیان بدەن و پەسەندی بکەن.**

لە ئێستادا پێکەوە ژیان بەشێکی تایبەتە لە کارە کرداریەکان (یان گوزەرانی کتوپڕی و پێکەوە ژیانی کۆمەڵایەتی) لە چوارچێوەی کارە مرۆییەکانە. خستنەڕووی حاڵەتە هەستیارەکانی پێکەوە ژیانی کۆمەڵایەتی و هەستیاری بە نایەکسانی لە نیوان کۆمەڵە دانیشتوانەکان، کارێکی گرنگە بۆ بە ڕێچکەگردتنی لایەنەکانی پێکەوە ژیانی کۆمەڵایەتی لە تەواوی دەستە-کارەکاندا و هەڵسەنگاندنی ڕێگاکانی بەهێزکردنی پێکەوە ژیان.

ئەمە دەبێت گونجاوبێت لەگەڵ ئەو هەوڵانەی کە پەیوەندی بەهێز پەرەدانی ئاشتەوای و پێکەوە ژیانەوە هەیە، بە پێچەوانەی بڵاوبونەوەی ئەو بیرو بۆچونانەی کە پێی وایە هیچ کەس براوە یان خاوەنی پلەیەکی بەرز نیە بۆ هیچ لایەنێك لەو قەیرانی ئاوارەییەدا، جگە لەوەی کە گشت کۆمەڵگای دانیشتوانەکان کەوتونەتە ژێر کاریگەری قەیرانەکە.

## ٣. گوزەرانێکی بەردەوام و پتەو

- **پێویستە لەسەر کارمەندانی بواری گوزەران، کە هەوڵی کردنەوە و فراوان کردنی خولی ڕاهێنانە پیشەییەکان بدەن لە ناوچەکانی تری پارێزگاکە.**

کە دەبێتە هۆی پێدانی بەشێکی زۆر لە دانیشتوان کە لە ئێستادا لە توانایاندا نیە بۆ کار بگەڕێن لەبەر نزمی ئاستی خوێندەواریان و نەبوونی شارەزایی لەبواری کارکردن، کارێك بکرێت دووبارە بچنەوە ناو بواری کارکردن لە بازاڕی کاردا، ئەوەش بەدابین کردنی ڕاهێنانی پیشەیی، کاری دەستی و بوارەکانی تر دێتەدی (پاڵپشتی کردنی دارایی بۆ دابین کردنی هەر کەل و پەلێکی سەرەتایی ئەگەر پێویست بکات). گفتوگۆی گروپە دیاریکراوەکان لەگەڵ پەنابەران ئاماژەیان بۆ ئەوە کرد کە لەگەڵ ئەوەشدا هەلی ڕاهێنانێکی کەم لە ئارادایە لەو بوار و شارەزاییانەدا لە دەرەوەی ناوەندی قەزای سلێمانی.

- **ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە ناحکومیە نێودەوڵەتیەکان و ژووری بازرگانی ناوخۆ لە توانایاندایە کە هاوکاری پێشکەش بکەن بۆ ئەوەی پشتگیری پەنابەران بکەن بۆ پەرەپێدانی پرۆژەی هاوبەش لەگەڵ کۆمەڵگای خانەخوێ. ئەو حاڵەتەی کە پەنابەران تێیدان، ئەندامانی تاکەکانی پەنابەرانی سووریی لە توانایاندا نیە کە دەست بەکارێك بکەن لەدەرەوەی سنوری خێوەتگەکان.**

تاکە سیستەمێکی جێگرەوە بۆ دەستپێشخەری کار بۆ پەنابەران بۆ دروست کردنی پرۆژەی هاوبەش لەگەڵ دەستپێشخەریەکانی ناوخۆیی. ئەم کارە پێویستی بە سەکۆیەکی پشتگیری هەیە بۆ پەنابەران بۆ دیاری کردن و پەیوەندی کردن و هاوبەشی پێکردن لەگەڵ لایەنە ناوخۆییەکان، لە هەمان کاتدا دڵنیابوونەوە لە پاراستنی یاسایی لەگەڵ هاوبەشی پەنابەران.

- **بوونی کاراکتەری دارایی بەهێزتری بچوك لە پارێزگاکە کارێکی پێویستە بۆ چالاکیەکانی گوزەران بۆ مەودایەکی درێژتر. لەگەڵ ئەوەشدا نەبوونی کاراکتەری دارایی بچوك بریتیە لە کێشەیەکی درێژخایەن لە سەرتاسەری عێراق، تیکەڵاوبوونی گوزەران لە بوارەکانی پەرەپێدانی کارکردن سوودمەند دەبێت لەو جۆرە پاڵپشتیە داراییە.**

- **ئەو کارەکتەرانەی کە گوزەران و بڕ پارە دابین دەکەن بۆ کارکردن، دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرن کە کارەکانیان چڕ بکەنەوە لەبارەی بەرنامەکانیانەوە لە دەرەوەی ناوەندی پارێزگای سلێمانی و ئەو خێزانە شکستبارانەش لەخۆ بگرێت کەلە کۆمەڵگای خانەخوێکانن.**

لە کاتێکدا کە پارە دابین کردن بۆ کارکردن وەك یەکێك لە بەرنامە گوزەرانیەکان دەمێنێتەوە لەسەرانسەری هەرێمی کوردستان، دووبارە بیرکردنەوە لە بواری ئەو بەرنامەیە دەشێت زۆر بە سوودبێت بۆ تەواوی حکومەت، نەك تەنها ناوەندی قەزای سلێمانی کە بە زۆری چڕبونەوە لە ناوچەکانی کەلار و کفریە بۆنمونە ئەو ناوچانەی کە دەبێت زۆر سوودمەندبن لە بەرنامەی پێدانی پارە بۆ مەبەستی کارکردن، ڕێژەیەکی زۆری بێکاریان پیشانداوە.

جگە لەوە، لە کاتێکدا چڕبونەوەکە زیاتر لەسەر دابین کردنی کار بووە بۆ کۆمەڵگای ئاوارە ناوخۆییەکان و پەنابەران، فراوان کردنی ئەو بەرنامەیە دەبێت ئەو خێزانە شکستبارانە لە خۆبگرێت کەلە کۆمەڵگای خانەخوێن کە دەبێتە هۆی فراوان بوونی هاریکاری سوودگەیاندن بۆیان و کەمکردنەوەی کێشەکانیان کە ڕوودەدات کاتێك هەندێ گروپ دوور دەخرێنەوە لەو بەرنامەیە لە چەند ناوچەیەکی تایبەتی دیاری کراو.

## ٤. میکانزمی یارمەتیدان بە بڕە پارەی نەختی

- **کارمەندانی ڕێخکراوە مرۆییەکان و پەرەپێدان لەگەڵ کاربەدەستانی ناوخۆیی پێویستە بەیەکەوە کاربکەن بۆ هاریکاری کردن لە سەر چەند میکانیزمێکی پێدانی نەختی، هەروەها دڵنیا بوون لە بەردەوامی لە مەودایەکی درێژتر، ڕێگەگرتن لە دووبارە بونەوەی سیستەمی پاراستنی کۆمەڵایەتی. یارمەتیدانی پێدانی نەختی زۆر خێرا دەبێتە یەکێك لە میکانیزمەکانی بەهاناوە چوون بۆ قەیرانی ئاوارەبوون لە هەرێمی کوردستان.**

لە پارێزگای سلێمانی زۆر لە بەرنامە خێرخوازییەکان لە ڕێی چەند هاوبەشی کارێکی جیاوازەوە جێ بەجێ کراوە و بوونی هەیە: پێدانی نەختی بۆ کرێ، بۆ خوێندن، بۆ مەبەستی دابین کردنی خواردن، بۆ دەست کەوتنی کار، هەروەها دانەوەی نەختی بێ مەرج. ئەم پاڵپشتە داراییە دابین دەکرێت سەرەڕای دابین کردنی ئەو بڕە نەختیانەی کە دەستەڵاتدارانی ناوخۆیی دابینی دەکات بۆ خێزانە شکستبارەکان لە کۆمەڵگای خانەخوێ وەك بەشێك لە تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی.

لەبەرئەوەی ئەو بڕە پارەیە دراوە و هەروەها ژمارەی خێزانە بە ئامانجکراوەکان زیاد دەکەن، دەبێت هاریکاری نێوان هاوبەش کارەکان پتەوتر بکرێت و بەهێزتر بکرێت و لەبەرچاو بگیرێت هەروەها بیروڕاکان زیاتر لێك نزیکرێتەوە بۆ زیارتر لێك تێگەیشتن لە پێناو ئەوانەی کە سوودمەند دەبن. دەستکەوتەکان لە هاوبەش کارەکانەوە لە مێزگردی کارەکان کەلە سلێمانی بەڕێوەچوو ئاماژەیان کرد کە پێویستی یەکی زۆر گرنگ دەبێت لە ئارادا بێت بۆ هاریکاری کردنی کردارەکان لەگەڵ دەستەڵاتدارانی حکومی لە پێناو ڕێگری کردن لە دروست بوونی پێکهاتەو بنەمای تەریبی و هاوشێوە و دەستەبەری بەردەوام بوون لەسەر کارەکان و بەردەوام بوون لەسەر شێوازی پاڵپشتی دارایی لە ساڵانی داهاتوودا لەو ساتانەی کە کارمەندی ڕێکخراوە مرۆییەکان بوونیان نیە و لە ئارادا نینو لەبەرئەوە گفتوگۆکان لە نیوان ڕێکخراوە مرۆییەکان و کارمەندانی پەرەپێدەر دەبێت دەست پێشخەری بێت هەروەها بەڕێوەبەرایەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی حکومەت (DOLSA) بۆ دروست کردنی پەیوەندییەکی باشتر کۆبونەوەی میکانیزمەکانی پێدانی نەختیە جیاوازەکان لەگەڵ ئەوانەی کە بوونیان هەیە لە سیستەمی پاراستنی کۆمەڵایەتی حکومەت.

- **کارمەندانی ڕێکخراوە مرۆییەکان کار دەکەن لە بواری یارمەتی دانی پێدانی نەختی، دەبێت ناوچە بە ئامانجکراوەکان لەبەرچاوبگرین کە لە بەرنامەکەدایە، هەروەها خێزانە شکستبارە بە ئاماجکراوەکان، بە لەبەرچاو نەگرتنی ئەوەی کە ئاوارەی ناوخۆیین یان پەنابەرن یاخود ئەندامانی کۆمەڵگای خانەخوێن.**

زانیاری دەربارەی بارودۆخەکانی ژیان و گوزەرانی کۆمەڵگای خانەخوێ لەم دوایانەدا ژمارەیان زیادی کردووە، هەروەها دەرکەوتووە کە ڕێژەیەکی دیار لە دانیشتوان تا ڕادەیەك لە بارودۆخێکی شکستباردان.

ئەمە ئاسانکاری بۆ خێزانی کۆمەڵگای بە ئامانجکراو دەکات، ئەمە سەرەڕای ئاوارە ناوخۆییەکان و پەنابەران لە ناوچە بەئامانجکراوەکاندا. بەشەکەی پێشووتر لەسەر هەڵسەنگاندنی شکستباری وێنایەکی گشتگیری لە لاوازی دەرخست لەسەرانسەری کۆمەڵەی دانیشتوانەکان.دەتوانرێت ستراتیجیەتی تازەگەری جێبەجێ بکرێت، کە لە ئامانجەکانی هەژاری و لاوازی لە سەرانسەری پارێزگای سلێمانی دەکۆڵێتەوە، کە هەموو کۆمەڵەی دانیشتوانەکان ڕووبەڕوی هەمان حاڵەت دەبنەوە. هاریکاری کردنی لەگەڵ کاربەدەستانی پلان دانەر وەك بەڕێوەبەرایەتی ئامار، دەکرێت کە بگەڕێن بۆ ئەو مەبەستە، سەرەڕای هاتنە ناوەوەی دەستەڵاتە ناوخۆییەکان لە هێڵکاری کێشانی پرۆژەکە بۆ مەبەستی گونجاندنی پرۆژەکە لەگەڵ ئەو ڕاسپاردانەی کەلە سەرەوە ئاماژەی پێدراوە.

- **بەڕێوەبەرایەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی (DOLSA) لە پارێزگای سلێمانی هانی دەوڵەمەند کردنی سیستەمی خۆش گوزەرانی دەدات، بە شێوە بە ڕێبازکردن و پێوەر کردنی سیستەمەکە بۆ ئەوەی بێ کەمو کوڕی، دانیشتوانی شکستبار بە ئامانج بکات و زیادکردنی توانایی و کاریگەری بەرنامەکە.**

پیاچوونەوەی پێشتر[١٥] ئاماژەی بە پێویستی بەڕێوەبەرایەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی (DOLSA) دەکات،بۆ پەرەپێدانی کارەکانی لە بواری تۆڕی پاراستن ئەویش بە فەراهەم کردن و ڕوونکردنەوە و ئاسانکردنی ڕێسای کارکردن و ڕێنماییەکان، کە بەهۆیەوە خێزانەکان مافی یارمەتیان پێ دەبەخشرێت. هاریکاری لەگەڵ هاوبەش-کارەکانی ڕێکخراوە مرۆییەکان کە یارمەتی نەختی لەپارێزگای سلێمانی دەبەخشن، دەبێتە هۆی پێدانی وانەیەکی بەسوود بۆ بەڕێوەبەرایەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی (DOLSA).

١٥. بۆ نمونە بڕوانە بانکی نێودەوڵەتی (٢٠١٥) کاریگەری هەڵسەنگاندنی ئابووری و کۆمەڵایەتی بۆ قەیرانی سوریا و ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش لەسەر هەرێمی کوردستانی عێراق.

## ٥. گرفتەکانی خوێندن

• **دەستەڵاتدارانی ناوخۆیی پێویستە هاریکاری لەگەڵ هاوبەشکارەکانی بواری خوێندن بکەن بۆ جێبەجێ کردنی بەرنامەیەکی خوێندنی جێگیر بۆ ئەو منداڵانەی کەلە دەرەوەی قوتابخانەن کە یارمەتیان دەدەن بۆ ئەوەی جارێکی تر پەیوەندی بکەنەوە بە خویندن ( چ خوێندنی فەرمی بێت یاخود هەر خولێکی نا فەرمی بیت ).**

زۆرینەی مندالان ماوەی یەك ساڵ یان دووساڵی خوێندنیان لە دەست چووە بەهۆی قەیرانی ئاوارەبوونەوە، یاخود قۆناغەکانی خوێندنیان جێ هێشتووە بۆ هەر هۆیەکی تر وەك کارکردن. گەڕانەوە بۆ کۆرسە فەرمیەکان دەکرێت گرفتێك بێت، تەنانەت ئەگەر منداڵەکە خواستی بووبێت لەسەر بەردەوامی خوێندن دوای دوورکەوتنەوەی لە قوتابخانە.

ئەمە بەسەر پەنابەرانیشدا جێ بەجێ دەبێت، لە نێوان ئەوانەی کە دوور کەوتونەتەوە ڕێژەی کوڕان و کچان بەشێوەیەکی بەرچاو زۆر بەرزە لە قۆناغی سەرەتایی و ئامادەیی، چارەسەرێکی تر دەشێت پیویست بێت (بۆ نمونە: پێشکەش کردنی کۆرسی فراوان بۆ ماوەیەکی کورت، کۆرسی بەهێزکردن کە ڕێگەبە خوێندکاران دەدات بۆ جێگرتنەوەی ئەو قۆناغانەی کەلە دەستیان چووە، بەشداری کردن لەچەند کۆرسێك لە کاتی ئێواران دوای کارکردن،هتد...) ئەو هەوڵانەی کەلەو بوارەدا دەدەرێن، دەبێتە بەشدارییەکی بەرچاو بۆ بەدەست هێنانی ئامانجی دەست پێشخەرییەکان»نەوەیەکی لەدەست نەچوو» کە ڕێی چەند لایەنێکی نێودەوڵەتیەوە دەستی پێکردووە سەبارەت بە قەیرانی سورییەکان، بەلام لە تواناادا نیە کە فراوانتر بکرێت بۆ ئەوەی هەموو قەیرانەکانی سەرتاسەری عێراق بگرێتەوە.

• **پێویستە لەسەر کارمەندانی ڕێکخراوە مرۆییەکان هەڵسەنگاندن بکەن بۆ چۆنێتی بەرزکردنەوەی پێوەری بەرنامەکانی پێدانی پاداشتی دارایی بۆ خێزانەکان بۆ ئەوەی ڕێگری بکرێت لە خوێندکارەکان بۆ ئەوەی دوورنەکەونەوە لە خویندن و وازی لێنەهێنن.**

لە کاتێکدا هەندی هۆکار هەیە بۆ دوورکەوتنەوە لە خوێندن کە پەیوەندی هەیە بە ڕێگرییەکان بە دەست گەیشتن بە قوتابخانە، وەکو کەمی تواناکان و نەبوونی ئاسانکارییەکان، هەندێ هۆکاری تر دەگەڕێتەوە بۆ کەم توانایی دارایی و ئەو تیۆرانەی کە پەیوەندی هەیە بە خوێندنەوە ( بەشێوەیەکی سەرەکی تێچووەکانی هۆکارەکانی گواستنەوە) هەروەها خواستی زیاتری کارکردن لە خویندن.

کارەکان بەردەوامیان هەیە لە هەندێ لە بەرنامەکان لە پارێزگای سلێمانی، کە بڕە پارەی نەختی تەرخان دەکات بۆ خێزانەکان لەبری بردنی منداڵ بۆ قوتابخانە، هەروەها بەرنامەکانی تر کە یارمەتی بۆ خێزانەکان پێشکەش دەکەن، لە ڕووی دابین کردنی پێداویستیەکانی قوتابخانە و هۆکاری گواستنەوە.

• **پێویستەلەسەر کاربەدەستە ناوخۆییەکان هەستن بە زیادکردنی ژمارەی مامۆستاکان بۆ قوتابخانە دیاری کراوەکان لە پێناو تەرخان کردنی خزمەتگوزاری خوێندن بۆ پەنابەران و ئاوارەناوخۆییەکان.**

کەمی ژمارەی مامۆستاکان کە هەیە بۆ وانە ووتنەوە لەو قوتابخانانە کە ئاماژەی پێدراوە لەزۆرینەی گفتوگۆی گروپە دیاریکراوەکان کە وەك بەربەستێکی کاریگەری ڕیگە دەگرێت لە تەرخان کردنی خزمەتگوزاری خوێندن بۆ پەنابەران و ئاوارەناوخۆییەکان.

بەشداربووان ئاماژەیان کرد بەو ڕاستیە کە وەك هۆکارێکی سەرەکییە بۆ دوورکەوتنەوەی خوێندکاران لە قوتابخانە، سەرەڕای ئەو هۆکارەی لەسەرەوە باس کرا. کێشەی حاڵی ئێستا کە بەردەوامی هەیە ئەویش پێدانی مووچەی مانگانە بۆ مامۆستایانی کەرتی گشتی، لەگەڵ ئەوەی کە بە سەرەکیترین بەربەست دادەنرێت.

## ٦. بەهێزکردنی دامەزراوەیی بۆ بەهاناوەچوونی مەودا فراوان

- **لایەنەکانی پەرەپێدان هانی پشتگیری هاوکارەکانیان دەکەن لە بەڕیوەبەرایەتیە حکومیەکان لە ڕووی ژێرخانی ئابووری و ڕقەواڵەیی یاخود پالپشتی تەکنەلۆژی، وەك هاریکاری یەکی تری دارایی نابەردەوام.**

داواکرایەکی زۆر بەهێز هەیە لەلایەن دامەزراوە گشتیەکان بۆ لایەنە نێودەوڵەتیەکان بۆ پێشکەش کردنی یارمەتی دارایی لە تەرخان کردنی خزمەتگوزاری گشتی بۆ سەرتاپای دانیشتوان لەم کاتەی کە هەرێمی کوردستان بە قەیرانی داراییدا تێپەڕ دەبێت.

لە کاتێکدا باشترین چارەسەر دەشێت تەنها تەرخان کردنی پاڵپشتی دارایی نەبێت بۆ چالاکیە گشتیەکان ( ئەمە لە ڕووی مەودایەکی کورت، ڕێبازێکی نابەردەوام)، پشتگیری مەودا فراوان بۆ توانا دامەزراوەییەکانی سلێمانی دەکرێت لە چوارچێوەی ژێرخانی ئابووری بێت ( گەڕانەوە بۆ باری پێشووی دامەزراوەکان یان گەشەپێدانی خێرا بۆ یەکێکی نوێ) یاخود توانایەکی کرداری ( بۆ نموونە چاودێری تەندروستی، دەکرێت نۆرینگەیەکی تەندروستی گەڕۆك بێت، ئوتومبیلی فریاگوزاری یان هەر ئامێرێکی تر، لە کاتێکدا بۆ بواری خوێندن دەکرێت پاڵپشتی دارایی بواری گواستنەوە لە خۆبگرێت بۆ مامۆستاکان).

لەم ڕووە وە قەزاکانی کەلار و کفری، لەسەروو ئەوانی ترەوەن، کە پێویستیان بە پەرەپێدانی کتوپڕ هەیە لە توانستەکانیان بۆ تەرخان کردنی چاودێری تەندروستی و خزمەتگوزارییەکانی بواری خوێندن.

- **لایەنە نێودەوڵەتیەکان هانی هاریکاری لەگەڵ هاوبەشکارەکانیان لە حکومەت دەدەن لە تەرخان کردنی پەرەپێدان بۆ توانستە هونەرییەکان و شارەزاییەکان.**

جگە لە پشتگیری کردنی دەستەڵاتدارە حکومیەکان لە پەرەپێدانی توانای جەستەیی، کارێکی گرنگە بەبەشداری کردن بۆ بنیاتنانی توانست بە دانانی شارەزایی هونەریی و کارمەندی کارامە و لێهاتوو لە دەزگا حکومیەکان. سەرچاوە مرۆییەکان پێکهاتەیەکی گرنگن بۆ بەخشینی خزمەتگوزاری، لەبەرئەوە ئامانجی ڕاسپاردەکان لە پێناوی بەدەست هێنانی گۆڕانێکی دامەزراوەییە لە سیستەمەکە بە گواستنەوەی شارەزایی ڕیچکەکان و هەروەها ڕێوڕەسمی کارەکان.

- **لایەنە نێودەوڵەتیەکان لە نزیکەوە هانی کارکردن ئەدەن لەگەڵ ڕێکخراوە ناحکومیە ناوخۆییەکان هەروەها ڕێکخراوە شارستانی یەکۆمەڵایەتی یە ناوخۆییەکان لەکاتی جێبەجێ کردنی بەرنامە مرۆییەکان.**

ڕێبازی بەهاناچوونە مەودا فراوانەکان بۆ قەیرانەکان بە سوود دەبێت لە دووبارە ڕێچکە وەرگرتنەوەی چالاکیەکان،ئەمەش دوور لە ڕاستەوخۆ جێبەجێ کردنی لەلایەن ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانەوە، بۆ زیاتر بە توانا کردنی ڕۆڵەکان کە ڕێگە بە لایەنە ناحکومیە ناوخۆییەکان دەدات بۆ پەرەپێدان و گەشەدان بە تواناکانیان١٦. لەگەڵ ئەوەی مانای وازهێنانی هەندێ «دەستەڵات» لە ئێستادا، لایەنە ناوخۆییەکان ئەوانەن کە بەردەوام دەبن لە کردارەکان لە چەند ساڵی داهاتوودا.

١٦. بۆ نموونە بڕوانە ODI کاتی بەجێ هێشتن، پێشنیارێکی سێ خاڵی بۆ گۆڕینی سیستەمی مرۆیی

## ٧. پەیوەندی هاوبەشکار، هەماهەنگکار بۆ بەرنامەی کاری مەودا فراوان

- **ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان، ڕێکخراوە ناحکومیەکان و کاربەدەستانی ناوخۆیی پێویستە لەسەریان کە پەیوەندی هەوڵەکانیان بەهێزتر بکەن بەمەبەستی سوود گەیاندن بە کۆمەڵگاکان بە شێوەیەکی گشتی لە پێناو زیادبوونی زانیاریی و بەئاگایی، ڕەوایی یاسایی، کاریگەرێتی هەروەها لێپرسراوێتی بۆ یارمەتی دانی ئەوانەی کە سوودی لێوەردەگرن.**

بەردەوامی یەکسانی دابەشکردنی یارمەتیەکان، پەرەپێدانی بەشداربووان بە کۆمەڵگاکان و وووریایی باسکردنی جێبەجێ کردنی کارەکان دەکرێت لایەنێکی گرنگ بێت بۆ بەرەوپێش چوونی بەرنامەکان بۆ مەودایەکی فراوانتر[١٧]. تێڕوانیەکانی هەردوو لایەنی کۆمەڵگای خانەخوێ و دانیشتوانی ئاوارە لەسەر هاتنە ناوەوەی کارە مرۆییەکان دەشێت هەندێ جار وەڵامێکی نەرێی هەبێت بەهۆی نەبوونی پەیوەندییەکان. دانیشتوانی ئاوارە لە ناوچە شارنشینەکان ئاماژەیان بەوە کرد کە هەندێ جار نارِوونی لەسەر چۆنێتی گەیاندنی هاوکارییەکان هەیە، بەتایبەتی هەندێ جار تێك دەدرا بە هۆی پروپاگەندەوە.

لەلایەن هەندی کۆمەڵەوە پێشنیاری ئەوە کرا کە پەرستگاکان، مزگەوتەکان، شوێنە گشتیەکان وەکو نەخوشخانەکان دەبێت بەکاربهێنرێن وەك ناوەندێك بۆ بڵاوکردنەوە. ئەوەی زۆر گرنگە کە لە حاڵەتی کۆمەڵگای خانەخوێ، گفتوگۆی گروپە دیاریکراوەکان FGD ئاماژەیان بەوە دا کە بەگشتی پەراوێز خراون، ئەمەش دەبیتە هۆی بێ متمانەیی. زۆر بە قورسی پێشنیار کرا کە هەردوو لایەنی دەستەڵاتدارانی ناوخۆیی و ڕێکخراوە ناحکومیەکان دەبێت پەیوەندیەکی ڕیکخراو و بەردەوام هەبێت لەگەڵ گفتوگۆی گروپە دیاریکراوەکانFGD و کۆمەڵگای خانەخوێ سەرەڕای پەیوەندیە بەردەوامەکانیان لەگەڵ سوودمەندە ڕاستەوخۆکان. هەوڵی زێتر پێویستە بدرێت لە پێناو پەرەپێدانی بەهیزکردنی پەیوەندییەکان لەگەل ستراتیجیەتی کۆمەڵگاکان.

- **ڕیکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان و ڕێکخراوە ناحکومیە نێودەوڵەتیەکان پێویستە لەسەریان کە پەیوەندی دروست بکەن و پشتیوانی بکەن لەگەڵ پەخشەرەکان بۆ بەڵێن دان لەسەر مەودایەکی فراوانتر هەروەها جوڵان بۆ پاڵپشتی دارایی ئەو کارانەی کە دەبێت پێشتر بکرێن.**

دابین کردنی پاڵپشتە داراییەکان بۆ ئەو بەرنامە کارانەی کە زۆر دەگۆڕێن بە پێی مەبەستی حاڵەتی کتوپڕی، کە لە زۆر حاڵەتدا دەبێتە هۆی ڕێگەگرتن لە گواستنەوەی بۆ مەودایەکی فراوانتر.

لەبەرئەوە کارێکی گرنگە کە پەیوەندی هەبێت لەگەڵ پێویستیەکان و سوودمەندییەکان کە زیاتر بەرنامەیەکی راستوخۆ بۆ پەرەپێدان، دەبێتە هۆی ئاسانکردنی قەیرانەکە لە پارێزگای سلێمانی و عێراق بەگشتی. هەڵبژاردەکانی وەکو داواکردن بۆ کەم کردنەوەی پاڵپشتی دارایی بەرنامەکان کە دەبیت دابین بکرێت بۆ فراوان کردنی خزمەتگوزارییە گشتیەکان بەهەمان شێوە خرایە پێشنیارکردنەوە.

- **کارمەندانی لایەنە مرۆییەکان پێویستە دەستەڵاتدارە ناوخۆییەکان بەیەکەوە ببستنەوە (هەروەها لایەنە پەیوەندی دارەکان) هەرچەند بە توانا بێت بۆ نەخشە کێشانی بەرنامەکان و جێبەجێ کردنی بۆ ئەوەی بنەمای هاوتەریبی بەدوور بخرێت.**

پلانە هاوبەشەکان لە نێوان دەستەڵاتدارە حکومیەکان و لایەنە نیودەوڵەتیەکان سوودبەخشن لە ڕووی بەرهەمهێنانی بەرنامەی بەردەوامی پاڵپشتی دارایی زیاتر بۆ دانیشتوانی ناوخویی . ئەمە گرنگە بۆ نمونە بەرێوەبەرایەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی بەهەمان شێوە چەند بەرنامەیەك جێبەجی دەکات لەسەر باری گوزەرانی و لایەنی تەندروستی و دەروونی بۆ پشتیوانی کردنی ئاوەرکان.

- **گشت هاوبەشکارەکان پێویستە زیاتر هەنگاو بنێن بەرەو بەکگرتنی زیاتری زانیاریە پێویستیەکان و هەماهەنگی لەگەڵ ئەو زانیارییانەی لەبەردەستن.**

بڵاوبوونەوەی زانیارییەکان بە پێچەوانەوە کاریگەرییەکی نەرێی دەبێت لەسەر پلانی بەرنامەکان. بۆ نمونە هێنانە کایە و هاوبەشی پێکردنی زایناریيەکان لە پێناو زانینی ڕێگەی هەنگاوانانی پەنابەران و ئاوارە ناوخۆییەکان و هەروەها نوێ کردنەوەی لیستی سوودمەندبووەکان دەکرێت یارمەتی بدرێت بۆ نەهێشتنی دووبارەبوونەوەی هاوکاری برە پارەی نەختی.

هاوبەشکارەکان سوود وەردەگرن لە هەماهەنگی نێوان بەرێوەبەرایەتی بەریوەبردنی زانیارییەکان و لایەنەکانی وەك بەرێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی( کە مەودایەکی فراوانی هەیە لە کۆکردنەوەی زانیارییەکان) هەروەها دەستپێشخەری ڕێکخراوی REACH ( کە تارادەیەك مەودایەکی چڕی هەیە لەسەر بابەتە کتوپڕەکان و هەڵسەنگاندنی پێویستیەکان ). کارێکی گرنگە بۆ بەهێزکردنی هەماهەنگی لایەنەکان لە ناوەڕاست و باشووری عێراق، کە زۆرینەی چارەسەرکان ڕێگە پێدەرن بۆ نمونە، گەڕانەوەی ئاوارەکان پێویستی بە هەماهەنگی کرداری هەیە لەسەرتاسەری ووڵاتدا .

---

[١٧]. بۆ ئەو کاریگەریە، دەستپێشخەرییە وەك هاوبەشی کار لەگەڵ کۆمپانیای ئاسیا سێڵ بۆ ئاسانکاری کردنی بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان و دروست کردنی هێڵێکی راستەوخۆی تەلەفۆنی بۆ دانیشتوانی ئاوارەکان و ڕاپۆرتدان لەسەر زانیارییەکان هەنگاوێکی باشە، ئەمە کاریگەری دەبێت لەسەرئەوەی چ پێویستیەك دەبێت پێشتر کاری لەسەربکرێت



دیمەنێکی شاری سلێمانی، وێنەگر: محەمەد أ. عەلی، ٢٠١٦

# پاشکۆکان

## A. پرسیارەکانی تایبەت بە روپێوی خێزانەکان

| بابەتی سەرەکیی | بابەتیی دووەمیی | # | پرسیارەکانی تایبەت بە روپێوی خێزانەکان: پرسیارەکان | پرسیارەکانی تایبەت بە روپێوی خێزانەکان: هەلبژاردەی وەلامەکان | دانیشتوانی وەلامدەرەوە |
|---|---|---|---|---|---|
| رووماڵ | شوێن | A1 | پڕ دەکریتەوە لەلایەن توێژەرەوە پێش چاوپێکەوتن:<br>A1_1پارێزگا:<br>A1_2 قەزا :<br>A1_3 ناحیە :<br>A1_4 گەرەك:<br>5_ نمرەی بلۆك<br>A1_6 جۆری خێزان :<br>7_نمرەی هێشوو<br>A1_8 ژمارەی خێزان : | A1_1: سلیمانی<br>A1_2: هێنانی لە لیستەکە<br>A1_3: هێنانی لە لیستەکە<br>A1_4: هێنانی لە لیستەکە<br>A1_5:نمرەی بلۆك<br>A1_6: 1.راگواستراو, 2. IDP, . ناوخۆیی<br>A1_7:نمرەی هێشوو<br>A1_8: نمرەی خێزان | لە ئارادا نیە |
| | داتای روونکەرەوە | A2 | نمرەی توێژەر | | لە ئارادا نیە |
| | | A3 | پێشەکی ناساندنی روپێوەکە/ ئامادەبوونی چاوپێکەتنەکە | | لە ئارادا نیە |
| | | A3 | باری لۆجیستی چاوپێکەتنەکە:<br>ئایا رازی دەبن لەسەر ئەنجامدانی ئەو چاوپێکەوتنە؟ | 1. بەلێ<br>2. نەخێر | لە ئارادا نیە |
| | | A4 | لەلایەن توێژەوە پردەکرێتەوە:<br>پەیوەندی وەلامدەرەوە بە سەرۆك خێزانەوە | 1. سەرۆك خێزان<br>2. هاوسەر<br>3. کچ/کور<br>4. برا/خوشك<br>5. باوك/ دایك<br>6. زاوا/ بووك<br>7. نەوە<br>8.خەسوو/خەزوور<br>9. خزمانی تر<br>10. خزمایەتی نیە | گشت خێزانەکان |
| ئەندامانی خێزان | پێکهاتەی خێزان | B1 | ناوی یەکەمی چی یە- دەست پێکردن لە سەرۆك خێزانەوە | | گشت خێزانەکان |
| | | B2 | پەیوندی خزمایەتی بە سەرۆك خێزانەوە چی یە؟ | 1. سەرۆك خێزان<br>2. هاوسەر<br>3. کچ/کور<br>4. برا/خوشك<br>5. باوك/ دایك<br>6. زاوا/ بووك<br>7. نەوە<br>8.خەسوو/خەزوور<br>9. خزمانی تر<br>10. خزمایەتی نیە | گشت خێزانەکان |
| | | B3 | ناوبراو نێرە/ یان مێ یە؟ | 1. نێر<br>2. مێ | گشت خێزانەکان |
| | | B4 | ناوبراو تەمەنی چەندە؟ | 0-کەمتر لە سفر ساڵ<br>95- سەروو تەمەنی 95 ساڵ<br>99= نازانم | گشت خێزانەکان |
| | | B5 | باری کۆمەلایەتی ناوبراو؟ | 1. هاوسەرگیری نەکردووە<br>2. هاوسەردار<br>3. بێوەژن/بێوەپیاو<br>4. دابراو<br>5. تەلاق دراو | گشت سەروو تەمەنی 12 |
| | | B6 | لە ماوەی 12مانگی رابوردوودا، ناوبراو بۆ ماوەی چەند مانگ لەو خانووەدا ژیاوە | ژمارەی مانگەکان سفر بنوسە ئەگەر لە مانگێك کەمتر بوو | گشت خێزانەکان |
| | | B7 | رەگەزنامەی ناوبراو؟ فرە هەلبژاردن | 1. عیراقی<br>2. سووری<br>3. وولاتانی تر | گشت خێزانەکان |

## A. پرسیارەکانی تایبەت بە روپێوی خێزانەکان (تەواوکەر)

| بابەتی سەرەکی | بابەتیی دووەمیی | # | پرسیارەکان | هەڵبژاردەی وەڵامەکان | دانیشتوانی وەڵامدەرەوە |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | پرسیارەکانی تایبەت بە روپێوی خێزانەکان | | |
| | | B8 | نەتەوەی سەرەکی ناوبراو ، یان رابردووی کەلتوری چیە؟ | 1. کورد<br>2. عەرەب<br>3. تورکمان<br>4. کلدانی<br>5. سریانی<br>6. ئاشووری<br>7. ئەرمەنی<br>8. نەتەوەی تر<br>9. خواستی وەڵام دانەوەم نیە | گشت خێزانەکان |
| | پەروەردە: ٦ ساڵ بەرەو سەر | C1 | توانای خوێندنەوەو نوسینی هەیە؟ | 1. دەخوێنێتەو و دەنوسێت<br>2. تەنها دەخوێنێتەوە<br>3. توانای خوێندنەوە و نوسینی نیە | گشت+ سەروو تەمەنی 6 |
| | | C2 | ئایا پەیوەستە بە چوون بۆ قوتابخانە | 1. بەڵێ ، 4 رۆژ یان زیاتر لە هەفتەیەکدا<br>2. بەڵێ ، 4کەمتر لە رۆژ لە هەفتەیەکدا<br>3. نەخێر | گشت+ سەروو تەمەنی 6 |
| | | C3 | ئەگەر (بەڵێ) بوو لە چ ئاستێك دایە؟ | 1. سەرەتایی (1-6)<br>2. ناوەندی (7-9)<br>3. ئامادەیی (10-12)<br>4. پەیمانگا<br>5. زانکۆ<br>6. خوێندنی بالا | گشت+ پەیوەست بوون سەروو تەمەنی 6 |
| | پەروەردە: ٦ ساڵ بەرەو سەر | C4 | (ئەگەر کەمتر لە 4رۆژ بوو لە هەفتەیەکدا، هەروەها لە 18کەمتربوو)هۆکاری سەرەکی پەیوەندی نەکردنی بە بەردەوامی یان هەرگیز پەیوەندی نەکردووە چیە؟ | 1. بە ئاسانی دەستیان بە قوتابخانە ناگات<br>2. ئاستی فێرکردن نزمە/نەهاتنی ماموستا<br>3. کاتەکانی خوێندن جیگیر نیە<br>4. خراپی مامەلە کردن لەلایەن ماموستاکان/خوێندکارەکانی تر<br>5. پێویستە کاربکات بۆ ئەوەی پشتیوانی خێزانەکەی بکات<br>6. پشتیوانی نەکردن لەلایەن خێزانەوە/ لەو باوەڕەدان خوێندن پێویست نیە<br>7. هاوسەرگیری پێش وەخت<br>8. نەخۆشی و کەم ئەندامی<br>9. کارکردن و یارمەتی دان لە کاروباری مالەوە<br>10. نەبوونی جێگا لە قوتابخانەکان<br>11. وەرنەگرتنی خویندکار لەلایەن قوتابخانەکانەوە<br>12. تێکەلاوی هەردوو رەگەز لە قوتابخانەکان<br>13. تێنەگەیشتن لە زمانی فێرکردن<br>14. تێچووی زۆر<br>15. نەبونی بەڵگەنامەی پێویست<br>16. باری ژیانی ئێستا کاتیە<br>17. قوتابخانەکان داخراون/ دەوام نیە<br>18. کاتی تۆمارکردنی نەهاتوە لە رووی تەمەنەوە<br>19. هۆکاری تر | گشت تەمەنەکان 1-6 کە بە شێوەیەکی بەردەوام پەیوەست بوون |
| | | C5 | بەرزترین ئاستی خوێندن کە بەدەستی هێناوە | 1. نیەتی<br>2. سەرەتایی (1-6)<br>3. ناوەندی (7-9)<br>4. ئامادەیی (10-12)<br>5. پەیمانگا<br>6. زانکۆ<br>7. خوێندنی باڵا | گشت سەروو تەمەنی 6 |
| | | C6 | ژمارەی سالانی خوێندن (دەرچوون یان دەرنەچوون) | | |
| | | C7 | ئایا بەشداریت کردووە لە هەر جۆرە خولێکی پیشەیی (وەك دوورمان، دارتاشی ، چاککردنەوەی مۆبایل) | 1. بەڵێ<br>2. نەخێر | گشت سەروو تەمەنی15 |

## A. پرسیارەکانی تایبەت بە روپێوی خێزانەکان (تەواوکەر)

| بابەتی سەرەکی | بابەتیی دووەمیی | پرسیارەکانی تایبەت بە روپێوی خێزانەکان | | | دانیشتوانی وەڵامدەرەوە |
|---|---|---|---|---|---|
| | | # | پرسیارەکان | هەڵبژاردەی وەڵامەکان | |
| بە ئامانی خێزان | کارمەندان: 15+ | D1 | کاری سەرەکی کەسەکە چی بووە لە ماوەی 30 رۆژی رابوردودا؟ | 1. فەرمانبەر<br>2. بۆ خۆی کاردەکات<br>3. بە کرێ کاردەدات<br>4. بۆ خێزان کاردەکات بەبێ کرێ<br>5. خوێندکارە و کاردەکات<br>6. خوێندکارە<br>7. کاری ماڵ دەکا<br>8. کارناکات، بە دوای کاردا دەگەرێت( پێشتر کاری کردووە)<br>9. کارناکات، بە دوای کاردا دەگەرێت( هەرگیز کاری نەکردووە پێشتر)<br>10. بە دوای کاردا ناگەرێت لەبەرنەبوونی بەلگەنامەی پێویست<br>11. بە دوای کاردا ناگەرێت، بێ هیوا بووە<br>12. ئارەزووی کارکردنی نیە<br>13. خانەنشینە/ بە ساڵاچووە<br>14. کەم ئەندامی / نەخۆشی<br>15. تەمەنی کەمە بۆ کارکردن<br>16. هی تر | گشت سەروو تەمەنی15 |
| | | D2 | کاری کەسەکە چی بووە لە ماوەی 30 رۆژی رابوردودا ؟ | 1. بەرێوەبەر<br>2. پیشەگەرایی<br>3. کاری هونەری و ، تایبەت بە پیشەگەرایی<br>4. کاری نوسینگەیی تایبەت بە فەرمانبەران<br>5. خزمەتگوزاری و فرۆشتن<br>6. کاری کشتوکالی، باخداری یان راوەماسی<br>7. کاری دەستی و بازرگانی<br>8. پیش پێکەری ئامیرەکان،بەستی ئامێرەکان<br>9. پیشە سەرەتاییەکان<br>10. کاری هێزە چەکدارەکان | سەروو تەمەنی 15 چالاکی هێزی کار |
| | | D3 | D3_1 لە ماوەی 30 ۆرۆژی رابوردودا کەسە لە چ شوێنێك کارە سەرەکیەی خۆی ئە ئەنجام گەیاندووە؟ | 1. کشتوکالی ، باخداری و راوەماسی<br>2. کانسازی و کانی بەردین<br>3. کارگەی دروست کردن<br>4. کارەبا، غاز، و کاری ئامێری هەواگۆرکێ<br>5. چالاکی دابین کردنی ئاو،ئاوەرۆ، بوارەکانی چاك کردن<br>6. بیناسازی<br>7. بازرگانی کۆ، فرۆشتن، چاکدرنەوەی ماتۆرسکیل و ئوتومبیل<br>8 گواستنەوە و عەمبار کردن<br>9. چالاکی نیشتەجی کردن و دابین کردنی خۆراك<br>10. زانیاری و پەیوەندی کردن<br>11. چالاکی دارایی و خزمەتگوزاری دلنیایی<br>12. چالاکی زەوی و خانوو فرۆشتن<br>13. پیشەگەری و زانستی و چالاکی هونەری<br>14. کارگیری و چالاکی خزمەتگوزاری پشتیوانی<br>15.کارگیری گشتی، بەرگری ، ئاسایشی کۆمەلایەتی<br>16. بواری فێرکردن<br>17. تەندروستی مرۆڤ و چالاکی کۆمەلایەتی<br>18. چالاکی کەیف خۆشی و هونەری<br>19. چالاکی خزمەتگوزارییەکانی تر<br>20.چالاکیەکانی سەرۆك خێزان وەك خاوەنکار و بەرهەم هێنان، بەکارهێنانی بۆ خوودی خێزان چالاکیە کانی خێزان وەك<br>21. چالاکی جیاوازی تایبەت بە رێکخراو دەستەکان | سەروو تەمەنی 15 چالاکی هێزی کار |
| | | D3 | D3_2 ؟ کەسەکە لە چ کەرتێکی کارکردندا کاری کردووە لە ماوەی 30 رۆژی رابوردودا ؟ | 1. کەرتی گشتی<br>2. کەرتی ناوخۆیی تایبەت<br>3. کەرتی نێودەولەتی تایبەت<br>4. تێکلاو<br>5. رێکخراوی ناحکومی/ناقازانجەکان<br>6. ریکخراوە ناحکومیە نێودەولەتیەکان/ناقازانجەکان | |
| | | D4 | کۆی بری پارەی وەرگیراو چەندبووە(بنەرەتی یان چاوەروان کراو) لە کارکردن مانگی رابوردوو (دیناری عێراقی) | بڕی پارە | سەروو تەمەنی 15 چالاکی هێزی کار |
| | | | D4_2 ئایا کەسەکە رووبەروی ئەو کێشانە بۆتەوە کە تایبەتن بە پێدانی پارە/مووچە لە ماوەی 30 رۆژی رابوردودا؟ | 1. نەدانی مووچە/ دواکەوتنی مووچە<br>2.کەم کردنەوەی مووچە<br>3. دواکەوتن و کەمکردنەوەی موچە<br>4. نەخێر | |

## A. پرسیارەکانی تایبەت بە روپێوی خێزانەکان (تەواوکەر)

| بابەتی سەرەکیی | بابەتیی دووەمیی | پرسیارەکانی تایبەت بە روپێوی خێزانەکان: # | پرسیارەکان | هەلبژاردەی وەلامەکان | دانیشتوانی وەلامدەرەوە |
|---|---|---|---|---|---|
| ئە ندامانی خێزان | کارمەندان: 15+ | D5 | ئایا کەسەکە لە ماوەی 30 رۆژی رابوردودا رێکەوتننامەی کارکردن یان کارکردنی هەمیشەیی واژۆ کردووە؟ | 1. بەلێ<br>2. نەخێر<br>3. نازانم | سەروو تەمەنی 15 چالاکی هێزی کار |
| | | D6 | رێگەی سەرەکی بۆ دەستکەوتنی کار یان گەران بە دوای کاردا چی بووە؟ | 1. پەیوەندی کردن بە نوسینگەی کارکدن<br>2. لە رێی وەلأم دانەوەی ریکلامی کارکردن<br>3. داواکردن لە هاورییان، خزم و کەس و کار یاخو هەرپەیوەندیەکی تر<br>4. پەیوەندی راستەوخۆ بە شوێنی کارکردنەوە<br>5. هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی شوێنێك بۆ کارکردن، ئامێر، سەرچاوەی دارایی/ قەزر بۆ دەست پێکردنی کارکردن ، یاخود روخستەی کارکردن<br>6. گەرانێکی چروپر لە پێناو دەستکەوتنی کاردا<br>7. هی تر | سەروو تەمەنی 15 چالاکی هێزی کار ئەوانەی بە دوای کاردا دەگەرێن |
| | | D7 | هۆکاری سەرەکی چی بووە بۆ دەست نەکەوتنی کار، یان نەویستنی کارکردن؟ | 1. بوونی خەلکی زۆر کە بەدوای کاردا دەگەرێن<br>2. خوێندەواری/نەبوونی توانستی تەواو بۆ کارکردن<br>3. هۆکاری یاسایی<br>4. دووری شوێنی کارکردن<br>5. جیاکاری لە مامەڵەکردن<br>6. نەبوونی پەیوەندی کەسی یان سیاسی<br>7. کاتی تەواو نیە بۆ گەران بە دوای کاردا<br>8. کەمی ئاستی کرێی کارکردن<br>9. نەخۆشی درێژخایەن و کەمئەندامی<br>10. بەربەرستی زمان<br>11. هی تر | سەروو تەمەنی 15 چالاکی هێزی کار ئەوانەی بە دوای کاردا ناگەرێن |
| پەناگە | جۆری پەناگە | E1 | جۆری شوێنی نیشتەجی بوونی خێزان؟ | 1. شووقە<br>2. خانوو<br>3. شوێنی نیشتەجێی ناجێگیر، خێوەت، پەناگای کاتی<br>4. کەرەڤانە<br>5. ناوەندێکی بە کۆمەڵ<br>6. باڵەخانەیەکی تەواو نەکراو/ چۆڵ<br>7. مێوانخانە<br>8. باڵەخانەی ئایینی<br>9. قوتابخانە<br>10. گەراج/پاشکۆی خانوو<br>11. هی تر | گشت خێزانەکان |
| | | E2 | ئایا شوێنی نیشتەجێ بوونەکەت هاوبەشی پێکردووە لەگەل خێزانیکی تردا ؟ | 1. بەلێ<br>2. نەخێر | گشت خێزانەکان |
| | ماف و ئاسایشی خاوندارێتی | E3 | جۆری سەرەکی خاوەندارێتی شوێنی نیشتەجێ بوون؟ | 1. خاوەندارە<br>2. کرێ یە<br>3. دابین کراوە وەك بەشێك لە کارکردن<br>4.میوانداری بە کرێ<br>5. میوانداری بێ کرێ<br>6. بێ کرێ دابین کراوە<br>7. داگیرکراوە | گشت خێزانەکان |
| | | E4 | (ئەگەر خاوەندارە یان بە کرێ وەرگیراوە) ئایا کەس لە خێزانەکە هەڵساوە بە واژوو کردنی بەلگەیەکی بەردەست بۆ خاوەندارێتی یان بەکرێ گرتنی شوێنی نیشتەجێ بوونەکە؟ | 1. بەلێ<br>2. نەخێر | گشت ئەوانەی کە بەکرێ وەرگیراون و خاوەندارن |
| | | E5 | (ئەگەر شوێنەکە بە کرێ بێت)کرێی مانگانەی چەندە بۆ زەوی و خانوەکە بە دیناری عێراقی؟ | برِی پارە | گشت ئەوانەی کە بەکرێ گرتویانە |
| | | E6 | ژمارەی ژوورەکانی خانوەکە چەندە جگە لە (تەوالێت و حەمام)؟ | کۆی ژمارەی ژوورەکان | گشت خێزانەکان جگە لەوانەی لە خیوەتدا دەژین |
| | | E7 | چەند ژوور بەکاردێت بۆ نوستن؟ | کۆی ژمارەی ژوورەکان | گشت خێزانەکان جگە لەوانەی لە خیوەتدا دەژین |
| | | E8 | ئایا خێزانەکەت رووبەری چۆڵ کردن بۆتەوە لەشوێنی نیشتەجێبوونی ئێستا لە ماوەی 12مانگی رابوردوودا؟ | 1. بەلێ<br>2. نەخێر | گشت خێزانەکان |
| | | E9 | ( ئەگەر روبەرووی چۆل کردن بونەتەوە لە ماوەی 12مانگی رابوردودا) هۆکاری سەرەکی بۆ چۆڵ کردن چی بووە؟ | 1. کرێی نەداوە<br>2. زیادبوونی کرێ<br>3. خاوەندار چیتر بە کرێی ناداتەوە<br>4. رووخاندنی یەکەی نیشتەجێ بوونەکە<br>5. پرۆژەی وەبەرهێنان<br>6. زۆری داوکاری دراوسێکان لەسەر رۆیشتن<br>7. هی تر | هەموو ئەو خێزانانەی کە خانویان چۆڵ کردووە |

## A. پرسیارەکانی تایبەت بە ڕوپێوی خێزانەکان (تەواوکەر)

| بابەتی سەرەکی | بابەتیی دووەمیی | پرسیارەکانی تایبەت بە ڕوپێوی خێزانەکان | | | دانیشتوانی وەلامدەرەوە |
|---|---|---|---|---|---|
| | | # | پرسیارەکان | هەلبژاردەی وەلامەکان | |
| | | E10 | ( ئەگەر ڕوبەڕووی چۆل کردن بۆتەوە لە ماوەی 12 مانگی ڕابردودا) لە چ گەرەکێك بووە. دیرێ دووەم (گەرەك/ناوچە و شار /شارۆچکە) | نوسین بە زمانی کوردی/ دابەزاندنی تەختە کلیلی کوردی بۆ تابلێتەکە | |
| دەستگەیشتن بە خزمەتگوزارییەکان | دەستگەیشتن بە خزمەتگوزاریی تەندروستی | F1 | ڕێژەی دەست کەوتنی خزمەتگوزارییە گشتیەکان چەندە وەك: ناوەندی تەندروستی/نەخۆشخانەکان | 1. زۆرباشە 2. باشە<br>3. مام ناوەندە 4. لە ئاستی پێویست نیە<br>5. خزمەتگوزاری نیە | گشت خێزانەکان |
| | | F2 | هۆکاری سەرەکی چی یە بە دیاری کردنی ئاستی نزم سەبارەت بە گەیشتن بە خزمەتگوزاری تەندروستی؟ | 1. زۆرباشە<br>2. باشە<br>3. مام ناوەندە<br>4. لە ئاستی پێویست نیە<br>5. خزمەتگوزاری نیە<br>1. دوورە لە شوێنی نیشتەجێ خێزان<br>2. توانای دارایی کەمە<br>3. ئاستی نزمی نۆرینگەکان<br>4. ئاستی نزمی خزمەتگوزاری دابین کراو<br>5. خزمەتگوزاری دابین کراو زۆر گونجاو نیە<br>6. بەربەستی زمان<br>7. جیاکاری لە مامەڵەکردن<br>8. کارنەکردنی دەزگا تەندروستیەکان/یان داخراون<br>9. هی تر | گشت ڕێژە نزمەکان |
| | | F3 | ژمارە و جۆری نەخۆشی و نەخۆشی دەروونی دیاری بکە لە خێزانەکەتدا | 1. هەوکردنی ڤایرۆسی جگەر<br>2. ئوتیزم<br>3. شێرپەنجە<br>4. پەستانی خوێن<br>5. شەکرە | |
| | | F4 | ژمارەی جگەرە کێشان لە خێزانەکەتدا | | |
| | دەستگەیشتن بە ووزە | F5 | سەرچاوەی سەرەکی خێزان چی یە بۆ خواردن لێنان؟ | 1. تۆری کارەبای گشتی<br>2. مۆلیدەی هاوبەش<br>3.مۆلیدەی تایبەت<br>4. غاز<br>5. سەرچاوەکانی تر<br>6. خواردن لێنانێت | گشت خێزانەکان |
| | | F6 | F6_1 سەرچاوەی سەرەکی خێزان چی یە وەك گەرم کەرەوە؟ | 1. تۆری کارەبای گشتی 2. مۆلیدەی هاوبەش<br>3. مۆلیدەی تایبەت 4. غاز<br>5. گەرم کەرەوەی نەوت 6. سەرچاوەکانی تر<br>7. گەرم کەرەوە نیە | گشت خێزانەکان |
| | | | F6_2ئەگەر هەبوو، سەرچاوەی دووەمی گەرم کەرەوە چی یە بۆ خێزان؟ | 1. تۆری کارەبای گشتی<br>2. مۆلیدەی هاوبەش<br>3. مۆلیدەی تایبەت<br>4. غاز<br>5. گەرم کەرەوەی نەوت<br>6. سەرچاوەکانی تر<br>7. سەرچاوەی دووەم نیە | |
| بژێوی و باری خۆگونجاند | ئابووری خێزان ( سەرچاوە، مە سرە | G1 | کام لەم سەرچاوانە خێزان لە ماوەی 30 ڕۆژی ڕابوردودا بەکاری هێناوە ، هەروەها دەست کەوتی چەندبووە لە هەر سەرچاوەیەك بە دیناری عێراقی؟<br><br>*ئەگەر خێزان سەرچاوەیەکی داهاتی دیاری کراوی نەبوو 0 بنوسە/بە بەتاڵی بەجێ بهێڵە، ئەگەر نا بڕی پارەکە بە دیناری عێراقی بنوسە لە تەنیشت هەر سەرچاوەیەك* | 1. داهات لە کرێ/موچە<br>2. داهات لە دەستکەوتی کارکردن(وەك مامەلەکردنی بچوك، دەست کەوتەی خێزانی)<br>3. پشتگیری لە ئەندامانی خێزان لە دەرەوەی وولات(ناردنەوەی پارە)<br>4. خانەنشینی<br>5. یارمەتی دارایی (بە پارە) لەلایەن حکومەتەوە/ UN/NGO<br>6. داهات لە کرێ وەرگرتنەوە<br>7. فرۆشتنی کەل و پەلی خۆیان<br>8. سوودوەرگرتن لە قەرز(فەرمی یان لە خێزان/کەس و کار)<br>9. سوود وەرگرتن لە پاری دانراو<br>10. لە خێرخوازی ( بۆ نمونە وەك زەکات یان پشتگیری لەلایەن دەوروبەر و دراوسێکان...هتد)<br>11. گەران و سواڵ<br>12. هی تر | گشت خێزانەکان |
| | | G2 | ئایا هیچ کام لە ئەندامانی خێزانەکەت قەرزێکی نەدراوەی لایە/یاخود برە پارەیەکی وەرگرتبێت و پێویستەلەسەری کە بیگەرێنێتەوە؟ | 1. بەڵێ<br>2. نەخێر | گشت خێزانەکان |

## A. پرسیارەکانی تایبەت بە روپێوی خێزانەکان (تەواوکەر)

| بابەتی سەرەکی | بابەتی دووەمیی | # | پرسیارەکانی تایبەت بە روپێوی خێزانەکان: پرسیارەکان | پرسیارەکانی تایبەت بە روپێوی خێزانەکان: هەڵبژاردەی وەڵامەکان | دانیشتوانی وەلامدەرەوە |
|---|---|---|---|---|---|
| | ئابوری خێزان ( سه رچاوه، مه سره ڤیات، ڤه رز) | G3 | G3_1مەبەستی سەرەکی خێزان چی یەلە وەرگرتنی پارە؟ | 1. بۆ کارکردن<br>2. بۆ بەکارهێنانی پێداویستەیکانی خودی خۆی وەك(خواردن و جل وبەرگ)<br>3. کرێن و چاکسازی کرن لە شوێنی نیشتەجێ بوون<br>4. کاروباری ئایینی/هاوسەرگیری/کاروباری تایبەت بە مردن<br>5. بۆ بەکارهێناتی درێژخایەن وەك (ئوتومبیل)<br>6. دانەوەی قەرز<br>7. کیڵگەو / مەبەستی کشتوکاڵ<br>8. بۆ کرێی خانوو<br>9. هی تر<br>10. نازانم | All Indebted |
| | | G3 | G3_2 هۆکاری دووەمی خێزانەکە چیە لە وەرگرتنی قەرز؟ | 1. بۆ کارکردن<br>2. بۆ بەکارهێنانی پێداویستەیکانی خودی خۆی وەك(خواردن و جل وبەرگ)<br>3. کرێن و چاکسازی کرن لە شوێنی نیشتەجێ بوون<br>4. کاروباری ئایینی/هاوسەرگیری/کاروباری تایبەت بە مردن<br>5. بۆ بەکارهێناتی درێژخایەن وەك (ئوتومبیل)<br>6. دانەوەی قەرز<br>7. کیڵگەو / مەبەستی کشتوکاڵ<br>8. بۆ کرێی خانوو<br>9. هی تر<br>10. نازانم<br>11. هۆکاری دووەم نیە | |
| | | G3 | G3_3 جگە لە قەرز وەرگرتن، ئایا خێزانەکەت ڤیستی لەسەرە؟ | 1. بەڵێ<br>2. نەخێر | |
| | | G3 | G3_4 هۆکاری سەرەکی ڤیستەکە چیە؟ | 1. نیشتەجێ بوون<br>2. هاوسەرگیری<br>3. ئامێری درێژخایەن، موبیلیات، ئۆتۆمبیل<br>4. پرۆژەی بچوك<br>5. هی تر | |
| | | G4 | G4_1 لە ماوەی 12 مانگی رابوردودا ئایا خێزانەکەت هیچ یارمەتیەکی دارایی وەرگرتووە بە پارە یان هەر جۆریکی تر؟ | 1. بەڵێ<br>2. نەخێر | گشت خێزانەکان<br>گشت ئەو یارمەتیانەی کە وەرگیراون |
| | | G4 | G4_2 ﴿ئەگەر بەڵێ بوو﴾ سەرچاوەی سەرەکی هاوکارییەکە چی یە کە خێزان وەریگرتووە؟ | 1. هاوکارییەکانی UN<br>2. هاوکارییەکانی حکومەت<br>3. ریکخراوە ناحکومیەکان<br>4. خێرخوازی<br>5. هاورێ و خزم و کەسوکار<br>6. هی تر<br>7. هیچی وەرنەگرتووە | |
| بژێوی و باری خۆگونجاندن | شێوازەکانی مامەڵە و کاردانەوە | G5 | ئایا خێزانەکەت روبەوری یەکێك لەم بارە گرژییە ئابوورییانە بۆتەوە لە ماوەی 12 مانگی رابوردودا. ئەگەر زیاتر لە یەکێك هەبوو، ئەو حاڵەتە دیاری بکە کە زیاترین کریگەری هەبووە لە سەر ئابوری خێزانەکەت؟<br>هێڵی دووەم (لیستی وەڵامدەرەوە بخوێنەرەوە) | 1. لە دەست دانی چاوەروانەکراوی کار یان نەمانی کار<br>2. کەمبوونەوەی کاتژمێرەکانی کارکردن<br>3. پارە نەدان یان دواکەوتن لە پێدانی پارە<br>4. برین یان کەمبونەوەی یارمەتی لە خزمان و هاورییان<br>5. بەرزبوونەوەی کرێی خانوو<br>6. چۆڵ کردنی بە زۆر یان لە دەست دانی کەل وپەل<br>7. لە دەست دانی بەرهەمی مەرومالات، گەنم و دانەوێلە یان هەر بەرهەمێکی کشتتوکال تر<br>8. لە دەست دانی یەکێك لە ئەندامانی خیزانەکە<br>9. نەخۆشیە یان برینداربونێکی سەخت کە توشی ئەندامانی خێوانەکە بووە(هەروەها خوّت دەگرێتەوە)<br>10. لێك هەڵوەشانی خێزان<br>11. کەم بوونەوە یان راگرتنی هاوکارییەکان<br>12. خەرج کردنی تەواوی پارەی پاشەکەوت<br>13. نەبوونی حالەتێکی کتوپری سەخت | گشت خێزانەکان |
| | | G6 | وەڵامی سەرەکی خێزانەکەت چی بووە لە بەرامبەر گونجاندن لەگەل ئەو تەنگەشە ئابورییانە؟ | 1. پشت بەستن بە پارەی نەختی یان هەر جۆریکی تر لەلایەن کەسانی ترەوە.<br>2. پشت بە ستنی بە پارەی پاشەکەوتکراوی خۆم<br>3.کەم کردنەوەی کرینی خواردەمەنی<br>4.کەم کردنەوەی خەرجی تەندروستی/ خوێندن<br>5. زیادکردنی بری کارکردنی ئەندامانی خێزان یاخود زیادکردنی ئەندامانی خێزان<br>6. دەرکردنی منداڵان لە پرۆسەی خوێندن<br>7. کۆچ کردنی ئەندامانی خێزان یان منداڵ<br>8. قەرزوەرگرتن<br>9. فرۆشتنی موڵك و ماڵ(خانوو،زەوی، ئالتون)<br>10. سواڵ<br>11. هیچ کاردانەوەی نەبووە<br>12. هی تر | گشت ئەوانەی کە توشی ئەو نەهامەتیانە بوون |

## A. پرسیارەکانی تایبەت بە ڕوپێوی خێزانەکان (تەواوکەر)

| بابەتی سەرەکی | بابەتیی دووەمیی | # | پرسیارەکانی تایبەت بە ڕوپێوی خێزانەکان: پرسیارەکان | هەلبژاردەی وەلامەکان | دانیشتوانی وەلامدەرەوە |
|---|---|---|---|---|---|
| | | G7 | ئایا خێزانەکەت توشی تەنگەشە هاتووە لە پێدانی کرێی خانوو کەلە ماوەی 6مانگی ڕابوردودا ڕووی دابێت؟ | 1 بەڵێ<br>2. نەخێر | گشت ئەوانەی کە کریچین |
| | پارەی خەرج کراو | G8 | بری پارەی خەرج کراو بە نزیکەیی بنوسە بە دیناری عێراقی کەل ماوەی 7 ڕۆژدا بۆ خواردن خەرجت کردووە؟ | | گشت خێزانەکان |
| | | G9 | بری پارەی خەرجکراو بنوسە لە ماوەی 30 ڕۆژی ڕابوردودا بە دیناری عێراقی سەبارەت بابەتەکانی تەندروستی( وەك دەرمان، هەر چارەسەرێکی تر )؟ | | گشت خێزانەکان |
| | | G10 | بری پارەی خەرج کراو بنوسە بەدیناری عێراقی ، لە ماوەی 30 ڕۆژی ڕابوردودا بەمەبەستی بەکارهێنانی ئاو و کارەبا، هەروەها کرینی ئاو بۆ خواردنەوە؟ | | گشت خێزانەکان |
| | | G11 | بری پارەی خەرجکراو بە دیناری عێراقی بنوسە کە خێزانەکە خەرجی کردووە لە ماوەی 30 ڕۆژی ڕابوردودا بەمەبەستی کرینی سوتەمەنی بۆ ئامادەمادەکردنی خواردن و گەرمکردنەوە هەروەها گواستنەوە (تاکسی ، پاس،هتد) | | گشت خێزانەکان |
| | | G12 | بری پارەی خەرجکراو بنوسە بە دیناری عێراقی کە خێزان خەرجی کردووە بەمەبەستی کاروباری پەیوەندیدار بە خوێندنەوە( پارەی قوتابخانە،جل وبەرگی خوێندن،و پێداویستی تر) لە ماوەی 30 ڕۆژی ڕابوردودا | | گشت خێزانەکان |
| | | G13 | بری پارەی خەرج کراو بنوسە بە دیناری عێراقی کە خێزان سەرف کردووە بۆ مەبەستی شوێنی نیشتەجێ/ چاککردنەوەی پەناهەندە لە ماوەی 30 ڕۆژی ڕابوردودا . | | گشت خێزانەکان |
| بژێوی و باری خۆگونجاندن | پارەی خەرج کراو | G14 | کاری کەسەکە چی بووە لە ماوەی 30 ڕۆژی ڕابوردودا ؟ | | |
| | | G15 | بری پارەی خەرج کراو بنوسە بە دیناری عێراقی کە خێزان خەرجی کردووە بۆ پێداویستیەکانی تر لە ماوەی 30 ڕۆژی ڕابوردودا . | | گشت خێزانەکان |
| تێکەڵبوون و کارلێکە ڕۆژانەییەکان | پەیوەندییەکانی نێوان گرووپەکانی دانیشتوان | H1 | هیچ بابەتێك دەبێتە هۆکار جیاکاری لە نێوان ئاوارە سورییەکان، ئاوارەی ناوخۆیی و خەڵکانی خانە خوێ لە ناوچەکەی تۆدا؟ | 1 بەڵێ<br>2. نەخێر | گشت خێزانەکان |
| | | | دێری دووەم (دوو هۆکار دیاری بکە کە گرنگترین کێشەن) | 1. جیاکاری بوونی نیە<br>2. کەمی شوێنی نیشتەجێ بوون/بەرزی کرێ خانوو<br>3. کەمی کار<br>4. زۆری بەکارهێنانی سەرچاوەکانی وەك (ئاو ، خواردن، کارەبا، هتد)<br>5. زۆری بەکارهێنانی خزمەتگوزارییە گشتیەکان وەك (خویندن، تەندروستی)<br>6. هاوکارییە ئاراستە کراوەکان و یارمەتیەکانی دەرەوە<br>7. جیاوازی نەتەوەیی و ئاینی<br>8. جیاوازی کەلتوری | |
| | بۆچوونەکان دەربارەی ئاسایش و دڵنیایی | H2 | ئایا ئەندامانی خێزانەکەت توشی دەست درێژی جەستەیی بوو لە ماوەی 6مانگی ڕابوردودا؟ | 1. بەڵێ<br>2. نەخێر | گشت خێزانەکان |
| | | H3 | ئایا چەندە هەست بە سەقامگیری و ئارامی دەکەیت لەو ناوچەیەی کە تیایدا دەژیت؟ | 1. زۆر ئارامە<br>2. ئارامە<br>3. ناسەقامگیرە<br>4. زۆر ناسەقامگیرە | گشت خێزانەکان |
| | مێژووی کۆچکردن | I1 | ئایا خیزانەکەت ڕوبەڕووی ڕاگواستن بۆتەوە تا ئێستا ؟ | 1. بەڵێ<br>2. نەخێر | گشت خێزانەکان |
| | | I2 | I2_1 «ئەگەر بەڵێ یە» زێدی ڕەسەنت چ شوێنێکە ؟ | 1. عێراق<br>2. سوریا<br>3. وولاتی تر | I2_1 گشت دانیشتوان |
| | | | I2_2 زێدی ڕەسەنت لە چ پارێزگایەکی عێراقە؟ | 18 پارێزگاکانی عێراق | هەموو ڕاگواستراوانی کەرکوك، موصل، دیالی، و سلاح الدین |
| | | | I2_3_1 لە چ قەزایەك لە دیالە؟ | قەزاکان -هەلبژێرە لە لیستەکەدا | |
| | | | I2_3_2 لە چ قەزایەك لە کەرکوك؟ | قەزاکان -هەلبژێرە لە لیستەکەدا | |
| | | I3 | I3_1 «ئەگەر بەڵێ یە» کەی خێزانەکەت ڕوبەڕوی ڕاگواستن بۆوە لە زێدی ڕەسەنت؟<br>دێری دووەم (بەرواری دوایین ڕاگواستن) | هەموو ڕۆژنامەکە وەرگرە بەردەوام بە لەسەر ساڵەکە دووبارەی بکەرەوە | |
